گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٠)- (٢٥)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٤

سەرۆك بارزانی لە كۆڕبەندی MEPS -2024:

# ئەگەر بڕوامان بە خۆمان نەبێت و ئامادە نەبین بۆ هەموو فیداكارییەك كەس ناتوانێت هیچمان بۆ بكات



رێگەی ڕاست بۆ چارەسەركردنی هەموو گرفتەكان ئاشتی و لێكتێگەیشتنە و بە شەڕ هیچ ئەنجامێك بەدەست نایەت

بە هەر بەهایەك بێت، نابێت عێراق لە شەڕی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگلێت




# سەردانەکەمان بۆ ئیستانبوڵ لە ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١١

١٣٨


لەسەر بانگهێشتی حکوومەتی تورکیا، ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ سەردانی ئیستانبوڵمان کرد و یەکەم کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ ئەحمەد داودئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو. لە کۆبوونەوەکەدا دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و عێراق تاوتوێ کران. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیاش تەوەرێکی تری گفتوگۆکان بوو. ڕا و بۆچوونەکانمان سەبارەت بە بابەت و پرسەکانی ناوچە و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان لێک نزیک بوون. دوای کۆبوونەوەکە داودئۆغڵو ڕاستەوخۆ سەفەری حەجی کرد.

ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١، چاوم بە شاندێکی هەدەپە کەوت کە پێک هاتبوو لە ئەحمەد تورک و سەڵاحەدین دەمیرتاش و ئایسەل. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئاکەپە کرا و جەخت لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان کرایەوە. هەروەها بە پێویست زانرا هەموو لایەنەکان بە توندی دژی شەڕ بوەستنەوە و داکۆکی لەسەر برایەتی و پێکەوەژیان بکرێتەوە. ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەگەڵ عەبدوڵڵا گول، سەرۆککۆماری تورکیا کۆ بووینەوە، دانیشتنێکی دۆستانە و کراوە بوو و لە کەشێکی برایانە بەڕێوە چوو و باس لە بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و دواگۆڕانکارییەکان کرا. هەروەها لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگانیش کۆ بووینەوە و گفتوگۆیەکی ورد لەسەر ئەم بابەتانە کرا:

- پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا.
- پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.
- بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.
- بارودۆخی سووریا.

لە بەشێکی دیدارەکەدا ئەردۆگان خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا بەهۆی وتارەکەم لە کەرکووک کە بە تورکمانەکانم ڕاگەیاندبوو: (من ئامادەم بەرگریتان لێ بکەم و دژی هەر دەستدرێژی و زوڵمێک دەوەستینەوە کە دەکرێتە سەرتان، یان لەدژی مافەکانتان بێت).

# چاپکراوی نوێ




بەرگی یانزەیەمی کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی (نەجمەدین عەزیز سمایل) بە بەرگێکی ناوازە و بە (٥١١) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك کە ناو و ژیاننامە و چالاکییەکانی ژمارەیەك نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامە و لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و دارِشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرو کەسایەتییە کردووە. ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە و بە سوود وەرگرتن لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و وێنە و ئەرشیڤەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نووسەرو شانۆنووس و ڕۆشنبیری بەئەزموونی گەلەکەمان مامۆستا حەمەکەریم هەورامی پێشەکی بەرگی کتێبەکەی نووسیوە بە ناونیشانی (چەند وشەیەك بۆ پێشەکی بەرگی یانزەهەمی خۆم و ئەستێرە گەشەکان) کە دەڵێت: «هێنانەئارای ئەو پرۆژەیە ئاسانکارییەکی بەردەستە بۆ توێژەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب و هونەر و سیاسەت و کۆمەڵایەتی... تاد، ئەوانە هەرکات بیانەوێت بەڵگەکاری لەسەر کەسایەتییەکی ناسیاو و خاوەن بەرهەم بکەن بە ئاسانی و بێ دامان دەتوانن کەسەکە بە ناوی خۆی و زێد و ژیان و کارەکانییەوە لەوێدا بدۆزنەوە».

ئەوەی جێی ئاماژەیە لەم بەرگەدا ناو و بەرهەمی (٧٣) نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس هاتووە، جگە لە بیبلۆگرافیای هەر (١١) بەرگ کە ئاسانکارییە بۆ توێژەر و ڕۆشنبیران کە دەیانەوێت زانیاری دەربارەی هەموو ئەو کەسایەتییانە بزانن کە لە بەرگەکانی پێشوو بڵاوکراونەتەوە، کاری هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی لەلایەن هاوکارمان بەهادین جەلال مستەفا و دیزاییینی بەرگ و ناوەوەی لەلایەن عوسمان پیرداود ئەنجام دراوە، لە ئێستاشدا نووسەر سەرقاڵی ئامادەکردنی ژیاننامە و چالاکییەکانی ژمارەیەکی دیکەی ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکانە بۆ بەرگی دوازدەیەم کە هیواخوازە لە ئاییندەیەکی نزیکدا چاپ بکرێت. دەستخۆشی بۆ نووسەر (نەجمەدین عەزیز سمایل) بە هیوای بەرهەم و سەرکەوتنی بەردەوام.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


*Web: www.gulanmedia.com*

دادوەر بەشدار مەجید :



**قەڵاچۆکردنی مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە ئیرادەی سیاسی و کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر هەیە**

پ. ی. د. نەرمین مەعرووف :



**زیادکردنی تەرخانکراوی برگەکانی بوودجە و چارەسەرکردنی کێشەی پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە**

د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی



**تێڕوانینێک بۆ وتارەکەی سەرۆک بارزانی**


**ئامادە نین دەست لە دین و مەزهەب و دابونەریتی خۆمان هەڵبگرین**

پرۆفیسۆر کریستۆفەر جەی فێتەویس :



**ڕەنگە شێوازی سەرشێتانەی بڕیاردانی ترەمپ لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بشکێتەوە**

د. گۆڤەند شیروانی :



## تەنیا بۆ جێبەجێکردنی خواست و ئەجندەی دەرەکی لە ڕاگرتنی نەوتی هەرێم زیانی ٢٠ ملیار دۆلار بەر عێراق کەوتووە

## دەستکەوتەکانی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەخرێنەڕوو



## کاتژمێری زیرەکی تایبەت بە منداڵان




## قاوە و سەرئێشە



ڕاز عەلی :

## کاراتێ دوورە لە شەرانگێزییەوە



## لە بیستەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی زیورخ فیلمی «شاردنەوەی سەدام حوسێن» نمایش کرا




MIDDLE EAST
PEACE AND SECURITY



## پێنجەمین کۆڕبەندی MEPS -2024

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو شەڕێکی سەخت و وەرچەرخانی گەورەدایە

«دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەو دابەشکردنەی کە سەرلەنوێ لە ناوچەکە ئەنجام درا، باوەڕ ناکەم بە دڵی هیچ کام لە نەتەوەکانی «کورد، عەرەب، تورک، فارس» بووبێ، واقیعێک بوو و فەرز کرا، بەڵام لەمەدا غەدر و زوڵمی گەورە بەر کورد کەوت. بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ ئینکاری بوونی نەتەوەی کورد کرا، کوردیش ١٠٠ ساڵ بەرخۆدانی کرد، نە ئینکاری بوونی کورد، نە کوردیش توانی ئەو واقیعە بگۆڕێ. ئەمە چیمان پێ دەڵێ؟ دەڵێ: دەبێ دانیشین و بیر لە چارەسەری ئاشتییانە و برایانە و ڕێز لە یەکتریگرتن و یەکتری قبووڵکردن بکەینەوە. ئەمەیە ڕێگەی ڕاست بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە..

ئێمە زۆر زۆر خۆشحاڵین کە دەبینین دیسان دەنگوباسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەستی پێکردووەتەوە و لە هەر کوێیەک، هەر چارەسەرێک بۆ پرۆسەی ئاشتی هەبێ، ئێمە بە هەموو توانایەک پشتگیری دەکەین و لەگەڵی دەبین. ئێمە دەبێ دەستی ئاشتی بۆ هەموویان درێژ بکەین. ئێمە دەبێ داوای برایەتی بکەین، داوای چارەسەری ئاشتییانە بکەین. من پێموایە ئێستا زەمینە لەبارە هەموو لایەکیش ئامادەیە و زۆر زۆر زیاتر لە جاران.


ئالنگارییەکان زۆرن، لەگەڵ ئەوەی تیرۆر هێشتا ئالنگارییەکی گەورەیە، بەڵام بە لای منەوە ئالنگاریی ئێستا کە لە هەموو ئالنگارییەکان گەورەترە، بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە لە ناوچەکە کە لە هەموو شتێک مەترسیدارترە و بەداخەوە ئێستا زۆر لایەن کە دەسەڵاتیان هەیە، دایدەپۆشن، کارخانە دروست دەکرێ بۆ دروستکردنی مەوادی هۆشبەر و ناتوانن هیچی لێ بکەن، بازرگانییەکی ئازادانەی پێ دەکرێ، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و ئەمە کوشتنی نەتەوەیەکە. لەبەر ئەوە من تەمەننا دەکەم، هەموو دەوڵەتان، هەموو لایەنەکان، هەرچی خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ، بە جددی لەسەر ئەم بابەتە بوەستن و حەددێک بۆ ئەمە دابنرێ، پێش ئەوەی کە کارەسات لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

بە ئەزموونی خۆم بۆم دەرکەوتووە، ئەگەر بڕوامان بە خۆمان نەبێ، خۆمان نەبین، ئامادە نەبین بۆ هەموو فیداکارییەک، کەس ناتوانێ هیچمان بۆ بکات.

لە کاتێکدا دۆستەکانی ئێمە دەتوانن پشتگیریی ئێمە بکەن، کە خۆشمان هەبین و بزانین چ دەکەین. لە هەمان کاتیشدا دەبێ واقیعبین بین و دەبێ بزانین هەنگاو بۆ کوێ دەنێین.

**سەرۆک بارزانی**

لە کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
٢٢ی تشرینی دووەم ٢٠٢٤ زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان – دهۆک





### • گرنگیی کۆڕبەندی MEPS بۆ ئێستای بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە

لە ڕۆژی ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤، پێنجەمین کۆڕبەندی «کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان لە پارێزگای دهۆك دەستی بە کارەکانی کرد و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

بۆ ئەم کۆڕبەندە زیاتر لە ١٢٠ سەرۆك و سەرکردە و سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و توێژەری ئەکادیمیستی ناوەندەکانی توێژینەوە لە ٤٠ دەوڵەتەوە بانگهێشت کرابوون. بێجگە لە چەندین وتار کە لەلایەن کەسایەتییە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە پێشکەش کران، چەندین پەنێلی گرنگیش لەسەر پرسی ئاڵۆزیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و جیهان پێشکەش کران.

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەم کۆڕبەندە و لە پەیڤێکی کورتدا کە تۆڕی سۆشیال میدیای ئێکس بڵاوی کردووتەوە، نووسیویەتی: «ئێمە هەرگیز کۆڵ نادەین و خۆڕاگر دەبین، ئەمەش چیرۆکی ئێمەیە». ئەم پەیڤەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مەغزایەکی قووڵی هەیە و وەك پەیامێك ئاراستەی بەشداربووانی کۆڕبەندی «ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»ی کرد، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە نابێت مرۆڤ لە کاتی تەنگژە و ئاڵۆزیی سەختدا چۆك دابدات و تەسلیم بێت، بەتایبەتی کە ئێستا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی شەڕی کراوەی نێوان ئیسرائیل و حەماس بارودۆخێکی هێندە ئاڵۆز و مەترسیدار دروست بووە، کە چاوەڕوانی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراوی لێدەکرێت و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شەڕەکە فراوانتر دەبێت و هەتا ئێستا بێجگە لە هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیل بە درۆن و مووشەك بۆ سەر یەکتری، لە هەمان کاتدا شەڕەکە گەیشتووەتە ناو خاکی لوبنان و سووریا و، وەك فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراقیش بە کۆڕبەندەکەی ڕاگەیاند: «بە ڕێگەی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، نامەیەکی هەڕەشەئامێزی ئیسرائیلمان – بە نووسراو- بۆ هاتووە و هیچ دوور نییە کە ئیسرائیل چەند هێرشێك بۆ سەر عێراق ئەنجام بدات»، لەمەش زیاتر پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆك وەزیرانی پێشتری تورکیا کە میوانێکی دیکەی ئەم کۆڕبەندە بوو، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند «بە دوور نازانرێت بە هۆی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ئەوروپا، سیناریۆی شەڕێکی جیهانی دووبارە دابڕێژرێتەوە، هەروەك چۆن لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بە ڕێگەی سیناریۆی پەیمانی «سایکس – پیکۆ» سەرلەنوێ نەخشەکەی دارشتەوە و لە ساڵی ١٩٤٨یش دەوڵەتی ئیسرائیلی دامەزراند و، پاشان شەڕی ساردی بەدوای خۆیدا هێنا، لە ئێستاشدا مەزندەی ئەوە دەکرێت، ئەم شەڕەی ئێستا بەردەوامیی هەیە، جارێکی دیکە گۆڕانکاری لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، بەڵام ئەم جارە دەبێت خۆمان «خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بە دەستی خۆمان ئەم کارە بکەین و ڕێگە نەدەین هێزی دەرەکی بە سەرماندا بیسەپێنن».

لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەموو هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە غەززە و لوبنان بە هۆی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، شکستی هێناوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆڕبەندەکەی ڕاگەیاند، دەبێت وەك خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە بکرێت و، دەبێت بەرهەمی ئەم پەنێڵ و گفتوگۆیانەی لەم کۆڕبەندەدا لەلایەن کەسانی بڕیاربەدەست و ئەکادیمیست و پسپۆڕانی جیهانەوە پێشکەش دەکرێن، بە وردی توێژینەوەی لەسەر بکرێت و وەك پێشنیار و ڕاسپاردە پێشکەش بکرێن، بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێك لە چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهانی گرتووەتەوە.

پرسێکی دیکە کە لەم کۆڕبەندەدا جێگەی بایەخ بوو، پرسی دووبارە هەڵبژاردنەوەی

> ■ ئالنگاریی ئێستا کە لە هەموو ئالنگارییەکان گەورەترە، بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە لە ناوچەکە کە لە هەموو شتێک مەترسیدارترە

> ■ ئێستا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی شەڕی کراوەی نێوان ئیسرائیل و حەماس بارودۆخێکی هێندە ئاڵۆز و مەترسیدار دروست بووە، کە چاوەڕوانی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراوی لێدەکرێت

> ■ فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق بە کۆڕبەندەکەی ڕاگەیاند: «بە ڕێگەی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، نامەیەکی هەڕەشەئامێزی ئیسرائیلمان – بە نووسراو- بۆ هاتووە و هیچ دوور نییە کە ئیسرائیل چەند هێرشێک بۆ سەر عێراق ئەنجام بدات»

دۆناڵد ترەمپ بوو بۆ سەرۆکی ئەمریکا، کە ئەمەش گۆڕانکاری زۆر گەورە لە سیاسەتی ئیدارەی کۆشکی سپی بەرانبەر جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات و، سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕاشکاوانە بە کۆڕبەندەکەی ڕاگەیاند: «هەموومان چاوەڕوانی ئەوەین، تا بزانین کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ ئەمریکا، دونیا بەرەو کوێ دەچێ، هەموو تەوەقوعات ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو بەڕێز ترەمپ جیاوازییەکی زۆری دەبێ لەگەڵ ئیدارەی سەرۆك بایدن، بە هەر حاڵ ئومێدەوارین هەرچییەك دەبێ، خێری تێدا بێ بۆ جیهان و بۆ ناوچەی ئێمەش».

بێگومان جیهان، ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ماوەی سەرۆکایەتیی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ لە «٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ هەتا ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١» هەبووە. گرفتی سەرەکی لەگەڵ سیاسەتی ترەمپ وەك بیرمەندی ئەمریکی فەرید زەکەریا ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە «سیاسەتەکانی ترەمپ پەیوەستە بە مەزاجی کەسایەتیی ئەم سەرۆکەوە، نەك پرۆگرامەکەی. ئەو بەپێی مەزاجی خۆی مامەڵە لەگەڵ پرسەکان دەکات و، نازانرێت بەرنامەی پلانی داهاتووی چی دەبێت»، لەمەش زیاتر کە مەزندەکان قورستر دەکات، ئەوەیە هاتنەوەی ئەمجارەی ترەمپ وەك سەرۆکی ٤٧ـەمینی ئەمریکا، زۆر لە جاری پێشوو جیاوازترە. لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا جیا لەوەی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکای لە کامیلا هاریسی کاندیدی دیموکراتەکان بردەوە، لە هەمان کاتدا پارتی کۆماریی ئەمریکاش لە هەر دوو ئەنجومەنی «نوێنەران و سەنات» زۆرینەیە، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی ترەمپ لە بڕیاردانە سەیرەکانی هیچ ڤیتۆیەکی لە بەردەمدا نەبێت و، بەپێی دەستووری ئەمریکیش هیچ سەرۆکێك لە جیهاندا وەك سەرۆکی ئەمریکا دەسەڵاتەکانی فراوان و بێ سنوور نین. ئەوەی تا ئێستا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکای سنووردار کردووە، ئەوەیە چەند بەربەستی لە ڕێگەی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و سەناتەوە بۆ دروست دەکرا و ڕێگە نەدەدرا چۆن بیەوێت، بەو جۆرە بڕیار بدات، بەڵام لە خولی سەرۆکایەتیی ئەمجارەدا ترەمپ هیچ بەربەستێك لەبەردەمیدا نابێت.

لە ناو وێنە گەورەکەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو مەزندە و پێشبینییانەی بۆ گۆڕانکاری لەسەر ئاستی جیهان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کۆڕبەندی ئەمساڵی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە زانکۆی ئەمریکی کوردستان- دهۆك، چەندین پەیامی ڕاشکاوانەی بە جیهان ڕاگەیاند، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵیان دەکەین:

١- لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئۆڵمپیادی پاریس لە تەمووزی ڕابردوو، سەرۆکی ڕێکخراوی ئۆڵمپیادی نیودەوڵەتی، ئەم پەیامەی بە جیهان ڕاگەیاند: «لەو کاتەی لە هەموو شوێنێکی ئەم هەسارەی لەسەری دەژین، شەڕە، یەکتری قبووڵکردن و لێبووردەیی بوونی نەماوە، بەڵام لەناو گوندە جوانەکەی ئۆڵمپی لە پاریس نوێنەرانی زیاتر لە ٢٠٠ دەوڵەت بە گیانی یەکتری قبووڵکردنی وەرزشییەوە یەکتری لە ئامێز دەگرن و، بە فرمێسکی کاتی وەرگرتنی مەدالیای زێڕ، یەکتری لە ئامێز دەگرن. لەم گوندە زمانێك دروست بووە کە زمانی «ئۆڵمپی»یە و هەموو نەتەوە و زمانە جیاوازەکان پێکەوە قسەی پێدەکەن و لێی تێدەگەن». کۆڕبەندی ئەمساڵی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – MEPS 2024» بە هەمان شێوە ئەو پەیامەی بە جیهان ڕاگەیاند کە «لەناو ئەو جوگرافیایەی پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، شەڕێکی کراوەی مەترسیداری بوونی هەیە و، بیرکردنەوەیەکی ڕادیکاڵییانەی مەزهەبی و قەومی باڵادەستە و لێبوردەیی و یەکتری قبووڵکردن بوونی نییە، بەڵام لەو جوگرافیا بچکۆڵەی کە پێی دەگوترێت «هەرێمی کوردستان»، لە ناو هۆڵێکی زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە شاری دهۆك، زمانێك دروست بووە کە زمانی «ئاشتی و لێکتێگەیشتنە»، نوێنەری ٤٠ دەوڵەتی جیاوازی پێکەوە کۆکردووەتەوە و پێکەوە لەسەر ئەم پلاتفۆرمە ئازادە هەموویان لە یەکتری تێدەگەن و، ئامانجیان ئەوەیە هەوڵەکانیان یەك

**سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕاشکاوانە بە کۆڕبەندەکەی ڕاگەیاند: «هەموومان چاوەڕوانی ئەوەین، تا بزانین کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ ئەمریکا، دونیا بەرەو کوێ دەچێ، هەموو تەوەقوعات ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو بەڕێز ترەمپ جیاوازییەکی زۆری دەبێ لەگەڵ ئیدارەی سەرۆک بایدن، بە هەر حاڵ ئومێدەوارین هەرچییەک دەبێ، خێری تێدا بێ بۆ جیهان و بۆ ناوچەی ئێمەش»**

**گرفتی سەرەکی لەگەڵ سیاسەتی ترەمپ وەک بیرمەندی ئەمریکی فەرید زەکەریا ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە «سیاسەتەکانی ترەمپ پەیوەستە بە مەزاجی کەسایەتیی ئەم سەرۆکەوە، نەک پرۆگرامەکەی. ئەو بەپێی مەزاجی خۆی مامەڵە لەگەڵ پرسەکان دەکات و، نازانرێت بەرنامەی پلانی داهاتووی چی دەبێت»**

**پارتی کۆماریی ئەمریکا لە هەر دوو ئەنجومەنی «نوێنەران و سەنات» زۆرینەیە، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی ترەمپ لە بڕیاردانە سەیرەکانی هیچ ڤیتۆیەکی لە بەردەمدا نەبێت**

**ئەمریکا هەموو کات پشتیوانی لە مافی بەرپەرچدانەوە و بەرگری لەخۆکردنی ئیسرائیلی کردووە، بۆیە مەترسییەکان بە ئاستێک هەڵکشاون کە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق لە سەر ئاستی لێدوانە میدیاییەکان وەک حەتمی سەیر دەکرێت**

**فتوایەکی ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعی شیعەکانی عێراق لە نەجەف هەیە، کە داوا دەکات: «چەک تەنیا لەبەر دەستی دەوڵەت بێت»، سەبارەت بە پشتیوانی عێراقیش بۆ لوبنان و فەلەستین، تەنیا پشتگیریی پشتیوانیی فریاگوزاری و مەعنەوی کردووە**

**ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر چەندین هۆکار و جیا لە بەرژەوەندیی ئابووری، مەبەستیانە سەقامگیریی عێراق نەشێوێت و نەخزێتە ناو ئەو شەڕە کراوەی کە خەریکە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە**

بخەن، بۆ ئەوەی ژینگەی لێبوردەیی و یەکتری قبووڵکردن بێتە ئاراوە و کۆتایی بە شەڕ بێت و ئاشتی جێگەی بگرێتەوە.

٢- لەم ساتەوەختدا کە لەناو کۆبوونەوە چارەنووسسازەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەنێوان نوێنەرانی دەوڵەتانی جیهاندا «لێکتێگەیشتن» بە ئاستێك بوونی نەماوە، کە ناتوانن لەسەر بڕیاری «ئاگربەس» بگەنە بڕیارێکی هاوبەش، لەناو پەنێڵەکانی کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، نەك تەنیا باس لەوە دەکرێت، چۆن بتوانرێت، هێز و ئیرادەی دەوڵەتانی ناوچەکە بخرێتە گەڕ، بەتایبەتی کە ژمارەیەك دەوڵەت وەك «قەتەر، ئیمارات، تورکیا، سعودیە، ئوردن و...هتد» لە شەڕەکانی پێشتردا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و توانیویانە شەڕەکە ڕابگرن و هێوری بکەنەوە، ئێستا دووبارە داوای ئەوە دەکرێتەوە، کە ئەو دەوڵەتانە دووبارە ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بخەنەوە گەڕ بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم شەڕە نەخوازراوە دابنرێت.

٣- لە ئێستادا کە عێراق وەك دەوڵەت کەوتووەتە لێواری خزاندنە ناو ئەم شەڕە نەخوازراوە و وەزیری دەرەوەی عێراق بە ئاشکرا باسی نامە هەڕەشە ئامێزەکانی ئیسرائیل دەکات، کە بە ڕێگەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراقی ناردووە، ئەم کۆڕبەندە ئەمەی کردووەتە پرسێکی گرنك و بە ئامادەبوونی «سەرۆك کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان» بە دوای ڕێگەچارەیەك دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت، عێراق لەم شەڕە نەخوازراوە دوور بخاتەوە.

## ● عێراق
### لە لێواری خزانە ناو شەڕێکی نەخوازراوەوە

ئیسرائیل کاتێك بە تەقاندنەوەی ئامێری «پەیجەرەکان» دەستی بە هێرشێکی لەناکاو بۆ سەر خاکی لوبنان کرد، نەك نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی ئاگادار نەکردەوە، بەڵکو ئەو هێزە کاتییەی نەتەوە یەکگرتووەکان «یونیفێل»یشی ئاگادار نەکردەوە و، تەنانەت لە چەند بەرەیەکەوە هێزەکانی یونیفێلیش بەر ئاگری چەکەکانی ئیسرائیل کەوتن، بەڵام ئەمجارە بە ڕێگەی جەعدون ساعر وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەترسیی هێرشی گرووپە چەکدارەکانی عێراق بۆ سەر ئیسرائیل ئاگادار کراوەتەوە، لەمەش زیاتر دەیەوێت شەرعییەتی «مافی بەرگری لەخۆکردن» وەربگرێت و دەوڵەتی عێراقیشی بەرپرسیار کردووە لەو هێرشانەی گرووپە چەکدارەکان لەسەر خاکەکەی بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامی دەدەن، بۆ ئەمەش لیستێکی بەناوی «بانکی ئامانجەکان» دەستنیشان کردووە، وەك ئەو ئامانجانەی کە لەناو عێراقدا دەیەوێت هێرش بکاتە سەریان و، ئەوەشی وەك هەڵوێستی ئەمریکا بەرانبەر ئەم هەڕەشانە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە ئەمریکا هەموو کات پشتیوانی لە مافی بەرپەرچدانەوە و بەرگری لەخۆکردنی ئیسرائیلی کردووە، بۆیە مەترسییەکان بە ئاستێك هەڵکشاون کە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق لەسەر ئاستی لێدوانە میدیاییەکان وەك حەتمی سەیر دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەم هۆشدارییەی ئیسرائیل بۆ عێراق، ئەو خوێندنەوەیەشی بۆ دەکرێت، کە ئیسرائیل بوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشی لەبەر چاو گرتووە، لەوەش ئاگادارە کە دەوڵەتی عێراق بە فەرمی بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندووە و نایەوێت ببێتە بەشێك لەم شەڕە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە فتوایەکی ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعی شیعەکانی عێراق لە نەجەف هەیە، کە داوا دەکات: «چەك تەنیا لەبەر دەستی دەوڵەت بێت»، سەبارەت بە پشتیوانی عێراقیش بۆ لوبنان و فەلەستین، تەنیا پشتگیریی پشتیوانیی فریاگوزاری و مەعنەوی کردووە.

کەواتە ئەم واقیعە سیاسییەی لە ئێستادا لە عێراقدا بوونی هەیە، هاوکێشەیەکی تێدا دروست کردووە کە تیایدا «شیعەی ئەقڵانی لە شیعەی چەکدار» زیاترە و ئەوانەی دەیانەوێت عێراق نەبێتە بەشێك لەو شەڕەی لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە، هەژموون و دەسەڵاتیان بەسەر سوپا و دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە، ئەمەش وادەکات کە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر لەوەی لوبنان بۆ هاوکێشەی سیاسیی عێراق لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت.

کەواتە ئاراستەی ئەم خوێندنەوەیە بەرە و ئەوەمان دەبات، کە بەرژەوەندیی ئیسرائیلیش لەم شەڕە کراوەیەی ئێستا وادەخوازێت کە لەلایەك جوگرافیای شەڕەکە لەمە زیاتر فراوانتر نەبێت و لەلایەکی دیکە لایەنی سێیەم (نەتەوەیەکگرتووەکان) بێتە ناو ئەم کێشەیە و، هۆشدارییەکەی ئیسرائیل بەو مەبەستە بێت کە حکومەتی عێراق کە لە ئێستا لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕن و نزیکن لە گرووپە چەکدارەکان، بگەنە شێوازێك لە ڕێککەوتن و هێرشی گرووپە چەکدارەکان لەسەر خاکی عێراقەوە بۆ ئیسرائیل کۆتایی پێبهێنرێت.

ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر چەندین هۆکار و جیا لە بەرژەوەندیی ئابووری، مەبەستیانە سەقامگیریی عێراق نەشێوێت و نەخرێتە ناو ئەو شەڕە کراوەی کە خەریکە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە و، ئەزموونی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشیش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەگەر سەقامگیری لاواز بێت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراق جڵەویان لەدەست دەربچێت، ئەوا ئاشتی و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژئاواش دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەم پێداگرتنەی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی سەقامگیریی عێراق، دەرگایەکی گەشبینی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کەناڵەکانی دیالۆگ بکەنەوە و پەنا بۆ کارتی گوشاری جۆراوجۆر بەرن، بۆ ئەوەی عێراق لەم شەڕەوە تێوەنەگلێت و، وەك سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا جەختی لەسەر کردووە «لە هەموویشی گرنگتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە بە هەر قیمەتێك بێت، نابێ عێراق لەو شەڕەدا تووش ببێت، یان تێوەبگلێت»، ئەم جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی، پەیامێکی دیکەیە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی ئەرێنی لەگەڵ ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بگێڕێت بۆ ئەوەی ئەم شەڕە لە عێراق دوور بخرێتەوە.

ئەوەی دەبێت بە گرنگییەوە لە ناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراقدا هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی ناو «هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» کە ئێستا تاکلایەنە بەبێ «تەیاری سەدر» جڵەوی حوکمڕانیی عێراقیان لەدەستدایە، ئەگەر لەم ئەزموونە شکست بهێنن و نەتوانن کۆنترۆڵی گرووپە چەکدارەکان بکەن، ئەوا خۆری حوکمڕانیی عەرەبی شیعە لە عێراقدا کۆتایی دێت، ئەم مەترسییەش لەسەر ئاستی باڵای کەسی یەکەمی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا (نووری مالیکی) بە ئاشکرا ئاماژەی پێکراوە، کە یەك دوو هەفتە پێش ئێستا لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: «ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی بە ڕێگەی کودەتا، بەعسییەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ دەسەڵات». ئەم مەترسییەی مالیکی جەختی لەسەر دەکاتەوە و داوای ئەوە دەکات «لەسەر ئاستی میللی» چاودێریی جووڵەی کۆنە بەعسییەکان بکرێت، لەوانەیە بە دیوێکی دیکەدا پەیامێك بێت بۆ گرووپە چەکدارەکانی شیعە بۆ ئەوەی لەو مەترسییە تێبگەن کە چۆن بە هێرشەکانیان لەسەر خاکی عێراقەوە بۆ سەر ئیسرائیل مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئایندەی عێراق دروست دەکەن.

ئەم هاوکێشە سیاسییە ئاڵۆزەی کە لە میدیاکانەوە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە قسە و باسی لەسەر دەکرێت و، مەترسیی جۆراوجۆر لە بارەیەوە دەخرێتە ڕوو، پێدەچێت لە ڕووکاری ناوەوەدا جۆرێك لە گەشبینی لە خۆی گرتبێت و ڕێگە نەدرێت کە ئاراستەی بەرەوپێشەوەچوونەکان بەو جۆرە هەڵبکشێن کە بە ئاسانی جڵەوگیری نەکرێت، لەمەش زیاتر ڕاستە لە ئەگەری هەڵکشانی زیاتری ئەم تەنگژەیەدا لەوانەیە بە پلەی یەکەم لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» زیانیان بەر بکەوێت، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ئەمریکا بەرژەوەندیی زۆر گەورەی لە عێراقدا هەیە و، ئەگەر عێراق بەرەو سەقامگیریی زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت، هێندەی دیکە بەرژەوەندیی وەبەرهێنان و بازرگانی لە عێراقدا زیاتر دەبێت، بۆیە وا بە ئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندی و هەژموونی خۆی لە عێراق و ناوچەکە نابێت و، بۆ ڕێگەیەکی دیکە دەگەڕێت، بۆ ئەوەی جڵەوی لاری ئەو بارودۆخە ڕاست بکاتەوە، کە ئێستا گرووپە چەکدارەکانی شیعە دەیانەوێت بەرەو قۆناغێکی خراپتر و مەترسیدارتری بەرن.

**ئەزموونی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشیش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەگەر سەقامگیری لاواز بێت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراق جڵەویان لەدەست دەربچێت، ئەوا ئاشتی و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژئاواش دەکەوێتە مەترسییەوە**

**ئەمریکا بەرژەوەندیی زۆر گەورەی لە عێراقدا هەیە و، ئەگەر عێراق بەرەو سەقامگیریی زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت، هێندەی دیکە بەرژەوەندیی وەبەرهێنان و بازرگانی لە عێراقدا زیاتر دەبێت**

**ئەو شەڕە کراوەیەی ئێستا لەم ناوچە گرنگە هەڵگیرساوە، دەرهاویشتەی خراپی ئەو بیرکردنەوە سیاسییە ڕادیکاڵانەیە کە لەم ناوچەیەدا لەسەر ئاستەکانی «حوکمڕانی، سەروەریی یاسا، سیستمی بانکی، یەکتری قبووڵکردن و لێبووردەیی» پیادە دەکرێت**

**نزیکەی یەک ملیۆن فەرمانبەر لە پرۆسەی «هەژماری من» ناویان تۆمار کراوە و خاوەنی کارتی ئەلیکترۆنیی بانکی خۆیانن، لەمەش زیاتر بە هەزار ئامێری ڕاکێشانی پارە «ATM» لەسەر شەقامەکانی شارەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دانراون**

**لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕی زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار پرۆژەی «گەورە، مامناوەندی، بچووک» وەبەرهێنانی تێدا کراوە**

**بە سوودوەرگرتن لە ئاوی باران، بە دەیان بەنداوی گەورە و مامناوەندی و بچووک لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دروست کراون کە تێکڕا سەدان ملیۆن مەتر سێجا ئاویان گل داوەتەوە و بوونەتە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ ڕەوینەی مەترسیی وشکەساڵی**

● **هەرێمی کوردستان لایەنێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە**

کێشەی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا ئەو شەڕە کراوەیە نییە، کە ئێستا خەریکە تەواوی ناوچەکە دەگرێتەوە و تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێت، بەڵکو ئەو شەڕە کراوەیەی ئێستا لەم ناوچە گرنگە هەڵگیرساوە، دەرهاویشتەی خراپی ئەو بیرکردنەوە سیاسییە ڕادیکاڵانەیە کە لەم ناوچەیەدا لەسەر ئاستەکانی «حوکمڕانی، سەروەریی یاسا، سیستەمی بانکی، یەکتری قبووڵکردن و لێبوردەیی» پیادە دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا کە هەڵسەنگاندن بۆ نزیکەی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراقدا دەکرێت و، ئەو شێوازی حوکمڕانییە ڕێگەی نەداوە، عێراق ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ بە شێوەیەك کە نیشتمانی هاوبەشی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بێت، ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەیە کە ئەقڵییەتی سیاسیی حوکمڕانانی عێراق نەیانتوانیوە دەستبەرداری بن و، نەیانتوانیوە ئەقڵییەتی سیاسیی خۆیان بەرەو ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداریی هاوچەرخ وەربچەرخێنن.

ئەگەر تەنیا ٢٠ ساڵی ڕابردووی حوکمڕانیی عێراق لە (٢٠٠٤ تا ٢٠٢٤) وەربگرین، هۆکاری نەبوونی خزمەتگوزاری و حوکمڕانیی باش، ئەوە نییە کە لە عێراقدا سەرچاوەی «مرۆیی و ئابووری» باش نییە، بەڵکو هۆکاری ئەوەیە کە ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا نەیتوانیوە ئەو سەرچاوە گەورە مرۆییە و ئەو داهاتە گەورەیەی خوا بە عێراقی بەخشیوە، بە ئاراستەیەکی دروست هەڵبسووڕێنن کە دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان و نیشتمانێکی هاوبەش بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی.

لە پێنجەمین کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، پرسی دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری، ناوەڕۆکی سەرجەم پەنێڵەکانی ئەو کۆڕبەندە بوو، لەسەر ئاستی بابەت و ڕەهەندە جیاوازەکان، تێکڕا جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە، ئەگەر ئاشتی و سەقامگیری لە هەر وڵاتێکدا بوونی نەبوو، ئەوا زەمینەی حوکمڕانیی باش ون دەبێت، لەم چوارچێوەیەدا هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کە لە دوو کابینەی حکومەتی عێراقدا وەزیری دەرەوە و لە کابینەیەکیشدا وەزیری دارایی بووە، فاکتەرە لاوازەکانی پرۆسەی حوکمڕانی بە چەند خاڵ دەستنیشان کرد، کە بریتی بوون لە:

● گەندەڵیی بەربڵاو هۆکاری سەرەکیی شکستی حوکمڕانییە لە عێراقدا و ئێستا ئاستی گەندەڵی لە ملیۆنان دۆلارەوە گەیشتووەتە ملیارها دۆلار و بە ئاشکرا سامانی عێراق بە هەدەر دەدرێت.

● سیستەمی دادوەریی سەربەخۆ و یەکسان لە عێراقدا نییە و لە هەر وڵاتێکدا گەندەڵی گەیشتە ئاستی سیستەمی دادوەری، چاوەڕێی هیچ کارێکی باش لەو وڵاتە ناکرێت.

● سیستەمی ئابووریی و دارایی عێراق هێشتا بە شێوازێکی زۆر کۆن بەڕێوە دەبرێت و هەتا ئێستا لە عێراقدا سیستەمێکی بانکی مۆدێرن و هاوچەرخ بوونی نییە.

تێکڕای ئەم فاکتەرانە و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریی پێویست بوونە ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقدا، بوونە هۆکاری ئەوەش دەستی وەبەرهێنان وەك پێویست لە عێراقدا نەخرێتە گەڕ و کۆی سێکتەرەکانی ژیان لەم وڵاتەدا بگرێتەوە.

لە ناو ئەو جوگرافیایەی پێی دەگوترێت عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و لە کابینەی نۆیەمدا بەتایبەتی هەنگاوی زۆر گرنگی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی کۆی ژێرخانی سێکتەرە جیاوازەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا هەڵگیرا و، توانرا سیستەمی حوکمڕانی بە جۆرێك ڕاست بکرێتەوە کە نەخشە ڕێگەی حوکمڕانیی باش لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی «کوردستانێکی بەهێز» پیادە بکرێت، کە ئێستا ئاکامی ئەو بونیادنانەوە دروستانە دەرکەوتوون، کە دەکرێت لە کۆی سێکتەرە جیاوازەکاندا ئاماژەیان پێبکەین:

١- لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانی گەندەڵی و ئەو هۆکارانەی دەبنە سەرچاوەیەك بۆ گەندەڵی وەك «کەمکردنەوەی ڕۆتین» پیادە بکات.



٢- لە بواری هەنگاوهەڵگرتن بۆ سیستمێکی بانکیی ئەلیکترۆنی، ئێستا ژێرخانی ئەم سیستمە بە تەواوەتی تەواو بووە و نزیکەی یەك ملیۆن فەرمانبەر لە پرۆسەی «هەژماری من» ناویان تۆمار کراوە و خاوەنی کارتی ئەلیکترۆنیی بانکی خۆیانن لەمەش زیاتر بە هەزار ئامێری ڕاکێشانی پارە «ATM» لەسەر شەقامەکانی شارەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دانراون، بە سەدان خاڵی کرین «POS» لە مۆڵ و مارکێت و ریستۆرانتەکان دانراون و هاووڵاتیان دەتوانن بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی مامەڵەی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوە بەرن و، بڕیارە ئەم خاڵی کرینانە «POS» بە شێوەیەك زیاد بکرێت، کە مامەڵەکردن بە کارتی ئەلیکترۆنی لە هەموو شێوەیەك بەڕێوە بچێت و مامەڵەی کاش نەمێنێت.

٣- لەسەر ئاستی هەنگاوهەڵگرتن بۆ «حکومەتی دیجیتاڵی»، وەك بەرپرسی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەنێڵێکی کۆڕبەندەکە ئاماژەی پێکرد، ژێرخانی ئەم سێکتەرە گرنگەش بەرەو کۆتایی دەچێت، کە لەسەر بیرۆکەی مسرور بارزانی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکراوە و ئێستا لە زۆر فەرمانگەی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر خێرا و سەرکەوتووانە پیادە دەکرێت.

٤- لەسەر ئاستی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی «گەشتیاری، تەندروستی، پیشەسازی، کشتوکاڵی و...هتد» لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕی زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار پرۆژەی «گەورە، مامناوەندی، بچووك» وەبەرهێنانی تێدا کراوە.

٥- لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی «گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا»، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چەندین بوار کاری کردووە بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بەمجۆرە:

- بە سوودوەرگرتن لە ئاوی باران، بە دەیان بەنداوی گەورە و مامناوەندی و بچووك لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دروست کراون کە تێکرا بە سەدان ملیۆن مەتر سێجا ئاویان

گل داوەتەوە و بوونەتە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ ڕەوینەی مەترسیی وشکەساڵی، هەروەها بە سەدان پۆند و بەنداو لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دروست کراون، کە جیا لەوەی پارێزگاری لە ڕێژەیەکی گەورەی ئاو دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەو بەنداو و پۆندانە سرووشت و سیمای ناوچەکانیان گۆڕیوە بۆ ناوچەی گەشتیاری.

- پرۆژەی گەورە دەستی پێکردووە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئاوی ژێر زەوی و ڕێگرتن لە بەهەدەردانی ئاوی ژێر زەوی، ئەمیش بە ڕێگەی دووبارە پڕکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی و، پەنابردن بۆ پرۆژەی ستراتیژیی گەورەی ئاوی خواردنەوە بۆ ئەوەی سوود لە ئاوی سەر زەوی وەربگیرێت و ئەو بیرانەی بۆ ئاوی خواردنەوە لێدراون، هەموو یان کۆتاییان پێبهێنرێت.
- لەسەر ئاستی پێڕەوکردنی بەرهەمهێنانی وزەی پاك، سوودێکی زۆر لە گازی بیرە نەوتەکان وەرگیراوە و ڕێگە نەدراوە کە تێکەڵاوی ژینگە ببن، هەروەها بەیاخێکی زۆر بە وزە نوێبووەکان (Renewable energy) و سوودوەرگرتن لە وزەی تیشکی خۆر و ئۆتۆمبێلی کارەبایی دراوە و ئاسانکارییان پێشکەش کراوە.
- بایەخێکی زۆر بە دروستکردنی پارکی گەورە و پشتێنەی سەوز دراوە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە ڕێژەی سەوزایی لە کوردستان بگاتە ئاستی ستانداردی جیهانی.
- لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕووناکی بۆ «کارەبای ٢٤ کاتژمێری» هەوڵەکان دەستیان پێکردووە و بڕیارە تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٦ ئەم پرۆسەیە کۆتایی بێت و بە تەواوبوونی ئەم پرۆسەیەش بە هەزاران مۆلیدەی کارەبا بوونیان نامێنێت و دەبێتە فاکتەرێك بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا.

٦- لەسەر ئاستی هەنگاوهەڵگرتن بۆ فرەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات، بەرنامەی و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم و چاوەڕوان دەکرێت کابینەی دەیەمیش درێژەپێدەری هەمان بەرنامە و ستراتیژ بێت، هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی «ڕەیعی»ی پشتبەستووی تەنیا بە داهاتی نەوت و گاز، بگۆڕێت بۆ هەرێمێکی فرەچەشنی سەرچاوەی داهات و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و گاز نەبەستێت، لەم بوارەشدا هەنگاوی زۆر گەورە هەڵگیراون و چەندین سەرچاوەی دیکەی داهات و بژێوی لەسەر ئاستی پرۆژەکانی »گەشتیاری، کشتوکاڵ، کارگەکان و...هتد» دروست بوون و هەوڵەکانیش لە بەردەوامیدان.

ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، ئەو چەند خاڵە بوون کە پێش کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ئەوتۆیان بۆ هەڵنەگیرابوو. لە کۆی سێکتەرەکانی «پەروەردە و خوێندن، خوێندنی باڵا، تەندروستی و دەرمان، خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك دابینکردنی ئاوی پاك، پەرەپێدانی ڕێگاوبانەکان و ...هتد»، کاری زۆر باشیان تێدا کراوە و خراونەتە خزمەتی هاووڵاتیانەوە.

ئەم تەوەرە گرنگەی دووبارە بونیادنانەوەی وڵات و نەخشە ڕێگە بۆ حوکمڕانیی باش، کە تەوەری سەرەکیی کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بوو، بۆ ئەوەیە کە سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستانی وڵات کە لەو کۆڕبەندە ئامادە بوون، بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگەی دروست بۆ بونیادنانەوەی وڵات لە چارەسەرکردنی گرفتەکان و بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیرییە، کە ئاشتی و سەقامگیری بەرقەرار بوو و وڵات لە ئاشووبی شەڕ بە دوور بوو، ئەوا چۆن لە ماوەی چەند ساڵی کابینەی نۆیەمدا توانرا وەرچەرخانی گەورە لە بونیادنانەوەی ژێرخانی سێکتەرە جیاوازەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، ئەو ئیمکانیەتەش لەبەر دەستن کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە دووبارە بونیادنانەوەی کۆی سێکتەرەکانی حوکمڕانی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش دووبارە بکرێتەوە.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی لە ساڵی ٢٠١٩ بە سیاسەت و ستراتیژیەتی چارەسەرکردنی کۆی کێشە هەڵپەسێراوەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەستی پێکرد، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ساڵانی ٢٠١٩ تا سەرەتای ٢٠٢٣ ژینگەی سیاسیی عێراق ئەو بوارەی نەدا کە سیاسەت و ستراتیژەکە

**گەندەڵیی بەربڵاو هۆکاری سەرەکیی شکستی حوکمڕانییە لە عێراقدا و ئێستا ئاستی گەندەڵی لە ملیۆنان دۆلارەوە گەیشتووەتە ملیارها دۆلار و بە ئاشکرا سامانی عێراق بە هەدەر دەدرێت**

**سیستمی دادوەریی سەربەخۆ و یەکسان لە عێراقدا نییە و لە هەر وڵاتێکدا گەندەڵی گەیشتە ئاستی سیستمی دادوەری، چاوەڕێی هیچ کارێکی باش لەو وڵاتە ناکرێت**

**سیستمی ئابووریی و دارایی عێراق هێشتا بە شێوازێکی زۆر کۆن بەڕێوە دەبرێت و هەتا ئێستا لە عێراقدا سیستمێکی بانکی مۆدێرن و هاوچەرخ بوونی نییە**

وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و ئێستا ئاکامەکەی ببینن، بەڵام لەدوای پێکهێنانی کابینەکەی د.محەمەد شیاع سوودانی لە کۆتایی ٢٠٢٢ هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە هەڵگیراوە و لە ئێستادا تێگەیشتن و هاوکارییەکی زۆر باش لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بووە، بۆ ئەوەی بە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن، بەدووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەم هاریکاری و لێکتێگەیشتنەی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی سەرەتایەکی گەشبینییە بۆ ئەوەی هەم عێراق نەخزێتە ناو شەڕێکی نەخوازراو، هەمیش بە شێوازێکی دیکە ئیمکانیەتی مرۆیی و ماددی لە عێراقدا بخرێتە گەڕ کە سەرەنجام بە سوود و بەرژەوەندیی کۆی گەلانی عێراق کۆتایی بێت.

**● وەبەرهێنان لە کۆڕبەندی مێپس**

**بەرهەمهێنانی ڕاسپاردەی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

جیاوازیی کۆڕبەندی «ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- MEPS» لەگەڵ کۆڕبەندە جیهانییەکانی دیکە وەك «کۆڕبەندی داڤۆس، کۆنفرانسی میونشن، لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان و...هتد»، لەوەدایە کە لە کۆڕبەندی مێپس، تایبەتە بە « ئاشتی و ئاسایش» لە ناوچەیەکی زۆر گرنگی جیهاندا کە ئەویش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و، ماوەی ساڵێکی تەواو زانکۆی ئەمریکیی کوردستان لە دهۆك بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانی وەك «هارڤارد، کامبریج، ئەنجومەنی ئەتڵەنتیك و...هتد» بەرنامەڕیژی دەکات، بۆ ئەوەی کۆی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر پرسی سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پلاتفۆرمێکی کراوە کۆبکاتەوە و سەرکردە و کەسایەتیی بڕیاربەدەست لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان بانگهێشت دەکات، بۆ ئەوەی لەناو ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە ڕاسپاردەی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش بکەن.

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری زانکۆی ئەمریکیی کوردستان لە دهۆك، لە پەیامێکیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێت ئەو زانیاری و بۆچوونە جیاوازانەی لەم کۆڕبەندەدا پێشکەش دەکرێن، جارێکی دیکە توێژینەوەی وردیان لەسەر بکرێت و بکرێنە پێشنیار و ڕاسپاردەی بەسوود بۆ ئەوەی سیاسەتمەداران و بڕیارسازان بتوانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودی لێوەربگرن.

خاڵی زۆر گرنگ کە جێگەی هەڵوەستە بوو و لەم کۆڕبەندەدا جەختی لەسەر کرایەوە، مەترسیی فراوانبوونی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بوو، بەوەی بگاتە ئەو ئاستەی شەڕی سێیەمی جیهانی بەرپا بێت، لەمەشدا مەترسیی ئەوە هەیە، چۆن لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە چوارچێوەی پەیماننامەی «سایکس- پیکۆ» سنووری ئەم ناوچانە کێشرانەوە، کە هیچ کام لە گەلانی ناوچەکە بە «کورد، عەرەب، تورك و فارس»ـەوە پێی ڕازی نەبوون و، دەستێکی دەرەکی بەسەر هەموو گەلانی ناوچەکەیان سەپاند، لە ئێستاشدا ئەو مەترسییە هەیە کە هەمان سیناریۆ دووبارە ببێتەوە و بە دەستی دەرەکی نەخشەی ئێستای ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و دووبارە فەرز بکرێتەوە.

لەم کۆڕبەندەدا هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەم پرسە کراوە و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە نابێت ڕێگە بە دەستی دەرەکی بدرێت، واقیع بەسەر گەلانی ناوچەکە فەرز بکات و پێویستە گەلانی ناوچەکە بە هاوکاری و لێکتێگەیشتن و زمانی دیالۆگ کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. بێگومان ئەم کۆڕبەندە، پێشنیار و ڕاسپاردەی زۆر گرنگ بۆ ئەم ئاراستەیە دێنێتە بەرهەم، کە ئەگەر کاری پێ بکرێت و ئیرادەی هەموو لایەك بخرێنە گەڕ و بە گیانی لێبوردەیی یەکتری قبووڵ بکەن، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەکان ئاستەم نابێت و شەڕ کۆتایی دێت و ئاشتی و سەقامگیری جێگەی دەگرێتەوە.

**بایەخێکی زۆر بە دروستکردنی پارکی گەورە و پشتێنەی سەوز دراوە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە ڕێژەی سەوزایی لە کوردستان بگاتە ئاستی ستانداردی جیهانی**

**ئەو ئیمکانیەتەش لەبەر دەستن کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە دووبارە بونیادنانەوەی کۆی سێکتەرەکانی حوکمڕانی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش دووبارە بکرێتەوە**

**لە ئێستادا تێگەیشتن و هاوکارییەکی زۆر باش لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بووە، بۆ ئەوەی بە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن**


#MEPS
MIDDLE EAST
PEACE AND SECURITY
FORUM
THE PARADOX
OF PEACE IN THE
MIDDLE EAST
#MEPS24
AUK
2014

## تێڕوانینێک بۆ وتارەکەی سەرۆک بارزانی

# ئامادە نین دەست لە دین و مەزهەب و دابونەریتی خۆمان هەڵبگرین



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆژی ٢٢ی١١ی٢٠٢٤ بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی وتارێکی گرنگ و مێژوویی لە دیداری مێپس لە زانکۆی ئەمریکی لە شاری دهۆك پێشکەش کرد، کە دەنگدانەوەی ئەرێنیی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا و، مایەی دڵخۆشیی زۆری هەموو ئەوانە بوو کە پەرۆشی کیان و ئەزموون و واقعی کوردستانن و هەست بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر پرسە جەوهەرییەکان دەکەن.

ئەوەی من مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر، ئەو بڕگە گرنگە بوو کە باسی لە بابەتی پاراستنی ئایین و ئەخلاق و کەلتوور و تایبەتمەندیی گەلی کورد کرد، بە مافدان بە تایبەتمەندی و ڕەچاوکردنی فەرهەنگ و کەلتووری هەموو میللەتان، کە پێویستی

بە مامەڵەیەکی واقیعی هەیە، نەك هەوڵی گۆڕین و سڕینەوە و جێکردنەوەی نەریتێکی نەخوازراو و نەگونجاو، ئەم گوزارشت و هەڵوەستە هەستیارە بەتایبەت بۆ کەسایەتییەکی پایەبەرزی وەك سەرۆك بارزانی ئومێدێکی زۆری بۆ گەلی کورد گەڕاندەوە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی گرنگی دەبێت بۆ پێدانی بەرچاوڕوونی بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ناوخۆ و دەرەوە، لە پێناو پاراستنی نەریت و کەلتووری نەتەوەیی و داڕشتنی هەنگاوەکانیان لەم چوارچێوەیەدا، هەروەها دەتوانم بڵێم سەرۆك بارزانی قسەی دڵی هەموو زانایانی ئایینی لە سەرتاسەری کوردستان کرد، بەوەی بە درێژایی مێژوو زانایانی کورد پەیامی سەرەکی و ئامۆژگاری و هەڵوێستیان ئەوە بووە کە پێویستە میللەتی کورد بەپێی تایبەتمەندیی ئایینی و دابونەریتی ڕەسەنی خۆی هەنگاو بنێت و خۆی لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا بگونجێنێت، نەك لەپێناو ڕەزامەندیی ئەجێندایەکی دەرەکی و هەوڵە ناواقعییەکان نەریت و کەلتووری خۆی بکاتە قوربانی، کە بەداخەوە بەشێکی زۆری کاری ڕێکخراو و سیاسەتی وڵاتان بۆ ئەوە بووە ئەو واقعە دیندارییە پڕ لە جوانی و ڕەسەنایەتییەی هەیە بەپێی خواست و ویستی خۆیان بیگۆڕن و دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار بەرن، لە ئەنجامدا هەم نەریت و جوانیەکانمان بشێوێنن و، هەمیش بە لێشاو گەنج و لاوانمان بەرەو سەرگەردانی و دونیایەکی وا ئاراستە بکەن، کە گاڵتەیان بە نەریتی خۆیان بێت و نەگەنە ئەو دونیا خەیاڵییەی کە ئەوان دەیانەوێت و بۆیان دادەڕێژن!.

بەپێی تەجرەبەی ڕابردوو، دەرکەوتووە هەنگاوەکانی بەشێکی گرووپ و دەستە و ڕێکخراوە بیانییەکان بۆ ئەوە بووە ڕۆڵەی کورد هەڵخەتێنن و هەستی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانییان لاواز بکەن و بە ناوی کرانەوە و ئازادی و دیموکراسی و دروشمی بریقەداری بێ ناوەرۆکەوە بیانکەن بە دوژمنی فەرهەنگ و کەلتووری خۆیان و، بە زمانی شڕ و قسەی زبر و هەڵوێستی نابەجێ بەگژ یەکتردا بچنەوە و هەموو ئەو جوانی و بەها و کەلتوورە ڕەسەنەی لە فەرهەنگی ئێمەدا هەیە و شکۆی خێزان و کۆمەڵایەتی پاراستووین، لە بەینی ببەن، لەکاتێکدا نەریت و کەلتووری کورد کە هەڵقوڵاوی هەناوی ئایین و دیندارییە و بە شاهێدیی دۆست و دوژمن، بە یەکێك لە جوانترین نەریت و فەرهەنگی گەل و وڵاتانی دونیا دادەندرێت. ئێمە چ لە شارستانییەتێك بکەین کە لە ڕووی ماددی و پێشکەوتنەکانی سەردەم لە ترۆپکدا بن، بەڵام لە ڕووی ڕۆحی و بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە لە فەراغێکی گەورەدا خۆیان ببیننەوە و، نەتوانن شیرازە و بناغەیەکی دروستی خێزان و پەروەردە بنیاد بێنن؟

لە لایەکی دیکەشەوە، باشە بۆچی هیچ میللەتێك ئامادە نییە لە بەر خاتری ئێمە واز لە فەرهەنگ و کەلتووری خۆی بهێنێت، تا ئێمەش ئەو ئامادەییە دەرببڕین؟ هیچ کات میللەتی کورد ئەو هەستەی لا دروست نەبووە، هەوڵی سڕینەوە و کپکردن و تێکدان و لەبەینبردنی نەریتی هیچ میللەتێك بدات، بەڵام دەسەڵات و ڕژێمەکان هەمیشە لەپێناو دەستبەردارکردنی فەرهەنگ و دابونەریت و دینداری و تەنانەت زمان و نیشتمانیش، میللەتی کوردیان تووشی جۆرەها هەڕەشە و شەڕ و گرتن و کوشتن و ئاوارەیی و ئەنفال و کیمیاباران کردووە، بەڵام ئیرادە و خۆڕاگری و هەڵوێستی مەردانە و هەستی دینداریی ئەم گەلە بەرگەی نەهامەتییەکانی گرتووە و خۆڕاگرانە ماوەتەوە، چ عەجەب ئێستا ئەم خۆڕاگرییە زیاتر و باشتر نەکەین، بۆ ئەوەی بۆ هەموو میللەتانی دونیا بیسەلمێنین کە گەلی کورد ئەگەرچی بێ دەوڵەتە و لە ڕووی مافی چارەنووسەوە مەحرووم کراوە، بەڵام میللەتێکی خاوەن کەلتوور و بەها و ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندیی خۆیەتی و، نەك هیچی لە گەل و وڵاتانی دونیاش کەمتر نییە، بگرە لە زۆربەشیان پێشکەوتووترە.

بۆیە لە وتارەکەیدا سەرۆك بارزانی بە تەعبیرێکی جوان و ڕاشکاو گوتی: «هەر میللەت و نەتەوە و ناوچەیەك، دابونەریتی خۆی هەیە، هەندێکی پەیوەندیی بە دین و بە مەزهەبەوە هەیە، ناکرێ لە دەرەوە ئەوەی لای ئەوان ڕەوا بێت، بڵێین دێین لەسەر خەڵکی تریش فەرزی دەکەین. لێرە لە کوردستان، لە هەموو

**سەرۆک بارزانی قسەی دڵی هەموو زانایانی ئایینی لە سەرتاسەری کوردستان کرد، بەوەی بە درێژایی مێژوو زانایانی کورد پەیامی سەرەکی و ئامۆژگاری و هەڵوێستیان ئەوە بووە کە پێویستە میللەتی کورد بەپێی تایبەتمەندیی ئایینی و دابونەریتی ڕەسەنی خۆی هەنگاو بنێت و خۆی لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا بگونجێنێت**

**نەریت و کەلتووری کورد کە هەڵقوڵاوی هەناوی ئایین و دیندارییە و بە شاهێدیی دۆست و دوژمن، بە یەکێک لە جوانترین نەریت و فەرهەنگی گەل و وڵاتانی دونیا دادەندرێت**

**هیچ کات میللەتی کورد ئەو هەستەی لا دروست نەبووە، هەوڵی سڕینەوە و کپکردن و تێکدان و لەبەینبردنی نەریتی هیچ میللەتێک بدات**

عێراق، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خەڵکێکی دیندارە، چ موسوڵمان، چ مەسیحی و چ دیانەتی دیکە، نابێ بە شێوەیەك تەعامول بکرێ کە ئەوەی لای خەڵکێکی دیکە ڕەوایە، ئیلا ئێرەش بە هەمان شت قەبووڵی بکەن. دەبێ ئیحترامی مەشاعیری یەکتر بگیرێت و بە هیچ شێوەیەك ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ئامادە نین دەست لە دین و مەزهەب و دابونەریتی خۆمان هەڵبگرین بۆ ئەوەی کەسێکی تر لە ئێمە ڕازی بێت».

ئەم هەست و هەڵوێستە بۆ هەموو لایەك گرنگە، نەك تەنیا لایەنێك، لەبەر ئەوەی بە تەجرەبە سەلماوە میللەتی کورد بە ئەندازەی پابەندی بە دینداری و نەریتی ڕەسەنی کوردەوارییەوە، هەمیشە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز و هەستێکی بەرزی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی بووە و، لە بەرانبەر هەموو تەحەددی و نەهامەتییەکاندا خۆڕاگر ماوەتەوە و هیچ هێزێك نەیتوانیوە بیسڕێتەوە.

لە ڕابردوودا زۆربەی هەر زۆری سەرکردەی شۆڕشەکان پیاوانی ئایینی بوون و بەو پەڕی شانازییەوە خزمەتی دین و نەتەوەیان کردووە و تایبەتمەندیی کیان و گیانی کوردیان پاراستووە، ئەگەرچی دەریایەك قوربانی و خوێن لەپێناو قەزیەی کوردیدا ڕژاوە، بەڵام نەمانبیستووە هیچ کات کورد دەستبەرداری کوردبوون و کەلتووری خۆی بووبێت، بە پێچەوانەوە هەر کات میللەتی کورد لەو تایبەتمەندی و دینداریییەدا سستیی نواندبێ، یان دوور کەوتبێتەوە، تووشی ئاڵۆزی و فەوزا و توندڕەوی و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی هاتووە، دەشزانین هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ لەبەینبردنی ئەم تایبەتمەندییە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ بە دەستی وڵاتانی دەرەوە بێ، ئەنجام بوون و لە زیان زیاتر قازانجیان بە کورد نەگەیاندووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە لە ڕابردوودا زۆر فکر و فەلسەفەی جوراوجۆر و زۆر هەوڵ و تمووحی گەورە لە بەردەم ڕۆڵەکانی ئەم گەلەدا بڵاو کرایەوە، بەڵام خۆشبەختانە زۆری نەبرد بارگە و دەرگایان پێچرایەوە.

پێشخستنی واقیعی خۆمان و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نوێییەکان بە گۆڕینی دین و نەریت نییە، بەڵکو بە تێگەیشتنی دروست و زانستییانەی زیاترە بۆ دینداری و دەستگرتن بە کەلتوور و تایبەتمەندیی نەتەوەیی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر ئایین و نەتەوە و نیشتمان و پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتیی کوردییەوە دەبێت.

ئەم هەنگاوانە هەمووان بەتایبەت بەرپرسانی حکومەت و ڕێکخراوەکان و ناوەندە ئەکادیمی و دەزگا میدیاییەکان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورە، بۆ ئەوەی مامەڵە و هەڵسوکەوت و کارکردن لە چوارچێوەی پاراستنی دینداری و ڕەسەنایەتیدا بێت، نەك لە قاڵبێکی نەخوازراو بۆ بەجێگەیاندنی ویست و ئەجێندای دەرەکیدا واقیعی خۆمان بشێوێنین. ئەرکە ئەولەوییەت بۆ ناساندنی کەلتووری خۆمان بێت بە وڵاتان، نەك تەنیا میللەتی خۆمان ئاشنای کەلتووری بیانی بکەین و کەلتووری خۆشمان پەراوێز و نابوت بهێڵینەوە، چونکە وەك ڕێسایەکی بنەڕەتی ئەگەر بمانەوێ زیاتر پێش بکەوین و ئاشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت و شکۆی خێزان و بەهای کۆمەڵایەتیمان لە ئاستێکی باشدا بێت، پێویستە بەپێی واقیع و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی خۆمان هەنگاو بنێین نەك ویستی وڵاتان، کە ئەمە هەم ئامراز و فاکتەری چارەسەرێکی بنەڕەتی و خۆماڵی و هەڵقووڵاوی هەناوی کۆمەڵگەیە، هەمیش کلیلی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانە.

ئەرکە دەزگا پەیوەندیدارەکان کار لەسەر ئەم تێڕوانینە جوان و بەجێیە بکەن، بۆ ئەوەی میللەتەکەمان لەسەر ئەو فەرهەنگ و تێگەیشتنە ڕابێنین کە دینداری ڕێگری لە پێشکەوتنەکان ناکات، هەروەك نەریت و مەزهەبگۆڕینیش نابێتە هۆکاری گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان، بەڵکو لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی و کەلتوورییەوە زەمینەی گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژی هەنگاوەکان باشتر دەکات.

گرنگە مامۆستایانی ئایینی وەك ئەرکی هەمیشەیی خۆیان کاری جدیتر لەسەر ئەم تێڕوانینە بکەن و لە وتارەکانیاندا تیشك بخەنە سەر ئەو تێگەیشتنە کە پاراستنی بەهای دینداری و کەلتووری نەتەوەیی بەشێکی گرنگی دینداریییە.

**سەرۆك بارزانی بە تەعبیرێکی جوان و ڕاشکاو گوتی: «هەر میللەت و نەتەوە و ناوچەیەک، دابونەریتی خۆی هەیە، هەندێکی پەیوەندیی بە دین و بە مەزهەبەوە هەیە، ناکرێ لە دەرەوە ئەوەی لای ئەوان ڕەوا بێت، بڵێن دێین لەسەر خەڵکی تریش فەرزی دەکەین**


**لە ڕابردوودا زۆربەی هەر زۆری سەرکردەی شۆڕشەکان پیاوانی ئایینی بوون و بەو پەڕی شانازییەوە خزمەتی دین و نەتەوەیان کردووە و تایبەتمەندیی کیان و گیانی کوردیان پاراستووە**

**لە ڕابردوودا زۆر فکر و فەلسەفەی جوراوجۆر و زۆر هەوڵ و تمووحی گەورە لە بەردەم ڕۆڵەکانی ئەم گەلەدا بڵاو کرایەوە، بەڵام خۆشبەختانە زۆری نەبرد بارگە و دەرگایان پێچرایەوە**

پرۆفیسۆر ولیەم ولفۆرس بۆ گوڵان:

# دۆناڵد ترەمپ گرنگییەکی زۆر بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نادات

ولیەم ولفۆرس، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە کۆلێژی دارتمەوس، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بواری دیاریکراوە، وەك تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دەرئەنجامەکانی سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەرئەنجامەکانی لەسەر جیهان و لەسەر ئەو کێشە و قەیرانانەی لە ئارادان.



## دیمانەی تایبەت

* سەرەتا دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، کە هۆکار و پاڵنەرەکانی دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی بوون؟ ئایا خواستی گەلی ئەمریکا بوو بۆ گۆڕانکاری و بێزاری و بێئومێدبوون بوو لە سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك بایدن، بەتایبەتی کە ترەمپ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و لە زۆربەی ویلایەتە یەکلاکەرەوەکاندا دەنگی زۆرینەی بەدەست هێنا؟

- لە ڕاستیدا دۆناڵد ترەمپ بە ڕێژەیەکی کەمی دەنگ لە تێکڕای دەنگەکان لەسەر ئاستی وڵاتەکە هەڵبژاردنەکەی بردەوە، کەواتە نابێت لەم ڕووەوە بڵێین سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی بەدەست هێنا، بەڵام هەروەك ئاشکرایە، شێوازی هەڵبژاردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەشنێکە کە ئەگەر هەر پاڵێوراوێك لە ویلایەتێکدا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئەوا تێکڕای ئەو ویلایەتە بۆ ئەو یەکلا دەبێتەوە، کە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا. ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکاری هەڵبژاردنەوەی وەك سەرۆکی ئەمریکا، ئەوا دید و تێڕوانینی باوی نێو شارەزا و تایبەتمەندانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە پاڵنەری سەرەکی بۆ دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بریتی بوو لە خواستی هێنانەئارای گۆڕانکاری، چونکە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بڕوانیت، ئەوە بەدی دەکەیت، کە پارتە حوکمڕانەکان لە هەڵبژاردنەکاندا شکستیان هێنا، یان جەماوەریان لە دەست دا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوونی خواست و ویستی گۆڕانکارییە، شارەزایانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاش پێیان وایە ئەمە هۆکاری سەرەکییە کە بتوانین بۆی بگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوەی

**ناتوانرێت لە هەڵسەنگاندنی خولی پێشووی ترەمپەوە سیاسەتی ئایندەی بخوێنرێتەوە**

**پارتە حوکمڕانەکان لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا شکستیان هێنا، یان جەماوەریان لە دەست دا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی گۆڕانکارییە**

**ترەمپ بە ڕێژەیەکی کەمی دەنگ لە تێکڕای دەنگەکان لەسەر ئاستی وڵاتەکە هەڵبژاردنەکەی بردەوە، کەواتە نابێت لەم ڕووەوە بڵێین سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی بەدەست هێنا**

**لەبەر ئەوەی کامیلا هاریس نوێنەرایەتیی ئیدارەی جۆ بایدنی دەکرد، هاوشان کرایەوە بە سەرجەم ئەو کێشە و تێڕوانینە نەرێنیانەی لە ئاست ئەو ئیدارەیەدا لە ئارادا بوون**

**ترەمپ و تیمەکەی دەیانەوێت ئەو بیرۆکەیە لای بەرانبەرەکانیان دروست بکەن، کە ناتوانرێت پێشبینیی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەوان بکرێت**

ئەو دەرئەنجامەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا هاتنەئاراوە و ئاماژە بەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی کامیلا هاریس نوێنەرایەتیی ئیدارەی جۆ بایدنی دەکرد، هاوشان کرایەوە بە سەرجەم ئەو کێشە و تێڕوانینە نەرێنیانەی لە ئاست ئەو ئیدارەیەدا لە ئارادا بوون.

*** ئاشکرایە کە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرسێك نییە تەنیا بەو وڵاتەوە پەیوەندیدار بێت، بەڵکو دەرئەنجام و کاریگەری لەسەر تێکڕای جیهان دەبێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە تێکڕای جیهان سەرقاڵن بە لێکدانەوەی ئەگەر و دەرئەنجامەکانی سەرکەوتنی ترەمپ لەم هەڵبژاردنانەدا، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، سەرۆکی هەڵبژێردراو (دۆناڵد ترەمپ) گومانی لەسەر زۆرێك لە هەڵوێستەکانی ئێستای ئەمریکا لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، لەم ڕووەوە لەسەر ئاستی جیهانیش باس و خواس لەبارەی ئەوەوە دەکرێت، کە ئایا دۆناڵد ترەمپ پابەند دەبێت بە هەڵوێستە درێژخایەنەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەرانبەر کێشەکانی وەك ئۆکرانیا و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ ئایا لەم ڕووەوە گۆڕانکاری ڕوو دەدات؟ خاڵێکی دیکە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ و تیمەکەی دەیانەوێت ئەو بیرۆکەیە لای بەرانبەرەکانیان دروست بکەن، کە ناتوانرێت پێشبینیی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەوان بکرێت. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تیۆرێك، یان ستراتیژیەتێك هەبێت و بناغەی کارکردنی دۆناڵد ترەمپ و کەسانی دەوروبەری بن، ئەوەیە کە پێشبینینەکردنی سیاسەتەکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاتی گفتوگۆکاندا لە پێگەیەکی باشتردا بن.

*** بۆچی دۆناڵد ترەمپ ئەم شێوازی کارکردنە پیادە دەکات؟ ئایا لە ئیدارەی پێشوویدا، ئەوە ڕێچکە و شێوازێکی سەرکەوتوو بوو؟ ئایا بووە هۆی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی خوازراو تاوەکو جارێکی دیکە دووبارەی بکاتەوە؟**

- ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێریی دۆناڵد ترەمپ و هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەکەن، پێیان وایە ڕەنگە نەتوانرێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئیدارەی پێشووی ترەمپ پێشبینییەکی ڕاست و دروست لەبارەی ماوەی دەسەڵاتی داهاتوویەوە بکرێت، چونکە لە یەکەم ئیدارەیدا ڕووبەڕووی بەرهەڵستکاریی زۆرێك لە ئەندامانی ئیدارەکەی بووەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەو کەسانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی پۆستەکانی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترەمپ بگرنە دەست، کەسانێکن کە پتر دڵسۆز و وەلائیان بۆ سیاسەت و خواستەکانی ترەمپ دەبێت.

*** دیوێکی دیکەی بانگەشەکردنەکانی ترەمپ بۆ ئەوەی دووبارە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگەڕێنرێتەوە بۆ پێگەیەکی مەزن و شکۆمەند، پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانە، بە واتایەکی دیکە ترەمپ دەیەوێت لە دەرەوەی ئەم دامەزراوانە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بکات، بە دیدی ئێوە ئەمە چەند ڕاستە و ئایا دەرئەنجامەکانی چی دەبن؟**

- من پێم وایە ئەمە ڕێی تێدەچێت و ئەگەری ئەوە هەیە ڕوو بدات. ئەگەرچی ناتوانین لە سەتا سەت دڵنیا بین لەم بارەیەوە. هەر چۆنێك بێت، دەکرێت گومانمان نەبێت لەوەی کە سەرۆکی هەڵبژێردراو (دۆناڵد ترەمپ) بایەخ بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نادات و، تێڕوانینی ئەو لەم ڕووەوە ئەوەیە کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ئامرازێکی دەستی دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەو دامەزراوانەن و پێی وانییە ئەم دامەزراوانە گرنگییەکی گەورەیان هەبێت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

*** ئێمە دەزانین کە دۆناڵد ترەمپ هەمیشە خۆی وەك کەسێك دەخاتەڕوو کە توانای گەیشتن بە لێکتێگەیشتن و ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکان هەیە، لەم ڕووەوەش پەنا بۆ شێوازێکی دیاریکراو و تایبەت بە خۆی دەبات. ئایا پێتان وایە بە گرتنەبەری ئەم شێوازە، کار بۆ چارەسەرکردن، یان بەلای کەمەوە خاوکردنەوەی کێشە و قەیرانەکانی جیهان بکات؟**

- من گومانم هەیە لەوەی دۆناڵد ترەمپ بتوانێت ئەو چەشنە ڕێککەوتنانە ئەنجام بدات کە خۆی بانگەشەیان بۆ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە ڕێچکەیەکی تەواو مامەڵەکارانە دەگرێتەبەر، هەروەها ئەو لەسەر بنەمای ئەو



گریمانەیە دەست بە کارەکانی دەکات، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێگەیەکی تەواو بەهێزدایە بۆ چوونە نێو هەر گفتوگۆیەکەوە لەبارەی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی زۆرێك لەو قەیرانانەی بەرۆکی جیهانییان گرتووە. من نازانم ئەمە تا چەند لە هەلومەرجە واقیعییەکەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، بەڵام ئەگەر لە گوتار و لێدوانەکانی بڕوانیت، ئەوا بەو دەرئەنجامە دەگەیت، کە دۆناڵد ترەمپ پێی وایە ئەمریکا لە پێگەیەکی بەهێزتردایە لەوەی کە ئیدارەی جۆ بایدن دەرکی پێدەکرد. بۆ نموونە لە پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە، ئەوا دۆناڵد ترەمپ پێی وایە بە هەڕەشەکردن بە سەپاندنی گومرگی زیاتر بەسەر کاڵاکانەدا دەتوانێت چین ناچار بە سازشکردنی گەورە بکات. من نازانم ئەمە تا چەند ڕاستە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە تێڕوانینی دۆناڵد ترەمپ و ڕاوێژکارە سەرەکییەکانیەتی.

*** دۆناڵد ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە لە پێگەی هێزەوە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێت و هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتی و کۆتاییهێنان بە شەڕ بدرێت. ئایا ئەمە ئەوە نییە کە ئێوە لەو وەڵامەدا ئاماژەی پێدەکەن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پێگەیەکی بەهێزەوە، ئەوا من گومانێکی زۆرم هەیە لەوەی دۆناڵد ترەمپ دەست بۆ زیادکردنێکی بەرچاوی بودجەی وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکە ببات. واتە ڕاستە ڕەنگە بە ڕادەیەك ئەم بودجەیە زیاد بکات، بەڵام پێم وانییە زیادکردنێکی گەورە دەبێت. هەرچۆنێك بێت پاڵێوراوی دۆناڵد ترەمپ بۆ پۆستی وەزیری بەرگری لە ئیدارەکەیدا، کەسایەتییەکی زۆر ناسراو نییە، بەڵام ئەگەر پەسەند بکرێت و ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، ئەوا ڕەنگە هەندێ لە سیاسەتەکانی ئەو وەزارەتە پێچەوانە بکاتەوە و کارێك بکات کە ببێتە هۆی ئەوەی، وا دەرکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێگەیەکی باشتر و بەهێزتردایە. بەڵام دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە سەرەڕای ئەوەی ناتوانرێت پێشبینیی ترەمپ بکرێت، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە بە ڕادەیەکی گەورە و بەرچاو دەست بۆ زیادکردنی بودجەی بەرگریی ئەمریکا ببات.

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر کریستۆفەر جەی فێتەوێس بۆ گوڵان:

# ڕەنگە شێوازی سەرشێتانەی بڕیاردانی ترەمپ لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بشکێتەوە

کریستۆفەر جەی فێتەوێس، پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بواری گرنگە وەك سیاسەت و ستراتیژیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەکی کۆمەڵکوژ، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی بەناوبانگ و ئاستبەرزی وەك زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئێستای جیهان و پێشبینییەکان لەبارەی ئیدارەی داهاتووی دۆناڵد ترەمپەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

**ناتوانرێت بە گەشبینییەوە سەیری ئاشتی و ئاسایشی جیهان بکرێت لەبەر ئەوەی شەڕەکان بە ئاسانی کۆتاییان نایەت**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، کە ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێستای جیهان دەڕوانن، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە پێناچێت ئەو شەڕانەی هەڵگیرساون، بەرەو خاوبوونەوە و چارەسەر بڕۆن و بگرە بەرەو ئاڵۆزی و هەڵکشانی زیاتر دەڕون، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگای بە ئۆکرانیا داوە، مووشەکە دوورهاوێژەکانی بۆ هێرشکردنە سەر خاکی ڕووسیا بەکار بهێنێت.**

- ئەگەر ئێمە لە ئایندەیەکی نزیك بڕوانین، ئەوا ڕەنگە هەست بە ڕەشبینی بکەین، ڕەشبینییەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە، ئەو شەڕانە لە مەودایەکی نزیکدا کۆتاییان پێبێت و چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە کە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاترە درێژەی کێشاوە. بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە کە هەر دوو لایەنی شەڕەکە، دەرك بە واقیعەکە بکەن و لەبەرچاوی بگرن. مەبەستم ئەوەیە ڕووسیا لەو ڕوانگەیەوە لە دۆخەکە بڕوانێت کە ناتوانێت بگاتە کییڤ و داگیری بکات، لە هەمان کاتدا ئۆکرانیاش ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت، کە ناتوانێت خاکە داگیرکراوەکانی لەدەست ڕووسیا ڕزگار بکاتەوە. هەرچەندە پێناچێت هێشتا هەردوولا ئەم واقیع و ڕاستییەیان قبووڵ کردبێت. بە داخەوە پێدەچێت کە کوشتارێکی زیاتر لە هەردوولا بکرێت، پێش ئەوەی بگەنە ئەم دەرئەنجام و قەناعەتە.

*** توێژەرانی بواری شەڕ ئاماژە بەوە دەکەن، تاوەکو دۆخێك دروست نەبێت و تێیدا هەردوو لایەنی شەڕەکە هەست نەکەن، کە چیتر بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕ لە**

**دەکرێت ڕووسیا لەو ڕوانگەیەوە لە دۆخەکە بڕوانێت کە ناتوانێت بگاتە کییڤ و داگیری بکات، ئۆکرانیاش ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت، کە ناتوانێت خاکە داگیرکراوەکانی لەدەست ڕووسیا ڕزگار بکاتەوە**

**جێی داخە کە ڕووسیا و ئۆکرانیا، دوای کوشتار و شەڕێکی زۆر بگەنە ئەو قەناعەتە کە ئەوەی دەگوزەرێت، جگە لە زیان هیچ بەرەوپێشچوونێکیان بۆ دەستەبەر ناکات**

**پێشتریش پێم وابووە کە هەڕەشەکانی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی ڕاستەقینە بوون**

**بەرژەوەندییاندا نییە، ئەوا ڕەنگە هیچ لایەکیان ئامادە نەبن دەست لە شەڕکردن هەڵبگرن. ئایا پێتوایە دۆخی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەم حاڵە گەیشتبێت؟**

- لە ڕاستیدا جێی داخە کە دوای کوشتار و شەڕێکی زۆر هەردوولا (ڕووسیا و ئۆکرانیا) بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی دەگوزەرێت، جگە لە زیان هیچ بەرەوپێشچوونێکیان بۆ دەستەبەر ناکات، بەڵام ئێمە وەك چاودێری دەرەکی پێمان وایە کە درەنگ، یان زوو دەبێت بارودۆخەکە بەو حاڵەتە بگات.

*** لە ئێستادا و دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی بە ئۆکرانیا دا، بۆ بەکارهێنانی مووشەکە دوورمەوداکانی بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئامانجەکانی نێو خاکی ڕووسیا، سەرۆك ڤلادمیر پوتین پێداچوونەوەی کرد، بەوەی پێی دەڵێن «عەقیدەی ئەتۆمی»، کە تێیدا هەلومەرجەکانی بەکارهێنانی ئەم چەکەی دەستنیشان کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕایگەیاند، ئەم هەنگاوەی ئەمریکا سرووشتی شەڕەکە دەگۆڕێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من پێشتریش پێم وابووە کە هەڕەشەکانی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی ڕاستەقینە بوون. دواتر من باوەڕم وایە ئەگەر لایەنەکان خۆیان نەیانەوێت شەڕەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر ببەن، ئەوا پەنا بۆ گرتنەبەری ئەو هەنگاوانە نابەن کە ئەم دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە. ئێوە بڕواننە حاڵەتی نێوان ئێران و ئیسرائیل، کە ڕاستە هێرشیان کردە سەر یەکتری، بەڵام بە چەشنێك نەبوو کە بەرەو هەڵکشانێکی گەورەی ببەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە دەبێت هەردوو لایەنی شەڕەکە(ڕووسیا و ئۆکرانیا) دەرك بەوە بکەن کە ناتوانن سەرجەم ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، بەتایبەتی ئۆکرانیا ناتوانێت ئەو خاکانە ڕزگار بکاتەوە کە ڕووسیا دەستی بەسەردا گرتوون، بەڵام ئێمە بینیمان لە ماوەی ڕابردوودا ئۆکرانیا پەنای بردەبەر داگیرکردنی بەشێك لە خاکی ڕووسیا و دەستی بەسەر ناوچەی «کورسك»دا گرت؟ ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن؟**

- ئەو داگیرکارییەی خاکی ڕووسیا لەلایەن سوپای ئۆکرانیاوە چەند هۆکارێکی لە پشت بوو. یەکەمیان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازان و سوپای ئەو وڵاتە بوو، بۆ ئەوەی ئۆکرانیا بتوانێت درێژە بە شەڕەکە بدات. هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە ئەو ڕاستییە بۆ وڵاتە هاوکارەکان بخاتەڕوو کە ئۆکرانیا توانای هێرشبردنی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەش درێژە بە هاوکارییەکانیان بۆ ئۆکرانیا بدەن. ڕەنگە هۆکارێکی دیکە ئەوە بێت کە ئۆکرانیا چاوی لەوە بێت، ئەگەر پرۆسەی دانوستاندن دەست لەگەڵ ڕووسیا پێبکات،، ئەوا بتوانێت ئاڵوگۆڕێك بەم ناوچانە بکات لەگەڵ ئەو ناوچە و خاکانەی خۆی کە لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کراون، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بزانین کە کەس پێی وانییە ئۆکرانیا هەوڵی ئەوە بدات بەرەو قووڵایی زیاتری خاکی ڕووسیا پێشڕەوی بکات، بۆ نموونە بیەوێت بە ئاراستەی مۆسکۆ بڕوات. چونکە ئەمە هەلومەرجێك نییە کە ئەگەری ڕوودانی لە ئارادا بێت. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، ڕەنگە ئامانجی ئۆکرانیا ئەوە بێت کە ئەگەر هەر گفتوگۆیەك بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بکرێت، ئەوا ئەم هەلومەرجە وەك کارتێکی گوشار بەکار بهێنێت. هەر چۆنێك بێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین هەلومەرجەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، چونکە ئەم کارەی ئۆکرانیا مایەی سەرسوڕمانی هەمووان بوو، بەتایبەتی بۆ خودی ڕووسیا.

*** ئێمە دەزانین کە چەندین وڵات لەم شەڕەدا هاوکاریی ڕووسیا دەکەن. لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت، کە ژمارەیەکی زۆری سەربازانی کۆریای باکوور بەشدار بن لەم شەڕەدا و شان بە شانی سوپای ڕووسیا شەڕ لە دژی ئۆکرانیا بکەن، پێشتریش باس لەوە دەکرا کە ئێران و ڕووسیا هاوکارییە سەربازییەکانی نێوانیان بەرەوپێش بردووە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هاوکاریی سەربازیی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوا من پێم وایە ئەمە زیاتر یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە، چونکە ئەگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا چەندین وڵات هەن کە هاوکاریی یەکتر دەکەن،

بە بێ ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئەوتۆ لە نێوانیاندا هەبێت، بەتایبەتی هاوکاریی نێوان ڕووسیا و ئێران و کۆریای باکوور، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەوەی ئەم وڵاتانەی کۆکردووەتەوە، بریتییە لە بەرهەڵستییان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بۆ ئەو تێڕوانینەیان کە پێیان وایە ڕۆژئاوا دەستتێوەردان لە کاروبارەکانیاندا دەکات. بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەشنێك کار بکات کە ببێتە هۆی ئەوەی وڵاتی چین بچێتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە و هاوکارییەکی تەواویان بکات، ئەوا ئەمە دەبێتە گەمژەییەکی ستراتیژی گەورە بۆ ئەمریکا. دواتر ڕووسیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزێکی مەزنی جیهانییە، بەڵام ئەگەر تەکنەلۆژیای مووشەکی بالیستی و خودی ئەم مووشەکانە لە وڵاتانی وەك ئێران و کۆریای باکوورەوە بەدەست بهێنێت، ئەمە چیمان پێدەڵێت دەربارەی پێگەی ئەم هێزە و ئایا چیتر دەتوانێت وەك پێشتر بانگەشەکانی بکات؟

*** ئێوە ئاماژەتان بە چین کرد. ئایا دەکرێت بڵێین ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا هاتووەتە ئاراوە، پتر لە بەرژەوەندیی چینە، بەتایبەتی کە ئەم بارودۆخەکە بووەتە هۆی سەرقاڵکردنی ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟ ئایا ئەمە بواری بۆ چین نەڕەخساندووە بۆ ئەوەی درێژە بە دەستڕۆیشتوویی و توانای خۆی لە جیهاندا بدات؟**

- ڕەنگە بتوانین ئەمە بڵێین، بەڵام دەکرێت لەو ڕوانگەیەشەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، کە ئایا هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و ئەو دەرئەنجامانەی بە دوایدا هاتوون، نابێتە هۆی ئەوەی چین پێداچوونەوە بە ئەگەری هێرشکردنە سەر تایوان نەکات؟ لەلایەکی دیکەوە ئابووریی چین بە چەشنی پێشوو باش نییە، هەروەها پێم وایە چین پێی باش نییە بکەوێتە دۆخێکەوە کە ناچار بێت هەڵوێست وەربگرێت لە نێوان هەڵبژاردنی ڕووسیا و ڕۆژئاوا. بەتایبەتی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پێشتر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و دوای ئەویش ئیدارەی جۆ بایدن، هەڵوێستی سەختیان لە ئاست چیندا گرتەبەر. لەلایەکی دیکەوە چین بە دەست چەندین کێشەی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت، لەبەر هەموو ئەوانە پێم وانییە چین زۆر پەرۆش بێت، بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسیی شەڕەوە تێوەبگلێنێت.

*** زۆر باشە با کۆتا پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکانتانەوە بێت لەبارەی ئەو هەڵوێست و سیاسەتانەی ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترەمپ پیادەی دەکەن، کە ئاشکرایە ترەمپ توانی سەرکەوتنێکی گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست بهێنێت. ئایا پێتان وایە چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشە و قەیرانەکانی جیهاندا دەکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە لە سەرووەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دۆناڵد ترەمپ چەندین لێدوانی سەرشێتانەی دا. بۆیە ڕەنگە نەتوانین لەم ڕووەوە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئاراستەی کارکردنی چۆن دەبێت.

**ئێران و ئیسرائیل، ڕاستە هێرشیان کردە سەر یەکتری، بەڵام بە چەشنێك نەبوو کە بەرەو هەڵکشانێکی گەورەی ببەن**



ئەگەرچی لەوە دڵنیاین کە لە ئیدارەی ئەم جارەیدا خەڵکانێکی جیاواز پۆست وەردەگرن. هەرچۆنێك بێت، پێم وانییە گۆڕانکارییەکی زۆر ڕوو بدات. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەم، کە زۆر کەس لە جیهاندا ڕەنگە ترسیان لە ترەمپ و لە شێوازی سەرشێتانەی بڕیاردانی ترەمپ هەبێت و بۆی هەیە، ئەمە لە ڕووی ستراتیژییەوە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بێت. بەڵام ئایا بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن ترسیان لە ترەمپ دەبێت و لەم ڕووەوە پتر ئامادەی گفتوگۆ دەبن؟ ئەوا من نازانم. بەڵام ئەوەی پێی وابێت بە ماوەیەکی کەم دوای گرتنەدەستی دەسەڵات، ترەمپ گۆڕانکاری گەورە دەهێنێتە ئاراوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕەکانەوە، ئەوا تووشی نائومێدی دەبێت.

**کەس پێی وانییە ئۆکرانیا هەوڵی ئەوە بدات بەرەو قووڵایی زیاتری خاکی ڕووسیا پێشڕەوی بکات**



د. گۆڤەند شیروانی
ئەکادیمی و شارەزای بواری نەوت بۆ گوڵان:

# تەنیا بۆ جێبەجێکردنی خواست و ئەجندای دەرەکی لە ڕاگرتنی نەوتی هەرێم زیانی ٢٠ ملیار دۆلار بەر عێراق کەوتووە

# بۆڕیی نەوتی کەرکووک - هەرێمی کوردستان – جەیهان لە توانایدایە ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بگوازێتەوە

## پێویستە دوور لە میزاجی سیاسی و ئەجندای دەرەکی و ناوخۆیی بە عەقڵانی بڕوانرێتە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان

دوای ٢٠ مانـگ ڕاوەسـتانی هەناردەکردنـی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان، دەنگـۆی ئـەوە هەیـە لـە سـەرەتای سـاڵی داهاتـوو (٢٠٢٥) دەست بـە هەناردەکردنـەوەی نەوتـی هەرێـم بکرێتـەوە. هـاوکات وا پێدەچێـت لـەم خولـەی پەرلەمانـی عێراقـدا فریـای دەرکردنـی یاسـای نـەوت و گازی فیدراڵـی نەکـەون، لەبـەر ئـەوەی بـە هـۆی نەبوونـی سـەرۆکی پەرلەمـان بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، زۆر لـە یاسـاکان لەنـاو ڕەفـی پەرلەمـان مانـەوە. بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم دۆسـیەیانە کـە ژمارەیـەك پرسـی گرنگـی لەخـۆ گرتـووە، بەتایبەتـی هەموارکردنـەوەی بڕگەیەکـی ماددەی ١٢ی یاسـای بوودجـە کـە تایبەتـە بـە تێچـووی بەرهەمهێنانـی نەوتـی هەرێـم و دواتـر خەمڵاندنـی تێچـووی بەرهەمهێنانـی نەوتـی کێڵگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن کۆمپانیایەکـی پسـپۆڕی بێلایەنـەوە. هەمـوو ئـەم بابەتانـە تـەوەرەی دیدارێکـی گۆڤـاری گـوڵان بـوون لەگـەڵ دکتـۆر گۆڤەنـد شـیروانی ئەکادیمـی و شـارەزای بـواری نـەوت.

*** نزیکـەی ٢٠ مانگـە هەناردەکردنـی نەوتـی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و، ئێستا بـاس لـەوە دەکرێـت، لـە سـەرەتای سـاڵی داهاتـوو (٢٠٢٥) دەسـت بـە هەناردەکردنـەوەی نەوتـی هەرێمـی دەکرێت. ئایا لـەم ماوەیـەدا چەند زیانی دارایی بـەر کـۆی داهاتـی عێـراق کەوتـووە؟ بۆچـی ئـەو زیانـە گەورەیـە لـە خۆیـان دەدەن، تەنیـا لـە پێنـاوی ئـەوەی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان هەنـاردەی دەرەوە نەکرێتـەوە؟**

- پێشـنیارەکەی ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێراق کە لـە دوای سـەردانەکەی محەمـەد شـیاع سـوودانی بۆ هەرێمی کوردستان هـات، دوو بەشی گرنگ لەخۆ دەگرێت. یەکەم ڕاسـتکردنەوەی بڕگەیـەك لـەو ماددەیـەی بوودجـەی گشـتیی عێراقـی فیـدراڵ کـە ڕێگـر بـوو لـە بـەردەم دەرهێنـان و گواسـتنەوە و هەناردەکردنـەوەی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە بڕگەکـە پەیوەندیـدار بـوو بـە تێچـووی دەرهێنـان و گواسـتنەوەی نـەوت، ئـەو بـڕە تێچوونـەی کـە دانرابـوو، تـا ڕادەیـەك لـە نیـوەی ئـەو نرخـەی تێچوونـی بەرهەمهێنانـی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان کەمتـر بـوو، کـە لەلایـەن وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکانی هەرێمـی کوردسـتانەوە دیـاری کرابـوو. هـەر خـۆی لەخۆیـدا شـێوازی وەبەرهێنـان و دەرهێنـان و گواسـتنەوەی نـەوت لـە هەرێمـی کوردسـتان زۆر جیاوازتـرە لـە گرێبەسـت و شـێوازی کارکردنـی گـەورە کۆمپانیاکانـی دیکـە کـە لـە کێڵگـە جۆراوجۆرەکانـی عێراقـدا کار دەکـەن. لـەم ڕوانگەیـەوە ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێـراق بـڕی ١٦ دۆلاری بـە شـێوازی کاتـی و وەکـو سـولفە



**لە پێناو بەمەرکەزیکردن و قۆرخکاری لە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز زۆر لایەن پێیان خۆش نییە یاساکە دەربچێت**

بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت دیاری کردووە، تا ئەو کاتەی وەزارەتی نەوتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاوێژکاریی بە گەورە کۆمپانیایەکی پسپۆڕی بێلایەنی بیانی دەکەن، لەسەر بڕی تێچووی ڕاستەقینە و دادپەروەرانەی بەرمیلێك نەوت لە هەر کێڵگەیەکدا بە جیا. بەو واتایەی ئەگەر ئێمە ١٠ کێڵگەی نەوتمان هەبێت بۆ هەر کێڵگەیەك خەملاندنێکی جیاوازی دەرهێنان و گواستنەوەو هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ دەکرێت. واتا تا ئەو کاتەی کۆمپانیا پسپۆڕییە بیانییەکە تێچووەکەی دیاری دەکات، ئەو کات جیاوازییەکە لە ١٦ دۆلارەکەوە دەدرێتەوە. ئەگەر بۆ نموونە ٢٠ دۆلاری تەرخان کرد، ئەوا دەبێت بۆ هەر بەرمیلێك حکومەتی عێراق چوار دۆلار بە کۆمپانیاکان بداتەوە. خۆ ئەگەر باسی زیانەکانی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەین، کە ١٩ مانگە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاوە و بۆ هەر مانگێك ئەگەر کەمترین بڕی نەوت ڕۆژانە بە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لەسەر ٧٠ دۆلار حیساب بکەین، ئەوا زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار زیان بەر داهات و ئابووریی



عێراق و هەرێمی کوردستان کەوتووە، لەکاتێکدا ئەگەر جیاوازیی ئاستی تێچوونمان بەو ئاستە دیاری بکەین، کە هەرێمی کوردستان دایناوە، ساڵانە تەنیا یەك ملیار دۆلار ناکات. بۆیە هەندێك لایەنی سیاسی و گرووپی چەکدار لەژێر فشاری ئەجندای دەرەکی ئەم کارەیان کردووە، بێ ئەوەی گوێیان لەوە بێت حکومەتی عێراق و گەلەکەی زیانێکی ٢٠ ملیار دۆلاری دەکەن. ئەو پەرلەمانتار و کەس و گرووپە چەکدارانە، تەنیا بە ئامانجی زیانگەیاندن و ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەم کارە هەڵەیەیان کردووە و ئامادە بوون ئەو زیانە گەورەیە بکەن، تەنیا لەپێناو ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

بۆیە پێویستە سەرکردە گەورەکانی ناو هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، دوور لە مزاجی سیاسی و ئەجندای دەرەکی و ناوخۆیی، بیروبۆچوونیان بەو ئاراستەیە بچێت، کە هەنگاوی خێرا بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بنێن. ئەم پێشنیازەی محەمەد شیاع سوودانی و ئەنجومەنی وەزیرانەکەی بۆ هەناردەرکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هەلێکی زێڕینە بۆ هەمووان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی دەست بە

**بۆ ئەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە زیندوویی لەدایک بێت دەبێت لە ئاژاوە و ئاشووبی ناو پەرلەمان بپارێزرێت**

**کاتێک کۆمپانیا بیانییەکان بانگهێشت کران، هەر خۆیان بە سەدان ملیۆن دۆلاریان وەبەرهێنان لە کەرتی پشکنین و گەڕان و دەرهێنان و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت کردووە**

**لە هەندێک کێڵگەی عێراقیش تێچووی بەرهەم دەگاتە ٢٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک و ئەم تێچووەش نزیکە لەو تێچوونەی کە هەرێم خەمڵاندوویەتی بۆ کێڵگەکانی کوردستان**

هەناردەکردنەوەی نەوت بە تێچوونی ١٦ دۆلار بکرێت، تا ئەو کاتەی کۆمپانیا پسپۆڕەکە تێچووی ڕاستەقینەی هەر کێڵگەیەکی نەوتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە هەرسێ لایەن (حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی هەرێم، کۆمپانیاکانی نەوت)، بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت، بەو شێوەیە ڕێککەوتوون کە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم بەرز بکرێتەوە بۆ «١٦ دۆلار»، ئەم پرسە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر دراوە و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت. ئایا ژینگەی سیاسیی ئێستای پەرلەمانی عێراق ڕێگە دەدات ئەم بڕیارەی حکومەتەکەی سوودانی وەك خۆی تێپەڕێنرێت؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەبێت باسێکی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، کە جیاوازە لە کێڵگەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق، چونکە لە هەرێمی کوردستان ژێرخانی پیشەسازیی و کێڵگەکانی نەوت نەبووە، سەرجەم وەبەرهێنان و کارکردن لەو کێڵگانە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە لە خاڵی «سفر»ەوە دەستی پێکراوە. کاتێك کۆمپانیا بیانییەکان بانگهێشت کران، هەر خۆیان بە سەدان ملیۆن دۆلاریان وەبەرهێنان لە کەرتی پشکنین و گەڕان و دەرهێنان و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت کردووە. لە قۆناغەکانی پشکنین و گەڕان و ڕووپێوی جیۆلۆجی و هەڵکەندنی بیرەکان و هێنانی سەدان ئامێری پێشکەوتوو و کادیر و پسپۆڕی بیانی داهاتێکی زۆر خەرج کراون. بە ڕادەیەك لە نزیکەی ٥٠ بلۆك کە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان گرێبەستی هەبووە، ڕەنگە تەنیا ١٠ بلۆك لە قۆناغی وەبەرهێنان بێت، ئەمانەش ئاستی بەرهەمهێنانیان وەکو یەك نییە و کەم و زۆرە، بۆیە لەم شێوازەی گرێبەستدا تێچوونی وەبەرهێنان داخڵی تێچووی زیادەی کارکردن و بەکارخستن و گواستنەوەی نەوت دەبێت. ئەم حاڵەتە لە کێڵگەکانی نەوت لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق نەبووە و حکومەتی عێراق کێڵگەکانی بە ملیارەها دۆلاری وەبەرهێنان تێدا کردووە و ژێرخانێکی ئامادەی بووە، هەر لەبەر ئەمەشە شێوازی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا جیاوازە. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێك کێڵگەی عێراقیش تێچووی بەرهەم دەگاتە ٢٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك و ئەم تێچووەش نزیکە لەو تێچوونەی کە هەرێم خەمڵاندوویەتی بۆ کێڵگەکانی کوردستان، بەڵام ئەوەی عێراق بە تێکڕا سەرجەم کێڵگەکان حیساب کراون، بۆیە ئەم تێچوونە بە تێکڕا کەم بووەتەوە. دەرئەنجام بە ناوبژیوانی و پسپۆڕیی ئەو کۆمپانیا بیانییەی کە دوای دوو مانگ لە هەموارکردنەوەی بڕگەی مادده یاساییەکەی بوودجە دەبێت خەمڵاندن بۆ تێچوونی بەرمیلێك نەوت بکات و، هەر دوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکەوتن بکەن، دواتر بەڕاپۆرتێك بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەرز دەکرێتەوە و کاتێك پەسەند کرا، ئەو بڕە پارەیەی تێچووە دادپەروەرانەکە بۆ کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت و تێچووی ٦٠ ڕۆژەکەش کە بە سولفە ١٦ دۆلار دراوە، یەکلا دەکرێتەوە و، ئەگەر زیاتر بوو، ئەوا وەزارەتی نەوتی عێراق پابەندە بە دانەوەی جیاوازییەکە.

هەرچی ئەو پرسەی پەیوەندی بە پەرلەمان و ژینگەی سیاسیی وڵاتەوە هەیە، ئەگەر هاتوو بۆ نموونە کۆمپانیا پسپۆڕییەکە بڕی ١٢ دۆلاری بۆ بەرهەمهێنان و ٧ دۆلاری بۆ گواستنەوە تەرخان کرد، ئیتر بیانوویەکی وا نامێنێت. بۆ نموونە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بڕی ٢٤ دۆلاری بۆ بەرهەمهێنان و ٨ دۆلاری بۆ گواستنەوەی تەرخان کردووە و تەنیا لە بەرهەمهێنان ژمارەکان دوورن لە یەکترەوە، بۆیە من پێم وایە دەنگە نیشتمانپەروەرەکان و عەقڵانییەکان دەبێت زاڵ بن لەسەر ئەو پەرلەمانتار و کەسانەی بە مزاجی سیاسی و بەرژەوەندیی دەرەکی و نێوخۆیی بیر دەکەنەوە و ڕێگر بوون لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای ئەوەی نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار زیانیان بە گەنجینەی عێراق و گەلی عێراق گەیاند، لە کاتێکدا بوودجەی گشتیی عێراق نزیکەی ٤٩ ملیار دینار کورتهێنانی هەیە و ئەگەر ڕاگرتنی

ئەو بڕە داهاتەی نەوتی هەرێم نەبووایە، دەکرا بەو داهاتە (یەک لەسەر سێ)ی کورتهێنانی بوودجەکە پڕ بکرایەتەوە.

* بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی کراوە. دەبوو «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» لەم خولەی پەرلەماندا تێپەڕێنرێت، بەڵام ئەوا بەرەو هەڵبژاردنێکی دیکە دەچین و یاساکە نەگەیشتووەتە پەرلەمان. ئایا ئاستەنگە سەرەکییەکانی نەوت و گازی فیدراڵی خودی یاساکەیە، یان لە ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵیدایە؟ ئایا گەیشتووینەتە بنبەست، یان ئومێدێک هەیە بۆ ئەوەی دەرگایەکی لێ بکرێتەوە؟

- کێشەی پەرلەمانی عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان و گەلی کورد ئاڵۆزە، هەر خۆی لە خۆیدا ئەو پەرلەمانە ساڵێکە بێ سەرۆک بووە، بە دەیان یاسای گرنگ هەبوون گفتوگۆیان لەسەر نەکراوە و ئامادە نەکراون بۆ پەسەندکردن، لە هەمووشی گرنگتر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بوو، کە من وای بۆ دەچم، هەر خۆشیان مەبەستیان وابوو ئەم یاسایە دەرنەچێت. بۆیە ئەگەر حزبە سیاسییەکانی عێراق لە ڕێگەی سەرکردە بەناوبانگەکانی عێراقەوە لەسەر بابەتەکان ڕێك نەکەون و فشار نەخەنە سەر پەرلەمانتارەکانیان، ئەوا لەناو پەرلەمان لەناو گێژاوی زۆرینەی عەرەبی سوننە و شیعە و شەڕ و ئاشوب و ئەجندای دەرەکی، نەک یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەڵکو هیچ یاسایەکی دیکەش بە تەندروست لەدایك نابێت. ئەم یاسایەی نەوت و گازی فیدراڵی دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێم دەربچێت و ماف و ئەرکەکانی هەموانی تێدا جێگیر بکرێت. هەر خۆی لەخۆیدا لە دەستووردا لە چەندین ماددە ئاماژە بە مەرکەز و پارێزگا و هەرێمەکان کراوە. بەڵام لێرەدا زۆر لایەن پێیان خۆشە یاسای نەوت و گازی فیدراڵ دەرنەچێت، تاوەکو هەر بە شێوەیەکی مەرکەزی و بە قۆرخکاریی نەوت و گاز ئیدارە بکرێت. ئەمە لە کاتێکدا دەستوور لە ماددەی ١١٢ زۆر بە ڕوونی ڕێگای داوە بە شەراکەتی نێوان حکومەتی فیدراڵی و پارێزگا و هەرێمەکان (یەك هەرێم هەیە کە کوردستانە) دۆسیێی نەوت و گاز بەڕێوەببرێت.

* لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ و دوای ئەوەی بوودجەی عێراق بۆ ساڵەکانی (٢٠٢١٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥) پەسەند کرا و، بەپێی یاسای بوودجە بڕیار بوو هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ هەناردە بکات، بەڵام کێشەی دیاریکردنی «تێچوویی بەرهەمهێنانی نەوت» کە بە شێوەی تێکڕا لە پەرلەمانی عێراق خەمڵێنرابوو، لەگەڵ شێوازی کۆنتراکتەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت یەکی نەدەگرتەوە. وەك شارەزایەکی کەرتی وزە ئایا پێتانوایە، ئەم پێداگرییەی پەرلەمانی عێراق لەسەر حیساب نەکردن بۆ کۆنتراکتەکانی نەوتی هەرێم، فاکتەری سیاسی لە پشتەوە بوو، یان یاسایی؟

- گرێبەستەکانی هەرێم گرێبەستی شەراکەتە لە بەرهەمهێنان، واتا بەشێك لە بەرهەمەکەی دەبێتە پشکی کۆمپانیاکە لە بەرانبەر خەرجی و تێچوونەکانی ئەو کارە تەکنیکی و هونەرییەی دەیکەن. هەرچی گرێبەستەکانی عێراقە زۆربەیان گرێبەستی خزمەتگوزارین و ئەو بڕە پارەیەی بۆ کۆمپانیاکانی نەوت لە عێراق خەرج دەکرا، بۆ کاری بەڕێوەبردن و تەکنیکی و گەڕان و پشکنین و دەرهێنان، زۆر کەمتر بوو، چونکە کێڵگەکان دامەزرا بوون، ئەو کۆمپانیایانە تەنیا کاریان ئەوە بوو بەرهەمەکە زیاد بکەن، ئەمە هۆکاری جیاوازییەکەی گرێبەستەکان و تێچوونەکانە، هەرچەندە ئەوانیش گرێبەستەکانیان گۆڕیوە و کردوویانەتە شەراکەت کە لە قازانج لە ١٥٪ بۆ ٣٠٪ سەردەکەوێت، ئەمەش دەگاتە قۆناغێك لە گرێبەستەکانی هەرێم زیاتر، یان کەمێك کەمتر بێت، بەمەش لە دواگرێبەستەکانی عێراق قازانجێکی زۆر نزیك لەوەی هەرێم دەدەنە کۆمپانیاکان، خۆ ئەگەر گرێبەستەکانی هەرێمیش بکرێتە شێوازی نوێی گرێبەستەکانی عێراق، ڕەنگە کۆمپانیاکانیش ئەمە ڕەت نەکەنەوە، چونکە بەو شێوە زۆرە قازانجەکانیان کەم ناکات و، بگرە لەبەر ئەوەی لەکاتی بەرهەمهێنانی زیاتر

**بوودجەی گشتیی عێراق نزیکەی ٤٩ ملیار دینار کورتهێنانی هەیە و ئەگەر ڕاگرتنی ئەو بڕە داهاتەی نەوتی هەرێم نەبووایە، دەکرا بەو داهاتە (یەک لەسەر سێ)ی کورتهێنانی بوودجەکە پڕ بکرایەتەوە**

**ئەو دەنگانەی شۆڤێنی و سەر بە ئەجندای دەرەکین، باڵادەستترن لە کەسە نیشتمانپەروەرەکان، ئەگینا گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانیش وەکو گرێبەستەکانی عێراق گرێبەستی یاسایین**

**ئەگەر شەڕ و ئاڵۆزییەکان ڕوو لە عێراق بکەن و میلیشیا چەکدارەکانی ئەم وڵاتە لە شەڕی ئیسرائیل تێوەبگلێنن، ئەوا بارودۆخی ئابووری و کێڵگە نەوتییەکانی عێراق و بەتایبەتی بەسرا لەسەر کەنداو زۆر خراپتر دەبێت**

قازانجی زیاتر بەدەست دەهێنن. وەکو ئاماژەم پێدا مزاجی سیاسی و بەرژەوەندیی ئیقلیمی و ئەجندای دەرەکی و زۆربەی جار دژایەتیی شۆڤێنیی دژ بە قەوارەی هەرێمی کوردستان وای کردووە، بە عەقڵانی لە بەغدا بیر نەکرێتەوە و ئەو دەنگانەی شۆڤێنی و سەر بە ئەجندای دەرەکین، باڵادەستترن لە کەسە نیشتمانپەروەرەکان، ئەگینا گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانیش وەکو گرێبەستەکانی عێراق گرێبەستی یاسایین، بۆیە ئاستەنگەکە زیاتر سیاسی و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانە، وەکو ئاماژەم پێدا، زیانی ٢٠ ملیار دۆلار لە گەنجینەی دەوڵەت کە بە هۆی ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بەری کەوتووە، ئەو دەنگە ناڕەزایەتی و پیلانگێڕییانە لێی بەرپرسن کە بە شێوەیەکی ناعەقڵانی و نائابوورییانە هەڵسوکەتیان کردووە. ئەوەتا بە هۆی جووڵاندنی ئەو دۆسییە لە دادگای ناوبژیوانانی پاریس بووە هۆی ڕاگرتنی بۆریی نەوتی کەرکووك -هەرێمی کوردستان – جەیهان، لە کاتێکدا گواستنەوەی نەوت لە کەنداو و دەریای عەرەب و دەریای سوور، بە هۆی هەڕەشەکانی حووسییەکان تێچوونی تەئمیناتی زۆر کەوتووە لەسەر عێراق و نرخی



نەوتەکەشی بەرانبەر نرخی جیهانی نەوت کەم بووەتەوە. خۆ ئەگەر شەڕ و ئاڵۆزییەکان ڕوو لە عێراق بکەن و میلیشیا چەکدارەکانی ئەم وڵاتە لە شەڕی ئیسرائیل تێوەبگلێنن، ئەوا بارودۆخی ئابووری و کێڵگە نەوتییەکانی عێراق و بەتایبەتی بەسرا لەسەر کەنداو زۆر خراپتر دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بۆریی نەوتی کەرکووك- هەرێمی کوردستان — جەیهان لە توانایدایە ڕۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بگوازێتەوە، چونکە توانای هەناردەکردنی نەوتی بەسرا گەیشتووەتە دوا توانای خۆی و ئەگەر ڕێکخراوی ئۆپێك پشکی عێراقیش زیاد بکات، ئەوا دەزگا و کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت لەم وڵاتەدا توانای زیادکردنی بەرهەمیان نییە، لەم ڕوانگەیەوە گەڕانەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ هەرێم و عێراق و گەلانی عێراق سوودێکی یەکجار زۆری هەیە، بەڵام ئەمەش کاتی دەوێت، بەو پێیەی دەبێت زنجیرەیەك گفتوگۆ ئەنجام بدرێت، چونکە حکومەتی عێراق پابەندی ناردنی ئەو بەشە نەوت و بەنزین و گازوایل و سووتەمەنییانە نییە بۆ هەرێمی کوردستان کە بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق بە نرخێکی پاڵپشتیکراو دابینی دەکات.

**حکومەتی عێراق پابەندی ناردنی ئەو بەشە نەوت و بەنزین و گازوایل و سووتەمەنییانە نییە بۆ هەرێمی کوردستان کە بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق بە نرخێکی پاڵپشتیکراو دابینی دەکات**



پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نەرمین مەعرووف
ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوینەرانی عیراق بۆ گوڵان:

# زیادکردنی تەرخانکراوی بڕگەکانی بوودجە و چارەسەرکردنی کیشەی پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە

**وەزارەتەکانی عیراق لە بوودجەیەکی ٢٧ تریلیۆن دیناری داهاتی نانەوتی لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنیا هەشت تریلیۆن دیناریان کۆ کردووەتەوە**

**لە دوای هەموارکردنەوەی بڕگەی (٢- ج) لە ماددەی ١٢ی بوودجە، دەبیت لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا کۆمپانیای پسپۆڕیی نەوت دۆسیی تیچوونی ڕاستەقینەی دەرهینان و گواستنەوەی بەرمیلیک نەوتی هەریم یەکلا بکاتەوە**

**وەکو لیکدانەوەی خۆمان بۆ بڕیاری دادگای فیدراڵی، ئەوا دەبیت ئەو ١١,٥ تریلیۆن دینارە بەشی ١٢ مانگەکەی ئەمساڵ بکات، بەڵام بەش ناکات**

پرسی مووچەکانی کۆتایی ئەمساڵی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بابەتی بوودجە و هەموارکردنەوەی بڕگەکەیەکی ماددەی ١٢ی تایبەت بە نەوتی هەرێمی کوردستان و، گرنگیی ئەنجامەکانی سەرژمێری بۆ بوودجە و گەڕانەوەی تەواوی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر نەرمین مەعرووف ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



**ئەو شاندانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دێن لە ئاستی پەیوەندیکردن و پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵماندا لاوازن**

**ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵی دەسەڵاتی هەیە، ئەگەر بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە و گەنم و کارەبا و...هتد کەم بێت، بڕەکەی زیاد بکات**

**یاسای بوودجە بۆ سێ ساڵە (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥) واتا تا خولێکی دیکەی پەرلەمانی عێراق و یاسایەکی نوێی دەرچووی بوودجە بەردەوامیی هەیە**

*** با سەرەتای پرسیارەکانمان لە پرسی دوو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێبکەین. باس لەوە دەکرێت مووچەکانی مانگی ١١ و ١٢ی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان لە بەردەستی وەزیری دارایی عێراقی فیدراڵدایە، ئایا تا چەند بەدواداچوونتان بۆ ئەم پرسە کردووە؟**

- ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی کورد بەدواداچوونی جددی و ورد دەکەین لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەرجەم بوارەکانی مووچە و بوودجە و هەموو ئەو مافە داراییانەی دیکە کە بەپێی دەستوور و یاسای بوودجە و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەرچوون، بەڵام وەکو لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، هەندێك وردەکاری و بابەتی هەنووکەیی هەن کە پەیوەندییان بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و یاسای بوودجەوە هەیە. لیژنەی دارایی لەسەر ئەو پرەنسیپانە کاروبارەکانیان ڕێك دەخەن و زۆر گرنگی بەو بوارانە نادەن کە بە ئیجتیهادی کەسی و لایەنەکان باسیان لێوە دەکرێت، بۆ نموونە لە بابەتەکانی هەژماری من و تەوتین و ئینفاقی فعلی و بابەتی هەنووکەیی تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت و شایستەکانی گەنمی جووتیاران و چەندین بابەتی دیکەدا لیژنەکەمان بەپێی یاسا و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی هەڵسوکەوت لەسەر ئەو بابەتانە دەکات. لەم ماوەیەی ڕابردوودا زیاتر بەدواداچوونمان بۆ داهاتی نانەوتی کردووە، کە بەداخەوە کەمتر بوو لەو بڕەی ئاماژەیان بۆ کردبوو، کە ٢٧ تریلیۆن دینار داهاتی نانەوتی لە ٢٠٢٤ هەبێت، کەچی وا دەردەکەوێت لەم ژمارەیە داهاتی نانەوتی لە ٢٠٢٤ کەمتر بێت. بڕیارە پێش وادەی بوودجەی ٢٠٢٥ داتا و ژمارەی ڕاستەقینەمان بۆ بێتەوە، چونکە حکومەت بۆ فەسڵی یەکەم (شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ) بەپێی وتەکانی وەزارەتی دارایی لە بوودجەیەکی ٢٧ تریلیۆن دیناری تەنیا هەشت تریلیۆن دیناری کۆ کردووەتەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە بوودجەکەدا دوو خاڵی گرنگ هەن، یەکەمیان چۆنیەتی هەموارکردنەوەی ئەو بڕگەیەی کە پەیوەندیی بە تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێمەوە هەیە، خۆ ئەگەر لە پەرلەمان ئەم پرۆژە پێشنیارە تێپەڕێندرێت، سەرەتایەکی باشە، هەروەها ڕەنگە ئەم هەموارە سەر بکێشێت بۆ بڕگەی دیکە، چونکە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق تەنیا باسی لە هەموارکردنەوەی بڕگەی ( ٢- ج ) لە ماددەی ١٢ی یاساکە کردووە، کە دەرفەتی دیکە هەیە و تایبەتە بە پشکی هەرێم و شایستەکانی دیکەی. سەبارەت بە مووچەی مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ی ئەمساڵی هەرێمی کوردستانیش، هەرچەندە زانیاریی جیاواز هەیە و، ئەو شاندانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دێن لە ئاستی پەیوەندیکردن و پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵماندا لاوازن، بەڵام هەرچۆنێك بێت وەکو لێکدانەوەی خۆمان بۆ بڕیاری دادگای فیدراڵی، ئەوا دەبێت ئەو ١١,٥ تریلیۆن دینارە بەشی ١٢ مانگەکەی ئەمساڵ بکات، بەڵام بەش ناکات، لەبەر ئەوە دیسان خەرجیی فیعلی کە گوایە لە زمنی ئەو پارەیەی خەرج کراوە بۆ مووچەی هەرێمی کوردستان ئەو ١٢،٦٧٪ ی وەرگرتووە، وەزارەتی دارایی لە بەغدا دەڵێت ئێمە هەموو بوودجەکەمان خەرج نەکردووە، تاوەکو بۆ هەرێمیش هەموو ئەو بوودجەیە بنێرین و وەکو خۆی خەرجی بکەن. لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی ئەو ١٢،٦٧٪ خەرج بکرێت، بەپێی ماددەی ٦٠ لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە بۆ زیادکردنی تەرخانکراو، بە واتایەکی دیکە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵی دەسەڵاتی هەیە، ئەگەر بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە و گەنم و کارەبا و... هتد کەم بێت، بڕەکەی زیاد بکات، بەڵام بۆ گواستنەوە لە بابەتێك بۆ بابەتێکی دیکە ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیری داراییدایە، ئەمە ماوەتەوە لەسەر گفتوگۆ و ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەرێم. بە شێوەیەکی گشتی یاسای بوودجە بۆ سێ ساڵە (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥) واتا تا خولێکی دیکەی پەرلەمانی عێراق و یاسایەکی نوێی دەرچووی بوودجە بەردەوامیی هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٦ یاسایەکی نوێی بوودجە دەردەکرێت و لەو ماوەیەدا هەر ڕێککەوتن و هەموارێك لە بوودجەدا بکرێت، ڕۆڵی باشی دەبێت لە تێپەڕاندن و پەسەندکردنی بوودجەی نوێ و پاراستنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ماددەیەی تێچووی دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت هەموار بکرێت، کە لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی لەسەر داوە و بۆ پەرلەمان بەرزی دەکاتەوە.

*** تا چەند گفتوگۆ و داواکاریی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەموارکردنەوەی بڕگەی (٢- ج) لە ماددەی ١٢ی یاسای بوودجە لەسەر تێچووی**

دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت، ئومێدبەخشە بۆ دەستپێکردنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان؟**

- هەڵبەتە لە یاسای بوودجەدا بڕی شەش دۆلار دیاری کراوە بۆ تێچوون و بەرهەمهێنانی نەوت، ئەمەش زۆر کەمترە لە تێچوون و بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، هەر لەبەر ئەمەش بوو، کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستاندا ئامادە نەبوون بەو بڕە پارە کەمە ڕازی بن. ئەوە بوو لە ماوەکانی ڕابردوودا گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوامیی هەبوو، تاوەکو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا بڕیاری پێداچوونەوە بەو بڕگەیەی یاسای بوودجەی عێراقی فیدراڵ درا، کە تایبەت بوو بەم تێچووەی کە لە بڕگەی ٢- ج لە ماددەی ١٢ی یاساکەدا هاتووە، تاوەکو لە قۆناغی سەرەتا ١٦ دۆلار دیاری بکرێت بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی بەرهەمهاتوو لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستاندا، وەکو تێچووی دەرهێنان و گواستنەوە و لە دوای ٦٠ ڕۆژ لە دوای هەمواركردنی ئەو بڕگەیە کۆمپانیایەکی پسپۆڕی ئەم بوارە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێم و وەزارەتی نەوتی فیدراڵی ڕادەسپێردرێت، بەپێی تایبەتمەندێتی هەر یەك لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشانی تێچوویەکی دادپەروەرانە و ڕاستیی دەرهێنان و گواستنەوەی نەوتەکە بکات. واتا ١٦ دۆلار وەکو سولفە خەرج دەکرێت تاوەکو کۆمپانیا پسپۆڕەکە دەستنیشانی تێچووەکە دەکات و دواتر پاکتاوی دارایی دەکرێت. بە واتایەکی دیکە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا دەبێت کۆمپانیا پسپۆڕییەکە دۆسێی تێچوونی ڕاستەقینەی دەرهێنان و گواستنەوەی بەرمیلێك نەوت لە کێڵگەکانی کوردستان یەکلا بکاتەوە، ئەمەش فاکتەرێکی باشە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە بۆ بەندەری جەیهان، یان بەکارهێنانی بۆ پێداویستیی ناوخۆ، بەمەش بەشی زۆری ئەو گلەیی و گازندانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەوەی هەرێم تەنیا پارە وەردەگرێت، نامێنێت. لایەنێکی دیکەی تایبەتمەندێتی و سوودی ئەم پێشنیارەی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە تێچوو و گواستنەوەی نەوت دەچێتە سەر خەرجیی سیادی، کە پێشتر ئەم تێچوون و خەرجییە لە ناو پشکی هەرێمی کوردستان دیاری کرابوو.

*** لە ناو گێژاوی ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری تێوەگلانی عێراق لە شەڕی ئیسرائیل، ئایا دۆخی دارایی ئەم وڵاتە بەرگەی شەڕ و ئاڵۆزییەکی لەم شێوەیە دەگرێت؟**

- ئابووری و بارودۆخی دارایی عێراق هەمیشە قوربانیی شەڕ و ململانێ سیاسییەکان و شوێنەوارەکانی جەنگ بووە، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق کە ٨٧٪ی بوودجەکەی لەسەر داهاتی فرۆشتنی نەوتە و تەنیا ١٣٪ی لەسەر داهاتی نانەوتییە، ئەو نەوتەی زیانمەندی سەرەکی دەبێت لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ، واتا هەر گۆڕانکارییەك لە بەرهەمهێنان و گواستنەوە و فرۆشتنی نەوت ڕوو بدات، داهاتەکان ڕووبەڕووی کورتهێنان دەبێتەوە، ئەم حاڵەتە بۆ دابەزینی بەهای نەوتیش وایە، لە کاتێکدا لە بوودجەدا خەمڵاندن لەسەر ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك کراوە و ئەگەری هەیە بۆ ساڵی داهاتوو نرخی نەوت لە ناو بوودجەدا کەمتر بکرێتەوە، تاوەکو شوێنەوارەکانی کورتهێنانی بوودجەکە ئەوەندە زۆر نەبێت، چونکە ئاماژەکان هەموویان بەو ئاراستەیەن نرخی بەرمیلێك نەوت دابەزێت.

*** دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی سەرژمێری، ئایا تاچەند لە ڕووی بوودجە و پلان و ستراتیژیەتی ئابووری و پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەدا، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و مافەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێندرێتەوە؟**

- دەکرێت بۆ ئایندە دەرئەنجامەکانی سەرژمێری بکرێتە بنەمایەك بۆ پلاندانان و بەرنامەی کاری حکومەت لە بوارەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەژاری و بێکاری و چۆنیەتیی خەرجکردنی داهاتی گشتی لە بوارەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تەندروستی، خوێندن، ئاو، کارەبا، ڕێگەوبان و... هتد، ئەمەش بە پشتبەستن بە بڕگەی سێیەم لە ماددەی ١٢١ی دەستوور، کە دەبێت پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتە فیدراڵییەکان تەرخان بکرێت بۆ هەرێم و پارێزگاکان بە لەبەرچاوگرتنی دەرامەت و پێداویستی و ڕێژەی دانیشتووانیان کە بەشی جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانیان بکات. لە ١٨ ساڵی ڕابردوو حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای خەمڵاندن بۆ ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی گەشەکردنیان پلان و بەرنامەی کارەکانی خۆی ئاراستە کردووە، لەم نێوەندەشدا پشکی

**لە یاسای بوودجەدا بڕی شەش دۆلار دیاری کراوە بۆ تێچوون و بەرهەمهێنانی نەوت، ئەمەش زۆر کەمترە لە تێچوون و بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا**

**ئابووری و بارودۆخی دارایی عێراق هەمیشە قوربانیی شەڕ و ململانێ سیاسییەکان و شوێنەوارەکانی جەنگ بووە**

**هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدراڵی دادنپێدانراو لە مادەی ١١٧ی دەستوور و بە پێی چەندین ماددەی دەستووری مافی لە داهات و سامانەکانی عێراقدا هەیە**

**لە یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠١٨وە تا ساڵی ٢٠٢٣ کە یاسای بوودجەی سێ ساڵەی تێدا دەرچووە، وەزارەتی دارایی فیدراڵ پشکی هەرێم و تەواوی شایستەکانی لە بوودجەی گشتی بۆ ١٢،٦٧٪کەم کردووەتەوە**

**لە یاسای بوودجەی سێ ساڵەش وێڕای ئەوەی وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی بە ١٤٪ خەمڵاندبوو، بەڵام پشکی هەرێم هەر بە ١٢,٦٧٪ دیاری کرایەوە**

هەرێم و پارێزگاکانی لە یاسای بوودجەی گشتی، بوودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، قەرز و بەخششە نێودەوڵەتییەکان دیاری کردووە، دەرەنجام وێڕای بەدینەهاتنی ئامانجەکانی گەشەپێدان وەك خۆی، زۆر کات نادادپەروەری لەم دابەشکارییە بووەتە مایەی قووڵبوونەوەی کێشەکان و فراوانبوونی جیاوازییەکان. هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدراڵی ددانپێدانراو لە مادەی ١١٧ی دەستوور و بەپێی چەندین ماددەی دەستووری مافی لە داهات و سامانەکانی عێراقدا هەیە، لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر سەرنج بدەین لە یاساکانی بوودجەی فیدراڵی، هەر لە یەکەم یاسای بوودجە لە دوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٦ و بەدواوە، پشکی هەرێم لە خەرجیی گشتی و قەرزە دەرەکییەکان و تەرخانکراوی پەرەپێدانی هەرێمەکان لە ناو ئەو یاسایانەدا جێگیر کراوە، بەڵام هاوشێوەی پشکی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لەسەر بنەمای خەمڵاندن بۆ ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بڕیار لەو پشك و شایستانە دراوە. لە یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠١٨وە تا ساڵی ٢٠٢٣ کە یاسای بوودجەی سێ ساڵەی تێدا دەرچووە، وەزارەتی دارایی فیدراڵ پشکی هەرێم و تەواوی شایستەکانی لە بوودجەی گشتی بۆ ١٢،٦٧٪کەم کردووەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو ڕێژەیە تەنیا لە خشتەی خەرجییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە و لە هیچ دەقێکی یاسای بوودجەی ئەو ساڵانەدا بە ڕوونی ئەو ڕێژەیە نەنووسراوە.

لە یاسای بوودجەی ساڵانی ٢٠١٨، ٢٠١٩،٢٠٢١ دیاریکردنی پشکی هەرێم لە کۆی خەرجی کرداری (بەگەڕخستن و وەبەرهێنان)ی پەیوەست کردووە بە نفووسی پارێزگاکانی هەرێم. لە یاسای بوودجەی سێ ساڵەش وێڕای ئەوەی وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی بە ١٤٪ خەمڵاندبوو، بەڵام پشکی هەرێم هەر بە ١٢,٦٧٪ دیاری کرایەوە، جگە لەوەش پشکی هەرێم لە بوودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بە ١١٪ دیاری کرا، بە بیانووی ئەوەی ڕێژەی هەژاری بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە هەرێم کەمترە.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییانەی لە ١٨ ساڵی ڕابردوودا بەسەر پشك و شایستەکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە یاساکانی بوودجەی فیدراڵ، نەبوونی داتا و زانیاریی ڕاست و درووستە دەربارەی ژمارەی دانیشتووان، و پەنابردنە بەر مەزەندەکردن و خەمڵاندن بۆ دابەشکردن و خەرجکردنی داهاتە گشتییەکان. لەمەوە ڕوونە کە ئەنجامەکانی سەرژمێریی گشتی کە لە ڕۆژانی ٢٠و ٢١ی ئەم مانگە بەڕێوە چوو، چارەنووسسازە بۆ ئایندەی مافە دارایی و ئابوورییەکانی هەرێم و پارێزگاکان.





دادوەر بەشدار مەجید
دادوەری داواکاری گشتی بۆ گوڵان:

# قەڵاچۆکردنی مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە ئیرادەی سیاسی و کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر هەیە



## دەبێت ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان لە قاچاخچی و بازرگانەکانی مادده هۆشبەرەکان جیا بکرێنەوە

## گرفتی ئێمە لە مادده هۆشبەرەکان لە پەروەردە و پەرەپێدانی مرۆیی و هۆشیاریدایە، بۆیە زەفەر بە گەنجەکانمان دەبرێت

## مامۆستای ئایینی و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەبێت ڕۆڵیان لە بنبڕکردنی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا هەبێت

## هەڵکشانی بەکارهێنەران و تۆمەتبارەکانی قاچاخچێتیکردن و تێوەگلانی کەسانی دەسترۆیشتوو و مافیا و باندی چەکداری، ئەنفالێکی دیکەیە دەرهەق بەم نەتەوە مەزڵوومە

گۆڤاری گوڵان، دیدارێکی لەگەڵ دادوەر بەشدار مەجید دادوەری داواکاری گشتی و ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان ئەنجام دا، کە ساڵانێك دادوەری لێکۆڵینەوە بووە و ماوەی ١٦ ساڵی کارکردنی لە بواری لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بووە کە لەسەر بەکارهێنان و تاوانی قاچاخچێتی بە مادده هۆشبەرەکانەوە زیندانی کراون، لەسەر مەترسی و کەموکورتییەکانی چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگان و قاچاخچییەکانی ئەم مادده ژەهراوییەش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** سەرۆك بارزانی لە وتارێكیدا جەختی لەسەر مەترسی و گرنگیی بنبڕكردنی قاچاخچییەكانی مادده هۆشبەرەكان كردەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەترسیی قاچاخچێتی بەم مادده ژەهراوییەوە بۆ گەنجەكانمان لە هەرێمی كوردستان گەیشتووەتە چ ئاستێك؟**

- سەرۆك بارزانی زۆر بە جددی و خەمخۆرییەوە لە مەترسیی تەشەنەكردنی ئەم ژەهرە كوشندەیەی مادده هۆشبەرەكان ئاگاداری كردینەوە، كە بنبڕكردنی ئەم ماددەیەی لە دوای پرسی پەرلەمان و حكومەت و هێزی پێشمەرگەی كردە یەكێك لە ئەركەكانی سەرشانی حكومەتی داهاتوو. بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەكان بەم شێوەیەی ئێستا لەناو توێژی گەنجان و فراوانبوون و زیادبوونی بازرگانێتیكردن پێوەی و هەڵكشانی بەكارهێنەران و تۆمەتبارەكانی قاچاخچێتیكردن و تێوەگلانی كەسانی دەستڕۆیشتوو و مافیا و باندی چەكداری، ئەنفالێكی دیكەیە دەرهەق بەم نەتەوە مەزڵوومە، كە پێدەچێت و هەموو ئاماژەكانیش بۆ ئەوە دەڕوات، دەست و ئەجندای دەرەكی لە پشتەوە بێت، بۆ لێدانی گەنجی كورد و تێكچوونی شیرازەی خێزان و كۆمەڵگە و دواتر دوورخستنەوەیان لە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری.

**ئەم مەترسییە ئەنفالێكی سپییە و بە هاوشێوەی كۆمەڵكوژی و جینۆساید و كیمیاباران و تەرحیل و تەعریب كورد لەناو دەبات**

من ١٦ ساڵی كاركردنم لە بواری لێكۆڵینەوە لەگەڵ ئەو خەڵكانەدا بووە كە لەسەر مادده هۆشبەرەكان زیندانی كراون، ئەم مەترسییە ئەنفالێكی سپییە و بە هاوشێوەی كۆمەڵكوژی و جینۆساید و كیمیاباران و تەرحیل و تەعریب كورد لەناو دەبات، ئەو كوردەی كە بە پاك و بێگەردیی خێزان و ئارامیی كۆمەڵگەكەی بەناوبانگە، دوژمنەكانی كورد هەموو ڕێگایەكیان تاقی كردەوە، تەنانەت بە نانەوەی دووبەرەكی و فیتنە و ئاشووب لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەكاندا. لە ئێستادا مافیا و باندی گەورە تێكەڵ بەم بازرگانییە بووە، نەوەكو تەنیا بە ڕێڕەو و ترانزێت خاكی كوردستان بەكار بهێنن بۆ گواستنەوەی ژەهرەكانیان، بەڵكو بۆ بەكارهێنانی لە نێوخۆی كوردستانیشدا، ئەوەتا لە سەرجەم سنوورەكانی ئێران و سووریا و عێراق و بگرە لە



ئەفریقیاوە قاچاخچییەکان ئەم مادده ترسناکە دەهێننە نێوخۆی کوردستان، لەمەشدا گرووپ و هێزی چەکداریی جۆراوجۆر تێوەگلاون، کە بە تەئکید بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی زۆری پارەی پیسی ئەم قاچاخچێتییە وا دەکات، گرووپی ترسناك دروست ببن و پارە پیسەکانیان تێکەڵ بە دەیان تاوان و کاری نایاسایی دیکە بکەن، هەر لە ڕفاندن و کوشتن و تیرۆر تا دەگاتە پەیوەندیی سیخوڕی بە دەزگا و وڵاتانی دەوروبەرەوە.

*** بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان جگە لەوەی پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، تا چەند پێویستە بکرێتە پرسێکی گشتگیر و مامۆستایانی ئایینی و هونەرمەندان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاران تێیدا بەشدار بن؟**

- بە پلەی یەکەم دەزگای ئاسایش و پێشمەرگە و پاسەوانانی سەر سنوور و تەواوی هێزەکانی ناوخۆ بەرپرسن لە کۆنترۆڵکردن و دەستگیرکردنی تۆمەتباران، دواتر ڕۆڵی دەزگاکانی تەندروستی و پەروەردە و چاکسازی دێت، هەروەها پێویستە قوربانییەکان لە قاچاخچییەکان جیا بکرێنەوە و چارەسەر بکرێن و بگەڕێندرێنەوە نێو کۆمەڵگە، لە تەنیشت ڕۆڵی ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و دادگاکاندا، ڕۆڵی کەسایەتی و چین و توێژەکانی دیکە دێت، کە ڕاگەیاندن وەکو دەسەڵاتی چوارەم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو دەسەڵاتی پێنجەم دێن، ئەمانە دەبێت پاڵپشتی و هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی ڕۆڵیان لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەدا هەبێت، بەتایبەتی لای گەنجاکان و خێزان لەم مەترسییە گەورەیە کە وێنەی نییە. من جارێکیان لە مامۆستایەکی ئایینی گوێبیست بووم کە مادده هۆشبەرەکانی بەراورد دەکرد بە مادده کحوولییەکان، گوایە لە ئایینی ئیسلامدا باسی ئەو ماددەیە نەکراوە و تەنیا باسی ئەو ماددانە کراوە کە خەڵکی سەرخۆش دەکەن، لە کاتێکدا کەسانی ئالوودەبوو بە مادده بێهۆشکەرەکان سەرشۆڕ دەبن و زیاتر تووشی زیانی ماددیی گەورە و مەعنەوی دەبن، تا ئەو ڕاددەیەی تووشی سەرلێشێواوی و تاوانیش دەبنەوە. کەسی تووشبوو بە مادده هۆشبەرەکان هیچ بەهایەکی بۆ خێزان نامێنێت و وەکو پەتایەکیش کەسانی دیکە

**لە سەرجەم سنوورەکانی ئێران و سووریا و عێراق و بگرە لە ئەفریقیاوە قاچاخچییەکان ئەم مادده ترسناکە دەهێننە نێوخۆی کوردستان، لەمەشدا گرووپ و هێزی چەکداریی جۆراوجۆر تێوەگلاون**

**پێویستە بە زووترین کات لەژێر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆک بارزانی بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە چارەسەری ئالوودەبووەکانیش بکەین**

**کەسی تووشبوو بە مادده هۆشبەرەکان هیچ بەهایەکی بۆ خێزان نامێنێت و وەکو پەتایەکیش کەسانی دیکە تووش دەکات**

**بۆ ئەوەی کەسێک خیانەت لە نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات و جاسووس و پیاوبکوژ بێت، ئەوا سەرەتا ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەکرێت**

**ئێستا لە ناو ئافرەت و ڕەگەزی مێدا ئالوودەبوون ڕووی لە زیادبوونە، چونکە ئەمانە دەتوانن زۆر بە ئاسانی بە سەدان گەنج فریو بدەن**

**بۆچی بیر لەوە نەکراوەتەوە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر بکرێتەوە؟**

تووش دەکات، بەداخەوە ئەمانە هاوڕێی خراپن و بەشێکی ئالوودەبووانیش هۆکارەکەی بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزانەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە هەرگیز مەترسیی مادده هۆشبەرەکان بەراورد ناکرێت بە مادده کحوولییەکان، دەکرێت ئەم بەراوردکارییە لە ئایینی ئیسلامدا بەو تاوان و بەلاڕێدانانە بەراورد بکرێت، کە زیانی کوشندە بە مرۆڤ و خێزان و کۆمەڵگە دەگەیەنن، تەنانەت بۆ ئەوەی کەسێك خیانەت لە نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات و جاسووس و پیاوبکوژ بێت، ئەوا سەرەتا ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەکرێت، چونکە دوا جار لە پێناو ئەوەی ماددەی بێهۆشکەری دەست بکەوێت کە نرخەکەی گرانە، پەنا بۆ هەموو تاوان و تاوانکارییەك دەبات، هەر لە دزین و کوشتن و سیخوڕییەوە تاوەکو زیانگەیاندن بە دەوروبەر، بۆیە کاتێك سەرۆك بارزانی باس لە مەترسییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپ و باندە چەکدارەکانی قاچاخچێتی بە مادده هۆشبەرەکان دەکات، باش ئاگاداری ئەوەیە کە نەیار و دوژمنانی کورد و زۆر لە کەسانی دەستڕۆیشتووی حزب و لایەنە سیاسییەکان و بگرە دەستڕۆیشتوو لە ناو هێزی چەکداریدا دەستیان لەم تاوانکارییەدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی پێویستە حکومەتی داهاتوو لەسەر ئاستی باڵا و کەسانی دەستڕۆیشتوو ڕووبەڕووی قاچاخچییانی ماددەی هۆشبەر ببنەوە، لەم پێناوەشدا پێویستە هەموو دەستەبژێری مامۆستایانی ئایینی و هونەرمەند و ڕۆشنبیر و سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاران ڕۆڵی گەورە بگێڕن لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەرکەوتووە هەرێمی کوردستان نەك تەنیا ناوچەیەکە بۆ ترانزێت و تێپەڕاندنی ئەم ماددەیە لە نێوان ئێران و سووریا و تورکیا و عێراقدا، بگرە کردیانە ناوچەیەکی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر، هەر خۆیشی وایە لەو ناوچە و پارێزگا و وڵاتانەی کە بازرگانی و قاچاخچێتی بە ماددەی هۆشبەر دەکەن، دواتر بۆ بەدەستهێنانی پارە و دەستکەوت لە ناو گەنجەکانیشدا ئەو ماددەیە بڵاو دەکرێتەوە و خەڵکانێکی دیکەش ئالوودەی ئەم ژەهرە دەکەن. لە ساڵی ١٩٩١ بە دەگمەن کەسێك تووشی ئەم ماددەیە ببوو، تەنانەت هەر کەسێك لەم کارە تێوەگلابێت، سزاکەی جێبەجێکردنی لەسێدارەدان بوو، نەك وەکو ئێستا کە بازرگانێتی بە مادده هۆشبەرەکان زۆر فراوان بووە و لە هەموو لایەکەوە ماددەی هۆشبەر بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنن و بووەتە پێگەیەکی ترانزێتی نێوان ئاسیا و ئێران و بۆ کیشوەری ئەورووپا. باشە دەزگایەکی ئەمنی کاتێك داتایەك دەخاتە ڕوو بەوەی تاکو ئێستا ٥٠٠ بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون و ١٠٠ بەکاربەریش لە ناو زیندانەکاندان، ئەم ژمارانە ڕاستەقینە نییە، چونکە ئەگەر ئەو هەموو قاچاخچی و بازرگانەی مادده هۆشبەرەکان هەبێت، ئەوا گەنجانی ئالوودەبوو زۆر زیاترن لەو ژمارەیەی کە باس دەکرێت، گوایە تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر نزیکەی ٧٠ هەزار کەسە، گرفتەکە لەوەدایە کە ئێستا لە ناو ئافرەت و ڕەگەزی مێدا ئالوودەبوون ڕووی لە زیادبوونە، چونکە ئەمانە دەتوانن زۆر بە ئاسانی بە سەدان گەنج فریو بدەن.

*** باسی بوونی کەسانی دەستڕۆیشتووت لە ناو حزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسانی چەکدار کرد، کە کاری قاچاخچێتی و بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان دەکەن، دەکرێت زیاتر ڕوونی بکەنەوە؟**

- بەداخەوە دوای ئەوەی ژمارەی بازرگان و قاچاخچییەکانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان زیاد بووە و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و بوونی چەك و تەقەمەنی و پارەیەکی زۆر لە لایان و هەڵکشانی قەبارەی بازرگانێتییەکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کەسانی دەستڕۆیشتوو و چەکدار لەم کارە قێزەوەنەوە تێوەگلاون، بەداخەوە کەسان و حزب و گرووپی وا هەن، وەکو ئەوە وایە خۆی بە ساحێبی وڵاتەکە نەزانێت، لەبری پەروەردە و هوشیاری، گەنجەکانیان فریو داوە بە دروشمی بریقەدار و بێ ئامانج و، تەنیا بە دوای بەرژەوەندیی ماددی و ئامانجی سیاسی و ئابوورییەوەن. ئەوەتا لە ناوچە شاخاوییەکان بە قاچاخ و لە دەروازە سنوورییەکان و لە ناو گەشتیاران و شوێنە گشتییەکاندا مادده هۆشبەرەکان تا دێت زیاتر دەبێت، لە بەرانبەردا لە بەرپرسیارێتی و ئەرکەکان دوور کەوتووینەتەوە، هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەکەیتەوە، باس باسی سیاسەت و ململانێ و کێبڕکێی نازانستی و ناعەقڵانییە، هەمووی بووەتە ڕاوێژکار و چاودێری سیاسی و بۆ تێکشکاندنی تاکی کورد کار دەکەن، هەر هەموو ئەم کەناڵانە هێندەی (افتح یاسمسم)ی بەرنامەی سەرەتای ساڵانی هەشتاکان بەرهەمدار نین.

*** ئایا یاساکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی**



**مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کەموکورتیی تێدایە؟ ئەگەر هەیە، چی بکرێت بۆ ئەوەی لەم خولەی پەرلەماندا کاری جددی لەسەر بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بە فریاکەوتن و چارەسەرکردنی ئەو گەنجانەی کە قوربانیی ئەم مادده هۆشبەرە بوون و ئالوودە بوون؟**

- هەر یاسایەك کە دەردەچێت، ئەگەر هەڵقوڵاوی ناخ و ئازاری ئەو میللەتە نەبێت، ئەوا سەرکەوتوو نابێت. باشە لە ساڵی ١٩٦٥ یاسای ژمارە ٦٨ دەردەچێت دەڵێت «بۆ دادوەر هەیە لە بری ئەوەی تۆمەتبار _بەتایبەتی چارەسەرکردنەوەی ئەوانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون_ بخرێنە زیندانەوە، با بینێرێتە سەنتەری تایبەت بە شیاندنەوە و چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکانەوە»، بەڵام سەیر لەوەدایە تاکو ئێستا ئەم سەنتەرانە نییە، کەواتە نابێت تەنیا بۆ ڕووکەشی یاسایەك بنووسرێتەوە، باشە بۆچی بیر لەوە نەکراوەتەوە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر بکرێتەوە؟ ئەوەی ئالوودە دەبێت، کوڕی ئەم میللەتەیە و دەبێت بە چاوی نەخۆش سەیری بکەین، دەبێت ئامانجەکە بازرگان و قاچاخچێتی گەورە بێت کە مادده هۆشبەرەکان دەهێننە ناوخۆی هەرێمەوە، دواتر فرۆشیاری وردەی بچووکی ناو شار و ئیدارە سەربەخۆکان و شارۆچکەکان، ناکرێت ئەمانە لە ناو زیندانەکانیشدا لەگەڵ کەسانێکی منداڵ و هەرزەکاردا زیندان بن کە قوربانییە و تۆمەتبار نییە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات لەژێر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی بیر لەوەش بکەینەوە کە ئێمە چارەسەری ئالوودەبووەکانیش بکەین.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە پێویستیمان بە پەروەردەکردنی منداڵ و گەنجەکانمان هەیە، ئەم وڵاتە بە ئەمانەت لە لای گەورەکانە و سبەی دەچێتە لای نەوەکانمان، شاعیرە کوردەکان زۆر زوو باسیان لەوە کردووە کە لەسایەی دۆخی شمشێرە کە حاکم حوکمی ئیجرایە، واتا ئەگەر یاسا هێزی لەگەڵدا نەبێت، یاسایەکی بێهێزە، هەروەکو چۆن هێز بە بێ یاسا ستەمکارە، بۆیە دەبێت ئیرادەی سیاسی لای ئەوانە هەبێت کە وڵات بەڕێوەدەبەن و ئیدعای نیشتمانپەروەری دەکەن، کە بەرەنگاری مادده هۆشبەرەکان ببنەوە و ئەم پرسەش بکرێتە پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی.

# دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی مامۆستا لەگەڵ قوتابی گرنگ و پێویستە

بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی پۆل بەردی بناغەی وانەگوتنەوەی سەرکەوتووە، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئەو ژینگەیە هەیە کە قوتابیان تێیدا فێر دەبن. لە کاتێکدا ستراتیژییە تەقلیدییەکانی بەڕێوەبردنی پۆلەکان بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر یاساکان، ڕۆتینەکان و پاراستنی دیسیپلین دەکەنەوە، بەڵام توێژینەوە پەروەردەییەکانی هاوچەرخ تیشك دەخەنە سەر گرنگیی دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان مامۆستایان و قوتابیاندا، ئەم پەیوەندییانە تەنیا بۆ پاراستنی ڕێکوپێکیی پۆلەکان پێویست نین، بەڵکو کەشێکی متمانە و ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتنی یەکتریش دروست دەکەن، سیفەتێك کە بۆ گەشەسەندنی ئەکادیمی و سۆزداری زۆر گرنگن.

بنەمای پەیوەندیی ئەرێنیی مامۆستا و قوتابی متمانە و ڕێزگرتنە. کاتێك مامۆستایان کات تەرخان دەکەن بۆ تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لەگەڵ قوتابییەکانیان، ئەوە بناغەیەك دروست دەکات کە بەڕێوەبردنی پۆلەکان ئاسانتر و کاریگەرتر دەکات، ئەو قوتابییانەی کە هەست دەکەن مامۆستاکەیان گرنگی بە سەرکەوتنەکانیان دەدەن، لە ڕووی ئەکادیمی و کەسییەوە زیاتر ڕێز لە یاساکانی پۆل دەگرن، بەشداری لە ڕەفتارە بەرهەمدارەکاندا دەکەن و چالاکانە بەشداری لە وانەکاندا دەکەن.

> **ئەو قوتابییانەی کە هەست دەکەن مامۆستاکەیان گرنگی بە سەرکەوتنەکانیان دەدەن، لە ڕووی ئەکادیمی و کەسییەوە زیاتر ڕێز لە یاساکانی پۆل دەگرن**

بە پێچەوانەی ڕێبازێکی تاکڕەووە کە ڕەنگە زۆر پشت بە ڕێوشوێنی سزایی ببەستێت، ڕێبازێك کە لەسەر بنەمای متمانە و ڕێزگرتن بنیات نراوە، هاوکاریی پەروەردە دەکات نەك پابەندبوون، ئەوکات قوتابیان لە ژینگەیەکی ئاسوودەدا زیاتر ئامادەن پابەندبن بە یاسا و ڕێساکانی پۆلەوە، چونکە هەست دەکەن بەهایان هەیە و تێدەگەن. پەیوەندیی ئەرێنیی مامۆستا و قوتابی کەشێك دروست دەکات کە تێیدا قوتابیان نەك تەنیا پاڵنەریان بۆ دروست دەبێت بۆ ئەوەی گرنگی بەوانەکانیان بدەن و ئاستیی ئەکادیمییان باشبێت، بەڵکو هەست بە سەلامەتی و پشتگیریکردن دەکەن لە پۆلدا.

> **یەکێك لە سوودە هەرە بەرچاوەکانی پەیوەندیی ئەرێنی مامۆستا و قوتابی زیادبوونی بەشداریکردن و پاڵنەرەکانی قوتابییە**

یەکێك لە سوودە هەرە بەرچاوەکانی پەیوەندیی ئەرێنی مامۆستا و قوتابی زیادبوونی بەشداریکردن و پاڵنەرەکانی قوتابییە. کاتێك قوتابیان هەست دەکەن کە مامۆستاکەیان ڕێزیان لێ دەگرێت، ئەوا زیاتر هەوڵ دەدەن بۆ ئەرکە ئەکادیمییەکانیان، ئەم پەیوەندییە بەتایبەتی گرنگە، چونکە پاڵنەر بزوێنەرێکی سەرەکیی سەرکەوتنی ئەکادیمییە.

ئەو مامۆستایانەی کە خاڵە بەهێز و لاوازە تاکە کەسییەکان و شێوازی فێربوون و ئارەزووەکانی قوتابییەکانیان دەزانن، دەتوانن باشتر ڕێنماییان بکەن. ئەزموونی فێربوونی کەسی زۆر سەرنجڕاکێشترە بۆ قوتابیان و، کاتێك هەست دەکەن خوێندنەکەیان لەگەڵ ئارەزوو و خواستە کەسییەکانیان هاوتەریبە، ئەگەری ئەوە زیاتر دەکات کە بەشداریی ئەرکە ئەکادیمییەکانیاندا بکەن. کاتێك مامۆستا پشتگیریی قوتابی دەکات و هاوسۆزە لەگەڵیدا، قوتابی بیرکردنەوەی ئەرێنی دەبێت بەرامبەر مامۆستا و زیاتر هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی مامۆستا بەدەست بهێنێت و، پاڵنەرەکانیان بۆ بەشداریکردن لە ئەرکە چالاکەکاندا زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دەرئەنجامە ئەکادیمییەکان، ئەو مامۆستایانەی کە پەیوەندییەکی بەهێز دروست دەکەن، ئیلهام بەخشن بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی شانازی بە فێربوونیانەوە بکەن.

لە کاتێکدا پێشکەوتنی ئەکادیمی گرنگە، بەڵام بەڕێوەبردنی پۆل و وانەگوتنەوە لە گەشەی فیکری تێدەپەڕێت، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سۆزداریی قوتابیاندا، پەیوەندییە ئەرێنییەکانی مامۆستا و قوتابی ژینگەیەکی سەلامەت و پەروەردەکارانە دابین دەکات کە قوتابیان دەتوانن نەك تەنیا ناوەڕۆك، بەڵکو کارامەییەکانی ژیان وەك چارەسەرکردنی ناکۆکی، خۆڕێکخستن و هاوسۆزی فێربن، بۆ نموونە کاتێك قوتابیان تووشی ناکۆکی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان دەبن، ئەو مامۆستایانەی کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵدا دامەزراندووە، دەتوانن بە شێوەیەك دەستوەردان بکەن، کە گەشەی سۆزداری بەرەوپێش ببەن. بە ڕێنماییکردنی قوتابیان لە پرۆسەی چارەسەرکردندا بە هاوسۆزی و تێگەیشتن، مامۆستایان



د. پەرێز یاسین حەمەد

ڕاهێنەری پەروەردەیی، سەرۆکی ڕێکخراوی خزمەتکاری پیرۆز

یارمەتیان دەدەن بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی، کە نەك تەنیا بۆ داینامیکی هاوسەنگیی پۆل، بەڵکو بۆ پەیوەندییە کەسییەکانی داهاتووش زۆر گرنگن. جگە لەوەش ئەو قوتابیانەی هەست بە پشتیوانیی سۆزداری دەکەن لەلایەن مامۆستاکانیانەوە، ئەگەری ئەوە زیاترە کە هەستەکانیان بە شێوەیەکی گونجاوتر دەرببڕن و بە هاوکاری لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا کار دەکەن، ئەمەش کەشی ئەرێنیی گشتی پۆل بەهێز دەکات.

هەروەها پەیوەندیی ئەرێنیی مامۆستا و قوتابی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گشتگیر کە هەموو قوتابیان هەست بکەن سەربخۆن. هەستکردن بە سەربەخۆیی بۆ باشیی سۆزداریی قوتابیان زۆر گرنگە، دەرکەوتووە کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەدای ئەکادیمی هەیە، کاتێك قوتابیان هەست دەکەن کە بەشێکی دانەبڕاون لە پۆلەکەدا، ئەگەری ئەوە زیاترە کە نەترسن لە فێربوونیان و پرسیار بکەن و لە گفتوگۆکانی پۆلدا بەشداری بکەن.

سوودێکی بەرچاوی دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ قوتابیان ئەوەیە کە دەتوانێت کێشەکانی ڕەفتار لە پۆلدا کەم بکاتەوە. کاتێك قوتابیان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ مامۆستاکەیاندا هەبێت، کەمتر بەشداری لە ڕەفتارە تێکدەرەکاندا دەکەن، مامۆستایەك کە قوتابییەکانی بە باشی بناسێت، دەتوانێت هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشە ڕەفتارییەکان بناسێتەوە و بە تێگەیشتن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، نەك پەنا بۆ سزادان یان ڕێوشوێنی توندی دیسپلینیی ببات.

لە پۆلە جۆراوجۆرەکانی ئەمڕۆدا، وەڵامدانەوەی کلتووری لایەنێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ قوتابیان. ئەو مامۆستایانەی کە ڕێزی پاشخان و ناسنامە و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی قوتابیەکانیان دەگرن، ژینگەیەك دروست دەکەن کە هەموو کەسێك هەست بە بەها بکات، ئەمەش ڕێگە بە مامۆستایان دەدات ستراتیژییەکانی خۆیان بگونجێنن بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوازەکانی هەر قوتابییەك، بە دڵنیابوون لەوەی کەس هەست بە دوورخستنەوە یان هەڵەتێگەیشتن ناکات.

بە فێربوون دەربارەی چوارچێوەی کلتووری قوتابیان و مامۆستایان دەتوانن بەشداریی کارلێکی مانادارتر بکەن، کە پەیوەندی و متمانە دروست دەکەن. ئەم ڕێبازە یارمەتی قوتابیان دەدات لە هەموو باکگراوندەکانەوە هەست بە ڕێزگرتن بکەن، ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزتر لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا دروست دەکات، جگە لەوەش، ئەم گشتگیرییە یارمەتی قوتابیان دەدات فێر ببن چۆن هەمەجۆری بە شێوەیەکی ئەرێنی و بنیاتنەر بەرز بنرخێنن.

**کاتێک مامۆستا پشتگیریی قوتابی دەکات و هاوسۆزە لەگەڵیدا، قوتابی بیرکردنەوەی ئەرێنی دەبێت بەرامبەر مامۆستا**

دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ قوتابییاندا تەنیا پشتگیریی سۆزداری نییە، بەڵکو پێویستی بە ستراتیژی پراکتیکی هەیە. هەندێك شێوازی کاریگەر بریتین لە سڵاوکردن لە قوتابیان و زانینی ناوی قوتابیان، گرنگیدان بە ژیانیان لە دەرەوەی پۆل و پێدانی فیدباکێکی بنیاتنەر، هەروەها کۆبوونەوەی بەردەوامی کەسی لەگەڵ قوتابییاندا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشکەوتن و ئاستەنگەکانیان، کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی پەیوەندی و متمانەدا.

ستراتیژییەکی دیکەی بەسوود بریتییە لە پێدانی سەربەخۆیی بە قوتابیان لە فێربوونیاندا. کاتێك قوتابیان بژاردەیان هەیە لە چۆنیەتی نزیکبوونەوە لە ئەرکەکانیان، ئەوە هەستکردن بە خاوەندارێتی و بەرپرسیارێتی دروست دەکات، ئەمەش نەك تەنیا ڕێژەی بەشداریکردن بەرز دەکاتەوە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی لە کاتی پێکەوە کارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئەکادیمییەکان بەهێز دەکات.

**ئەو مامۆستایانەی کە پەیوەندییەکی بەهێز دروست دەکەن، ئیلهام بەخشن بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی شانازی بە فێربوونیانەوە بکەن**

ستایش و ناساندن لە بەهێزکردنی پەیوەندییە ئەرێنییەکاندا زۆر گرنگە. ستایشکردن بە دەستکەوتە بچووکەکان چ ئەکادیمی بێت یان کەسی، یارمەتی قوتابیان دەدات هەست بکەن ددانپێدانان و پاڵنەریان هەیە، سەرەڕای ئەوەش، نیشاندانی هاوسۆزی وەك هاوبەشکردنی چیرۆکی کەسی یان ددانانان بەو تەحەددییانەی کە قوتابیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان بدات، تا لە ئاستێکی قووڵتردا پەیوەندی لەگەڵ قوتابیەکانیاندا دروست بکەن.

# دەستکەوتەکانی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەخرێنەڕوو



وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکارانی مافی ئافرەت، ڕێژەی توندوتیژییەکان دژ بە ئافرەتان لە هەڵکشاندایە و نەتوانراوە سنوورێك بۆ ئاستی توندوتیژییەکان دابنرێت. لە بەرانبەردا ساڵانە لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەست پێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەردەوام دەبێت، کە گوزارشتن لە ماف و ڕۆڵی ئافرەت و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دەکات و، کار بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ڕەگەزی مێینە دەکات. بەڵام ئایا پاش ئەو هەموو قوربانیدانە، هەنگاوەکان بەرەو چ ئاراستەیەك بووە و چ ئاسۆیەکی لە بەردەم مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتاندا کردووەتەوە و، ئایا لە هەرێمی کوردستان تا چەند بایەخ بەو هەڵمەتە و ناوەرۆکی پەیامەکانی دەدرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





نەرمین سندی:

**لە هەرێمی کوردستان، کەمپەینی ١٦ ڕۆژی چالاکیی هەنگاوی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە توندوتیژی جێندەری لە هەرێمی کوردستان بەدەست هێناوە**



فەزیلە شۆڕش:

**توندوتیژی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو جیهاندا تەشەنەی کردووە، بۆیە لەم ١٦ ڕۆژەدا دەبێ جەختێکی زۆر لەسەر هۆشیارکردنی تاک بکرێت**

نەرمین سندی ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیران، لە سەرەتای ئاخاوتنەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە: «هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، هەنگاوێکی مەدەنییانە و سەردەمییانەیە و گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پرسی ئافرەت و پاراستنی مافەکانیان دەردەخات، ئەم جۆرە هەڵمەتانە کە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەنجام و کاریگەرییەکانی هەنووکەیین و لە هەمان کاتدا ستراتیجی و لە دوورۆژدا باشتر ئەنجامەکانی دەبینرێ، دەستکەوتە سەرەکییەکانی ١٦ ڕۆژی چالاکیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، کەمپەینی ١٦ ڕۆژی چالاکیی هەنگاوی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە توندوتیژی جێندەری لە هەرێمی کوردستان بەدەست هێناوە. لێرەدا دەستکەوتە سەرەکییەکان دەخەینەڕوو:

**١- زیادکردنی هۆشیاری و تێگەیشتن:**

- هەڵمەتەکانی هۆشیاریی گشتی: ئەم هەڵمەتانە بە سەرکەوتوویی خەڵکیان لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی ڕەگەزییەوە پەروەردە کردووە، لەوانە توندوتیژیی خێزانی، ئازاردان و کوشتن.
- ڕوماڵی میدیایی: زیادبوونی ڕووماڵی میدیایی سەبارەت بە پرسەکانی توندوتیژیی جێندەری، یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی کێشەکە بخرێتە پێشەوەی گوتاری گشتی.
- بەشداریکردنی کۆمەڵگە: کەمپەینەکە هانی ئەندامانی کۆمەڵگەی داوە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی هۆشیاری، وەك وۆرك شۆپ، سیمینار و بۆنە کولتوورییەکان.

**٢- باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری:**

- دامەزراندنی هێڵی گەرم و پەناگە: ئەم خزمەتگوزارییانە پشتگیرییەکی گرنگ پێشکەش بە ڕزگاربووانی توندوتیژیی جێندەری دەکەن، کە پەناگەیەکی سەلامەت و ڕاوێژکارییان پێشکەش دەکەن.
- یارمەتیی یاسایی: خزمەتگوزارییەکانی یارمەتی یاسایی بەهێزکراون بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی یاسایی بۆ ڕزگاربووان و بەدواداچوونی دادپەروەری بۆ تاوانباران.
- زیادبوونی دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی تەندروستی: دابینکەرانی چاودێریی تەندروستی ڕاهێنراون بۆ دەستنیشانکردن و وەڵامدانەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

**٣ - بەهێزترکردنی چوارچێوەی یاسایی :**

- یاسادانان و چاکسازی لە سیاسەتدا: کەمپینەکە بەشداریی کردووە لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتی بەهێزتردا بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی.
- باشترکردنی جێبەجێکردنی یاسا: دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا ڕاهێنراون بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەرانە بۆ کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

**٤- ڕۆڵی بەرچاو لە بەهێزکردنی ئافرەتان:**

- بەرنامەکانی بەهێزکردن: ئەم بەرنامانە ئافرەتانیان بەهێز کردووە بۆ تەحەددای توندوتیژیی جێندەری.
- دەرفەتە ئابوورییەکان: دەستپێشخەرییەکان بۆ دابینکردنی دەرفەتی ئابووری بۆ ئافرەتان دەستی پێکردووە، کە دەتوانێت یارمەتییان بدات و لە دۆخە توندوتیژییەکان ڕزگاریان بێت.

**٥ بنیاتنانی هاوبەشی و هاوکاری:**

- هاوکاریی نێوان دەزگاکان: هاوبەشییەکی بەهێز لە نێوان دەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری دروست کراوە.
- هاوکاریی نێودەوڵەتی: هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و باشترین پراکتیزەکان کردووە.

فەزیلە شۆڕش چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتان، لەم بارەیەوە دەڵێت: «بێگومان توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان واتە نەهێشتنی هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ، بەتایبەتی بۆ ئافرەت، توندوتیژی شڵەژاوی و نائارامی دەبەخشێتە تاکەکانی کۆمەڵگە، پێچەوانەکەی کە ڕێزگرتن و خۆشەویستی و ئارامییە، بنناغەی یەکسانی و مرۆڤ بوون و هاوسەنگییە».

لە ساڵی ٢٠٠٠ نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥ نۆڤەمبەر بە ڕۆژی جیهانی دژی توندو تیژیی دژ بە ئافرەتان ڕاگەیاند، هەموو ساڵێکیش لە ٢٥ نۆڤەمبەر تا ١٠ دیسەمبەر ڕۆژی مافی مرۆڤ بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ کەمپینی جیهانیی (جیهان بکە بە نارنجی) ڕادەگەیەنێ، ئەم کەمپینە لە زۆربەی وڵاتاندا بە چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێ بۆ هۆشیارکردنی خەڵك بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت.

جێگەی خۆشحاڵییە لە کوردستانیش کەمپینی جیهانیی (جیهان بکە بە نارنجی) لە ٢٥ نۆڤەمبەرەوە تا ١٠ دیسەمبەر دەست پێدەکات، بە ئەنجامدانی چەندها چالاکیی جۆراو جۆر، ئەوەی جێگەی شانازییە حکومەتی هەرێم هاوکارە لەم کەمپینەدا و هەموو هەوڵێك دەدات بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

ئەم کەمپینەی کوردستان بێگومان سوودی خۆی هەیە، هەرچەندە لە کوردستان زۆر لەمێژ نییە ئەم کەمپینە دەستی پێکردووە، هەر کارێکی واش بەدەم و دەست دەرئەنجامەکەی دیار نابێت، یا زۆر نابێ، بەڵام ڕۆڵەکانی دوا ڕۆژ هۆشیار دەبن و لەسەر بنەمای نا بۆ توندوتیژی پەروەردە دەکرێن، نەمانی یا کەمبوونی توندوتیژی واتە دەستەبەربوونی ئازادی، بەراورد لەگەڵ

جاران یا پێش کەمپینی ١٦ ڕۆژەکە ئافرەتانمان ئێستا زیاتر بوێر و ئازاتر بوون، بەتایبەتی لە بەشداریکردنیان لە کار و چالاکییەکانی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنەکاندا، لە کوردستان خەڵك همن هۆشیارن و دەزانن کە نابێ توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بکرێت، ڕاستە هەموو ڕۆژێك گوێمان لە ئازارەکانی ئافرەتانە، بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنەکاندا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئافرەتان ئێستا بوێرتر بوون بۆ قسەکردن و باسکردن لە ئازارەکانیان، بەداخەوە توندوتیژی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاشەوە نەك هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا تەشەنەی کردووە، بۆیە لەم ١٦ ڕۆژەدا دەبێ جەختێکی زۆر لەسەر هۆشیارکردنی تاك بکرێت لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە شێوە دروستەکەی».

حاجی عزەدین ڕاوێژکاری یاسایییە سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: لە هەرێمی کوردستان ساڵانە ئەم ڕۆژە بەئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر بۆ ماوەی (١٦) ڕۆژ بەرز ڕادەگیرێ، لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کە خۆیان دەبیننەوە لە ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان وەك دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری و هەماهەنگیکار لە نێوان وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی حکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، وەك لایەنێکی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، هۆشیاری، ڕاوێژ، ڕێنمایی یاسایی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، گرتنەبەری کارڕایی یاسایی لە دژی ئەوانەی ئەم تاوانە ئەنجام ئەدەن، بە سزادانیان بەپێی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاساکانی دیکەی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دادگاکانەوە.

گرنگیدان بەم ڕۆژە و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر، بۆ بیرهێنانەوەی دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئەم دیاردە جیهانییەیە، کە کۆمەڵگەی کوردستانیشی گرتووەتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زیاتر هۆشیاربن بۆ خۆپارێزی لە توندوتیژی و ئاشنابوون بە چۆنیەتیی گرتنەبەری کارڕایی یاسایی لە کاتی ڕوودانی هەر توندوتیژییەك.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەت و دامەزراوەکانی خۆیەوە کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی فەراهەم کردووە بۆ قوربانی و ڕزگاربوانی توندوتیژی، لەوانە ماڵەکانی داڵدەدان، چارەسەری پزیشکی، پشتیوانیی یاسایی و...هتد.

ئەم ساڵ (٢٠٢٤) لەژێر ناونیشانی (بێ بیانوو یەك بگرن بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان) بێگومان یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە و ئەنجامدانی چالاکییەکان، ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هەیە و هەبووە و بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان، ئەگەر بەرێژەییش بێت، بەهۆی ئاشنابوونی ئافرەتان بە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکان و داواکردنی مافەکانیان، هەروەها بۆ ئەوانەی کە لە ناو خێزانەکاندا کەسانی توندوتیژن پێویستە ئاگاداری ئەم پاراستن وپارێزگارییە یاساییەی ئافرەتان بن و زیاتر پابەندی ڕێزگرتن بن لە ماف و پێگەکانیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا بەگشتی.

سەرەڕای ئەمانە، ئەم هەڵمەتە هۆشیاری و پابەندبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێزگرتن و بەگرنگی زانینی پێگە و ڕۆڵی ئافرەتان، لە هەموو پایەکانی زانستی، کارگێری، کۆمەڵایەتیدا نیشان دەدات، بە جۆرێك بە هەموو جیهان بڵێین ئێمە کۆمەڵگەیەکی پابەندین بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئافرەتان، بەتایبەتی و، دەخوازین لە ژیانێکی ئارام و ئاسوودە و دوور لە توندوتیژی بژین، تاکو ئاشتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەماندا بەرقەرار بکەین».

ئاواز شێرزاد چالاکی کۆمەڵی مەدەنی بۆچوونی بەم جۆرەیە: «لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی ئەم هەڵمەتەدا، چەندین چالاکی لەسەر ئاستە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێت، ئەوەش ڕێکارێکی درووستە و ڕۆڵی ئەرێنیی هەیە لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە، بەڵام کافی نییە و پێویستە گرنگیی زیاتر بدرێت بەو ڕێکارانە لە تەواوی ساڵدا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بێت کە لەم هەڵمەتی شازدە ڕۆژەدا ئەنجامی شەونخوونیی تەواوی ساڵەکە بخرێتە ڕوو، چونکە لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو ڕێکارە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەدا، هێشتا ئامارەکان پێمان دەڵێن کۆمەڵگە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بنبڕ بکرێت. واتە ئافرەت قوربانیی زۆرێك لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانە و هێشتا لە ناو خێزان و کۆمەڵگە و زۆرجاریش لە ناو دامودەزگاکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، توندوتیژیی بەرانبەر دەکرێت، ئەمەش وا دەکات ئافرەت دەستبەرداری مافەکانی ببێت و لە هەمان کاتدا زۆر جار لە ئەنجامی کێشە و ململانێی نێوان خێزانەکاندا ببێتە قوربانیی یەکەم».

ئاواز شێرزاد پێشنیار دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زیاتر بە بواری هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان بدات، چونکە دوا جار خێزان کۆڵەگەی کۆمەڵگەیە و لە ناو خێزاندا پەروەردەی نا تەندروست، وا دەکات توندوتیژی لە هەڵکشاندا بێت و، زۆر جار توندوتیژییەکان لە چوارچێوەی خێزان دەردەچن و کارەساتی مەزنی بە دوادا دێت. لە لایەکی دیکەوە پێویستە سەنتەرەکانی ڕاوێژکاریی خێزانی گرنگییەکی زیاتریان پێ بدرێت، تا بتوانن هۆشیاریی زیاتر بڵاو بکەنەوە و ببنە چەترێك بۆ پاراستنی بەها گرنگەکانی خێزان، کە بە ڕای ئەو ناوەندەکانی خوێندن باشترین شوێنن بۆ ئەوەی ئامانجی یەکسانیی ڕەگەزی و نەهێشتنی توندوتیژی تێدا پراکتیك بکرێت.



حاجی عزەدین:

**ئەم ساڵ (٢٠٢٤) لە ژێر ناونیشانی (بێ بیانوو یەک بگرن بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان) یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە و ئەنجامدانی چالاکییەکان، ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هەیە و هەبووە و بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان**



ئاواز شێرزاد:

**لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی ئەو هەڵمەتەدا، چەندین چالاکی لەسەر ئاستە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێت، ئەوەش ڕێکارێکی درووستە و لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە ڕۆڵی ئەرێنیی هەیە**







# لە بیستەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی زیورخ فیلمی «شاردنەوەی سەدام حوسێن» نمایش کرا

ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی نێودەوڵەتی لە بیستەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی زیورخ کە بریتی بوون لە: «لی دێنیلز» دەرهێنەر لە وڵاتی ئەمریکا ـ سەرۆکی لیژنەی دادوەران، خاتوو «سوهەیلا یەعقووب» ئەکتەر لە وڵاتی سویسرا، «جو ویلیامز» بەڕێوەبەریی وێنەگرتن لە وڵاتی بەلژیکا، خاتوو «ئێوا پوشچینسکا بەرهەمهێنەر لە وڵاتی پۆڵەندا و هەروەها خاتوو «سووفیا دراسپیێ» دەرهێنەر لە وڵاتی کەنەدا، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

**خەڵاتی «چاوی زێڕین»ی باشترین فیلم**

خەڵاتی چاوی زێڕین باشترین فیلمی ئەم فێستیڤاڵە بە فیلمی سینەمایی «سەبارەت بە چۆنییەتی بوون بە باڵندەی دەریایی» لە دەرهێنانی «ڕۆنگانو نیونی» بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی بەریتانیا، ئیرلەندا و زامبیا بەخشرا.

**خەڵاتەکانی بەشی «پێشبڕکێی بەڵگەفیلمی نێودەوڵەتی»**

ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی «پێشبڕکێی بەڵگەفیلمی نێودەوڵەتی» ئەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە کە بریتی بوون لە: «کوین مەکدۆناڵد» دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی بەریتانیا ـ سەرۆکی لیژنەی دادوەران، خاتوو «فراتزیسکا سێندێر» بەرهەمهێنەر لە وڵاتی سویسرا، «ڤینسێنت کێلنێر دەرهێنەر و وێنەگر لە وڵاتی فەڕەنسا، خاتوو «ئانا هینتز» دەرهێنەر لە وڵاتی ستۆنیا و هەروەها «بێن بێرنارد» دەرهێنەر و وێنەگر لە وڵاتی ئەڵمانیا، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

**خەڵاتی «چاوی زێڕین»ی باشترین فیلم**

خەڵاتی چاوی زێڕین باشترین فیلمی ئەم بەشە بە بەڵگەفیلمی درێژی «بیرەوەرییەکانی سندووقە ڕەش» لە دەرهێنانی «شیووری ئیتۆ» بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ژاپۆن، ئەمریکا و بەریتانیا بەخشرا.

**خەڵاتی ڕەخنەگرانی سینەما**

ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی «ڕەخنەگرانی سینەما» بریتی بوون لە؛ خاتوو «ئالیسا سایمۆن ڕەخنەگری سینەما و پلانداڕێژ لە وڵاتی ئەمریکا، «ئالێن ماتلی ڕەخنەگری سینەما لە وڵاتی سویسرا و هەروەها خاتوو «ترینیداد بارلیکۆڕن ڕەخنەگری سینەما لە وڵاتی سویسرا؛ دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

**خەڵاتی باشترین فیلم**

خەڵاتی باشترین فیلم لە لایەن ڕەخنەگرانی سینەما بە فیلمی سینەمایی Les یەکەمین بەرهەمی «جاسمین گوردون» بەرهەمی وڵاتی سویسرا بەخشرا.





**ڕێوڕەسمی کۆتایی بیستەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «زیورخ» بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی، بەرپرسانی ئەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە، سینەماکارانی بەشداربوو لە فێستیڤاڵ و هۆگرانی هونەریی سینەما لە «ماڵی ئۆپێرا» لە شاری زیورخ لە وڵاتی سویسرا بەڕێوە چوو.**

### «زیورخ» فێستیڤاڵی ڕاستەقینە بە ناوەڕۆك و دڵڕفێنییەکانی تایبەت بە خۆی

«کریستیان یۆنگێن» بەرپرسی هونەریی فێستیڤاڵی فیلمی «زیورخ» سەبارەت بە بیستەمین خولی ئەم ڕووداوە سینەماییە گوتی: ئێمە بیستەمین ساڵوەگەڕیی خۆمان جەژن گرت و هەر ڕۆژ، فیلمێکی گەورەمان پەخش کرد. ئەم فێستیڤاڵە، میهرەجانێکی فیلمی ڕاستەقینەیە بە ناوەڕۆك و ئەو دڵڕفێنییانەی کە تایبەت بە خۆیەتی. ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر میوان و ئەستێرە نێونەتەوەییەکان؛ ئەوە دەسەلمێنێت کە فێستیڤاڵی فیلمی «زیورخ» لە پیشەسازیی جیهانی فیلمدا گرینگییەکی ئاست بەرزی هەیە. فێستیڤاڵی فیلمی «زوریخ»، میهرەجانێکی پڕ بە دڵە بۆ زیادکردنی باوەڕپێکراو بە فیلمەکانی وەرزیی خەڵاتەکان و دانانی پێگەیەکی سەرکەوتوانە و بەهرەدار لە هونەری سینەما لە ناوچەیەك کە ١٠٠ میلیۆن کەس تیایدا نیشتەجێن و بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن و بە ڕاستی یەکێکە لە گرینگترین فێستیڤاڵەکان.

### پەخشی بەڵگەفیلمی بڵندی «شاردنەوەی سەدام حوسێن»

لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ئەم فێستیڤاڵەدا، بەڵگەفیلمی بڵندی «شاردنەوەی سەدام حوسێن» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد «هەڵکەوت مستەفا» بەرهەمی هاوبەشی وڵاتی نەرویج و هەرێمی کوردستان لە بەشی «پێشبڕکێی بەڵگەفیلمی نێودەوڵەتی» پەخش کرا.

### نمایشی ١٠٧ فیلم لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان

بیستەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «زیورخ»، بە نمایشی ١٠٧ فیلم لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جیهان لە بەشە جۆراوجۆرەکان، لەوانە؛ ١٤ فیلمی سینەمایی لە بەشی «پێشبڕکێی سەرەکی نێونەتەوەیی»، ١١ بەڵگەفیلمی بڵند لە بەشی «پێشبڕکێی بەڵگەفیلمی نێونەتەوەیی»، ٣ فیلم لە بەشی «پێشبڕکێی نێودەوڵەتی مۆسیقای فیلم»، ١١ فیلمی سینەمایی لە بەشی دەرەوەی پێشبڕکێی «یەکەمین پەخش»، بەشی «لە سینەما»دا، بەشی «سینەمای سویسرا»، ١٠ فیلمی سینەمایی لە بەشی دەرەوەی پێشبڕکێی «نمایشی گەورەی جیهانی»، ٦ فیلمی درێژ لە بەشی «هێڵەکانی سنوور»، ٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی «دەنگەکان»(دیمەنە دەنگییەکانی سینەما)، ٩ فیلمی سینەمایی لە بەشی «شارە گەورەکان، چیرۆکە گەورەکان»،بەشی «وتووێژ لەگەڵ سینەماکاران و ئەستێرەکانی سینەما»، بەشی «کۆڕ و کۆبوونەوەی پسپۆڕانەی سینەمایی» و چەندین بەشی دیکە لە شاری زیورخ لە وڵاتی سویسرا بەڕێوە چوو.

# هۆکاری جیابوونەوەی میگان فۆکس و هاوسەرەکەی ئاشکرا بوو



برایان ئۆستین گرین هاوسەری پێشووی مێگان فۆکس ئەو خاڵە ئاشکرا دەکات کە دوای ١١ ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیری، زانیویەتی پەیوەندیی نێوانیان کۆتایی هاتووە.

گرینی ئەستێرەی فیلمی Jennifers Body تەمەن ٣٨ ساڵ لە ئێستادا پەیوەندیی لەگەڵ ڕاپەر مەشین گەن کێلی هەیە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو دووانە ببنە مانشێتی ڕۆژنامەکان بەهۆی ئەوەی گوایە خوێنی یەکتریان خواردووەتەوە، فۆکس هاوسەرگیری لەگەڵ ئەکتەری فیلمی بێڤەرلی هیڵز کردووە.

فۆکس و گرین بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٤ کاتێك لە سێتی فیلمی ئەمریکی یەکتریان ناسی، پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ گرێبەستی هاوسەرگیرییان ببەستن.

فۆکس سەرەتا لە ساڵی ٢٠١٥ داوای جیابوونەوە لە گرین دەکات، دواتر دوای ساڵێك یەکتریان بینییەوە، دوای ئەوەی ئاشکرای کرد کە پێکەوە چاوەڕوانی سێیەم منداڵیان دەکەن، بەڵام دڵنیا بوو هاوسەرگیری ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت، چونکە گرین لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠ پشتڕاستی کردەوە کە ئەو دوو هاوسەرە ڕێگەی جیاوازیان گرتووە، بەتایبەتی دوای فۆکس لە فیلمی تاوانکاریی تریلەری Midnight in the Switchgrass.

گرین لەو کاتەدا لە پۆدکاستەکەیدا ڕوونی کردەوە کە فۆکس لە وێنەگرتن گەڕاوەتەوە ماڵەوە و پێی گوتووە «کاتێك لە دەرەوەی وڵات بووم و بە تەنیا کارم دەکرد، بۆم دەرکەوت کە زیاتر هەست بە خۆم دەکەم و لە ماوەی ئەو ئەزموونەدا زیاتر حەزم لە خۆم بووە و پێموایە لەوانەیە ئەوە بێت». ئەمەش شتێکە شایەنی هەوڵدان بێت بۆ ئەوەی چاکی بکەمەوە.

گرین کاردانەوەی خۆی بەرامبەر قسەکانی وەبیرهێنایەوە، دەشڵێت: «شۆك و ناڕەحەت بووم لەو بارەییە، بەڵام ناتوانم لێی ناڕەحەت بم، چونکە داوای جیابوونەوەی نەکردبوو و کارێکی واشی ئەنجام نەدابوو هەست بەوە بکەم کە ئەوە هەڵبژاردنێك نەبوو کە ئەو کردوویەتی، ئەوە وایە، ئەو شێوازەی کە بەڕاستی هەستی پێ دەکرد.»

هەروەها ئەوەشی ڕوون کردەوە کە پەیوەندییەکەی نێوانیان بەهۆی فێڵکردنەوە کۆتایی نەهاتووە، ئەمەش دوای ئەوەی قسە و باسی سەرەتای پەیوەندییەکانی فۆکس و ئێم جی کەی کرا.

ئێستا گرین ئەو ساتەی بە وردی ئاشکرا کردووە کە تێگەیشتووە هاوسەرگیریەکەیان کۆتایی هاتووە.



## ئەنتۆنیۆ باندێراس:

# فیلم هەیە کە پارە دەدەم بۆ بەشداریکردن تێیدا


لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا «ئەنتۆنیو باندیراسی» ئەکتەری ئیسپانی رایگەیاندووە: «ئەو کەسەی کاری خۆی خۆش بوێت یان ئارەزووی کارێکی تایبەت بکات، پێویستە سڵ نەکاتەوە لە قوربانیدان لەپێناو بە دەستهێنانی حەز و ئاواتەکانی، چونکە هیچ کارێك بە بێ ماندووبوون نایەتە ئاراوە».

باندیراس زیاتر گوتی: «پێویستە ئەکتەر لە کارەکانی لایەنی مرۆیی خۆی زیاتر دەربخات، من حەز دەکەم لایەنی مرۆیی بەسەر هەڵسوکەوتمدا زاڵ بێت نەك بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا بە جوانی دەربکەوم و وێنەیەکی جوان نیشان بدەم، ئاواتی من ئەوەیە کارێك ئەنجام بدەم کە دڵی جەماوەر خۆش بکات وەك ئەوەی بۆنێك بخەیتە بازاڕەوە، بەڵام لە نێو کۆمەڵێك بۆنی جوان و سەرنجڕاکێشدا بناسرێتەوە، زۆر جار بۆ ئامادەبووم بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکی دیاری کراودا کە زۆر سەرنجی ڕاکێشا بم، ئامادە بووم خۆم پارە بدەم.»

ئەنتۆنیۆ باندێراس هەروەها دەڵێت: «دەمەوێت بزانم کە من کەسێکی ئاساییم و تایبەت نیم، چونکە وەك مرۆڤ ئێمە هەمووومان تایبەتین، چونکە کاتێك وا هەست بکەم کە من ئاسایی نیم، وەك ئەوە وایە کە گەمژەیەکم و نامەوێ هیچ کارێك ئەنجام بدەم کە سوودی بۆ هەموو لایەك هەبێت».

## تارا ماميدۆڤا:

# بۆچی لەپێناو دەسەڵاتدا خۆشەویستی و دۆستایەتی و هەموو جوانییە مرۆییەکانمان بەفیڕۆ دەدەین؟



**ئەز و تو نوێترین گۆرانیی خانمە هونەرمەندی کورد تارا مامیدۆڤایە کە دوێیکە لەگەڵ هونەرمەند باجار وکە و بە ستایلێکی تازە تۆمار کراوە.**

لەم بەرهەمە نوێیەی تارادا هەست بە کاریگەرییەکانی ئەو سەردەمەی لە فانسا ژیاوە و ژیانی لە ڕووسیا دەکەین. هەرچەندە فۆرمی گۆرانییەکە کاراکتەری ڕۆژئاوایی هەیە، بەڵام لێکدانەوە دەنگییەکانمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی قوڕگی مۆسیقای کوردییە. گەرمی و دڵسۆزی ناو وشەکان ڕەنگدانەوەی زمانی کوردیی بەهێزی تارایە.

سەبارەت بەم گۆرانییە تارا دەڵێ: «ئێمە چین و کێین و بۆچی دەژین، بۆچی ئەم هەموو هەوڵە، بۆچی لەپێناو ئەو هەموو تەماح و تێرنەبوونەدا ئەوەندە پیس دەبین، بۆچی ئێمە پیسکردن و بەکارهێنانی یەکتر هەڵدەبژێرین لە کاتێکدا دەکرێت وەك مرۆڤ و پاك و خاوێنی بمێنینەوە؟».

سیرانۆ دی بێرجێراك قسەیەکی بەناوبانگی هەیە و دەڵێت: «تا ئەو کاتەی باڵا بەرزت وەکو بید نییە، ئایا هیچ زیانێکی هەیە ئەگەر گەڵاکانت نەگەنە هەورەکان؟» بەیتەکانی ئەم گۆرانییە ڕێك لە هەستێکی لەو جۆرەوە هاتوون.

لە درێژەی قسەکانیدا تارا دەڵێ: «هەموومان لەدایك بووین و گەورە بووین و کۆچی دوایی دەکەین، بۆچی دەست بە هەموو شتێکەوە دەگرین وەك ئەوەی بۆ هەمیشە بژین و، بۆچی ئەو شتانەی دەستمان پێوەگرتووە بۆ لەناوبردنی لە هەموو شوێنێکە؟ بۆچی لەپێناو دەسەڵاتدا خۆشەویستی و دۆستایەتی و هەموو جوانییە مرۆییەکانمان بەفیڕۆ دەدەین؟ ئەم پرسیارانە و ئەو ئازارەی بەهۆی ئەم پرسیارانەوە تووشی بووم، منی بردە سەر گەشتی ئەم گۆرانییە».

تارا سەبارەت بە چۆنیەتی درووستبوونی بیرۆکەی ئەم بەرهەمە نوێیە دەڵێ: «لە گفتوگۆیەکی دۆستانەدا لەگەڵ گرووپی باجار گفتوگۆمان کرد و هەستەکانمان بەیەکەوە باس کرد، هەندێك لە هونەرمەندان پێیان باشە تەنها ئەوە بڵێن کە هەندێکیان بنەمای هەم قسەکردن و هەم گوێگرتنیان گرتووەتەبەر، هەموو ئەندامانی گرووپی باجار و هاوڕێم ڤێدات یلدرم هونەرمەندی زۆر تایبەتن،

که شایەنی نمایش و گوێگرتنن و لە دڵمدا جێگەیەکی زۆر تایبەتیان هەیە، ئەم کارەم لەگەڵ ئەواندا هاوبەش کرد، قسەمان لەسەر کرد، گوێمان لێ بوو، گۆرانیمان گوت و کارێکی هاوبەش سەری هەڵدا، هێز و هەوڵێکی باوەڕپێنەکراو لە پشت گۆرانییەکەوە هەیە، هاوڕێی هاوبەشمان، دەرهێنەر مەهمەت ئاکاروك، بە وێنەگرتنی ڤیدیۆی گۆرانییەکە هاودەنگیی ئێمەی هاوبەشی کرد، چەندین جار بەسەر هەموو وردەکارییەکی کارەکەدا چووینەوە و لە کۆتاییدا لە ئەنجامی هاودەنگییەکی بەکۆمەڵدا -ئەز و تو- هاتە ئاراوە ..هیوادارم بەدڵتان بێت».

سەبارەت بە باجار تارا دەڵێ: «ئێمە تیمێکین کە حەزمان لە بەکارهێنانی فۆرمەڕۆژئاواییەکانە لەگەڵ مۆد و ڕیتمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ پێچان و پیسکردنی ئەم فۆرمانە، ئێمە تۆم وایتسمان خۆشدەوێت، سەرەڕای ئەوەش، ئۆنور چالیشکان کە بە ساکسۆفۆنی سۆپرانۆ یاوەریمان دەکرد، ڕەنگێکی جیاوازی بۆ لیریکی گۆرانییەکە زیاد کرد.



## تارا ماميدۆڤا كێیە؟

مامیدۆڤا؛ بە ڕەچەڵەك خەڵکی وان و دۆغوبایەزیتە، ئەو هونەرمەندە تەمەنی منداڵیی لە قیرغیزستان و ڕووسیا بەسەر بردووە، لە فەرەنسا درێژەی بە خوێندنی مۆسیقای داوە، هەرچەندە لەگەڵ ئەو مۆسیقاژەنە سەرشەقامانەی کە لەوێ ناسیویەتی، ڕووی لە جاز کردووە، بەڵام یەکەم ئەلبوومی «ئەکس»ی بڵاو کردەوە، کە زۆربەیان لە ئاوازەکانی خۆی پێك هاتبوو، بە تێکەڵکردنی تۆنەکانی مۆسیقای ڕۆمانسیی ڕووسی لەگەڵ کوردیی ڕەسەنی خۆی.

ئەو هونەرمەندە کە بە شێوازە جیاوازەکەی دەنگی خۆی لە پیشەسازیی مۆسیقادا بیستووە، چەندین کۆنسێرتی سەرکەوتووی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدات، تارا مامیدۆڤا مۆسیقاژەنێکە کە خۆی وەك ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ سەلماندووە، هونەرمەندی دەوڵەتی ڕووسیا و یونسکۆ «زارا مگۆیان» لە نێو ئەو کەسانەدایە کە گۆرانییەکانی ئەو گۆرانیبێژەیان گوتووە، کە لەگەڵ ئاوازدانەر و ئاوازدانەری بەناوبانگ یاسمین لیڤی، ئاوازی هاوبەشیان ئامادە کردووە، ئەو هونەرمەندە کە کۆی گشتیی پێنج ئەلبوومی هەیە و چەندین تاکە گۆرانیی بە ناوەکانی «Zîv»، «Giran»، «Live Studio Session Istanbul» و Live Performance 2023، لە ساڵی ٢٠٢٣ بە نمایشە ڕاستەوخۆکانی و کۆنسێرتەکانی ناوبانگی دەرکرد، هونەرمەند بە هێزی پاشخانی کلتووری فرە چینەکەی بەردەوامە لە دروستکردنی مۆسیقای گشتگیر.

## باجار كێیە؟

نوێنەرایەتیی ڕۆحی هاوبەشی ئەو تیپە دەکات کە سەرکەوتنی پیشەیی لە بوارەکانی خۆیاندا بەدەست هێناوە.

باجار بە کۆکردنەوەی نەریتی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەخشە فۆلکلۆر-ڕۆکەکان، هێمای تێکەڵاوییە، کە دەرئەنجامی سرووشتی بەریەککەوتنەکانە لە ژیانی شارە گەورەکاندا. جگە لە تێکستی کوردی، بە بەرهەمی تورکی جەخت لەسەر لایەنی فرەیی کلتووری پرۆژەکە دەکاتەوە، کە دەرئەنجامێکی سرووشتۆی کلتوری ژیانی هاوبەشن لە تورکیادا. وتەی «ئاوی فورات تێکەڵ بە مەڕمەڕە» سەرچاوەی پاڵنەرە مۆسیقییەکانی باجارە.

تیپی فۆلکلۆر ڕۆکی نارەزایەتی کوردی/تورکی باجار کە پێك هاتووە لە ڤێدات یڵدرم بە گۆرانی، جانسون کوچوکتورك بە گیتاری کارەبایی، ئیتێم ساران بە تەپڵ و ڕوبار کەسران دیندار بە کیبۆرد، ماوەی ١٥ ساڵە لە گەشتە میوزیکییەکانی خۆی بەردەوامە.

ڕاز عەلی

یاریزانی کاراتێ یانەی سەیدسادق:

# کاراتێ دووره له شەڕانگێزییەوە

یانەکانی دەڤەری شارەزوور گرنگیی زۆر بە یارییە تاکییەکان دەدەن و ئەنجامی شایستەیان لەسەر ئاستی وڵاتانی ئاسیا و عێراق و کوردستانیش بەدەست هێناوە، یانەی سەید سادق یەکێکە لەم یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی ئافرەتان دەدات، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێز و بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە «ڕاز عەلی»یە، ڕاز لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ ی قەزای سەید سادق و ماوەی هەشت ساڵە لە تیپی کاراتێی یانەکە، جگە لە یانەی سەید سادق یاریی بۆ هیچ یانەیەکی دیکەی کوردستان نەکردوە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** وەکو کچێك چی وای لێ کردیت بچیتە نێو جیهانی وەرزشی؟**

- کە سەرەتا دەستم بە وەرزش کرد، وەرزش حەزێکی منداڵیم بوو.

*** یاریی کاراتێت وەکو حەز، یان بۆ بەرگریکردن هەڵبژاردووە؟**

- سەرەتا حەزێك بوو، بەڵام کە بەردەوام بووم توانای بەرگرییشم بۆ زیاد بوو.

*** هەست ناکەی یارییەکی زیاتر شەڕانگێزیت هەڵبژاردوە؟**

- کاراتێ دوورە لە شەڕانگێزییەوە.

*** یاریی کاراتێ چ ئاستێکی تێپەڕاندوە لە کوردستان؟**

- دەتوانم بڵێم لە چاو ساڵانی پێشوو بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووترە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- پێویستە زیاتر پاڵەوانێتی بکرێتەوە بۆ یاریزانەکان، تاوەکو یاریزان ئارەزووی بەرەوپێشچوونی زیاتری هەبێت، لە ڕووی خەرجییەوە هاوکاریی یاریزانان بکرێت.

*** زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان پشتگوێ خستووە؟**

- دەتوانم بڵێین وایە، زیاتر کوڕان گرنگییان پێ دەدرێت لە یاریی کاراتێ لەسەر ئاستی کوردستان.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- دەمەوێ بەشداریی پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم و ئەنجامی شایستە بە دەست بهێنم بۆ ئەوەی بتوانم سەری وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە.

*** سەرکەوتن چ مانایەك دەبەخشێ لای تۆ؟**

- بەبێ ماندوو بوون و بەردەوامی سەرکەوتن مانای نییە.

*** زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین لە بەشێك لە پاڵەوانێتییەکاندا یاریزانان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری دەکەن؟**

- بەڵێ ڕاستە، بەڵام سوپاسی ڕاهێنەرەکانم دەکەم زۆر جار ئەو ئەرکەیان بۆمان کەم کردووەتەوە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە لەم یارییە؟**

- هیوام وایە هەموو کچێك کە بتوانێ، وەکو ئێمە بەشداریی یاریی کاراتێ بکات، بۆ ئەوەی زیاتر یارییەکی بەرچاو بێت و پێش بکەوێت و بتوانین ئەنجامی جیهانیمان هەبێت و سەری خێزان و شار و وڵاتەکەمان بەرز بکەینەوە.

*** تا چەند کچان هیوایان بە وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیە؟**

- کچان هیوای زۆریان بە وەرزش هەیە، لە بەر ئەوە لە هەوڵدان ناوەستن.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی بۆ یاریکردن؟**

- نەخێر، بەڵام ئەگەر هەشبێت من پەسەندی ناکەم.

*** کێ بەهاوکار و پاڵپشتی خۆت دەزانی؟**

- خێزانەکەم و ڕاهێنەرەکانم.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.



# گاڵتە بە نەیمار دەکرێت




لیلی پێرێرا سەرۆکی یانەی پالمێراسی بەرازیلی بەگاڵتەکردن باسی لە داهاتووی نەیمار ئەستێرەی بەرازیلی کردووە، کاتێک باسی ئەوەی لەگەڵدا کراوە ئایا یانەکەی ئامادەیە گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە مۆربکات یان نا؟

لیلی بەتووندی و گاڵتەئامێزانە بیرۆکەکەی رەتکردەوە.

ئەم سەرۆکە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکانی بەرازیلی گۆتی:

یانەکەی ئێمە سەنتەری چارەسەری پێکان نییە تاوەکو گرێبەست لەگەڵ نەیمار بکەین، نەیمار یاریزانێکی لێهاتووە، بەڵام ئێمە گرێبەست لەگەڵ یاریزانێک دەکەین سوودمان پێبگەیەنێت و دەستبەجێ بتوانێ یاریبکات.

داهاتووی نەیمار لەگەڵ یانەی هیلالی سعودی گومانی زۆری لەسەرە، بەهۆی دووبارەبوونەوەی پێکانە بەردەوامەکانی و ئەو یاریزانە لە هاوینی ڕابردوو، کە پەیوەندی بە یانە سعودیەکەوە کردووە، زۆرینەی کات لە چارەسەری پێکانە قورسەکانی بووە.

نەیمار، کە هاوینی ٢٠٢٣ پەیوەندی بەهیلالی سعودیەوە کردووە، لە مانگی دەی ساڵی رابردوو لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دووچاری پچرانی بەستەرەکانی ئەژنۆی بوو و بەهۆیەوە ناچاربوو نەشتەرگەری بکات.

نەیمار ماوەی ساڵێک لە یاریگەکان دابڕا، بەڵام لە ٢١ی مانگی پێشوو گەڕایەوە و دوای چەند خولەکێک لە یاریکردن دووچاری پێکانبووەوە و ماوەی شەش هەفتە لە یاریکردن دادەبڕێت.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە نەیمار دەیەوێت ڕیزەکانی هیلال جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە یانەی سانتۆس.

# بایرن هەوڵی نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەستێرەیەکی دەدات

یانەی بایرن میونیخ هەوڵ دەدات بە زووترین کات گرێبەستی جەمال مۆسیالای ئەستێرەی یانەکەی نوێبکاتەوە و گرێبەستێکی گەورەی خستووەتە بەردەم یاریزانەکە.

گرێبەستی جەمال موسیالا لەگەڵ یانەی بایرن میونیخ تاوەکو ساڵی ٢٠٢٦ـە و یانە ئەڵمانییەکە دەیەوێت گرێبەستەکەی تاوەکو ساڵی ٢٠٢٩ نوێبکاتەوە.

بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەڵمانیا یانەی بایرن میونیخ گرێبەستێکی خستووەتە بەردەم موسیالا بۆ نوێکردنەوەی و ئەگەر یاریزانەکە ڕازی بێت دەبێتە خاوەنی بەرزترین مووچەی یاریزانێکی ئەڵمانی لە هەموو ئەوروپا.

سەرچاوەکە بڕی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد، کە بایرن وەك مووچەی ساڵانە بۆ یاریزانەکەی ئامادەکرد و بریتییە لە ٢٥ ملیۆن یۆرۆ.

لە ئەگەری نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕازی بێت، جەمال لەو ماوەیە بڕی ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ لە یانەکە وەردەگرێت.

جەمال مۆسیالا تەمەنی ٢١ ساڵە، ١٧٧ یاریی بۆ بایرن میونیخ کردووە و خاوەنی ٥٢ گۆڵ و ٣٥ ئاسیستە بەهای ئێستای لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان ١٣٠ ملیۆن یۆرۆیە.



# بەرشلۆنە و ڕیاڵ ڕکابەری لەسەر یاریزانێک دەکەن

یەکێک لە ئامانجەکانی یانەکانی ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە بڕیار لەبارەی داهاتووی خۆی دەدات.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن جۆناتان تا بەرگریکاری یانەی بایرلیڤەرکوزن یەکێک لە ئامانجەکانی یانە گەورەکانی ئەوروپایە وەکو ڕیال مەدرید، بەرشلۆنە، بایرن میونیخ و چەند یانەیەکی ئینگلیزی.

یاریزانەکە بڕیاری داوە گرێبەستەکەی لەگەڵ بایرلیڤەرکوزن نوێنەکاتەوە سەرەڕای ئەوەی پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی خولی ئەڵمانیا کار بۆ ڕازیکردنی دەکات بۆ ئەوەی لە یانەکە بمێنێتەوە.

یاریزانەکە لە گواستنەوەی زستانەدا گفتوگۆ لەگەڵ ئەو یانانە دەستپێدەکات، کە ڕکابەری لەسەر گواستنەوەی دەکەن.

بەرشلۆنە لە گواستنەوەی هاوینی ڕابردوودا گرێبەستێکی پێشکەشی یاریزانەکە کردبوو، بەڵام یانەکەی ڕەتیکردەوە ئێستا یاریزانێکە یەکێکە لە ئامانجەکانی ریال مەدرید بەتایبەت دوای ئەوەی ئێدیر مێلیتاو تووشی پێکانبوو.

جۆناتان تا، تەمەنی ٢٨ ساڵە، گرێبەستەکەی لەگەڵ بایرلیڤەرکوزن لە هاوینی ٢٠٢٥ تەواو دەبێت، ئێستا لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزاناندا نرخەکەی دەگاتە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ.



# هەندرێن بووە پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی عێراقی

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی لەسەر ئاستی یانەکانی عێراقی، یەکێتیی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی عێراقی و بە هاوکاریی لقی هەولێری یەکێتییەکە، لە قەزای شەقلاوە پاڵەوانێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی عێراقی بۆ ئاستی کچان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئەنجام درا، لەم پاڵەوانێتیەشدا ژمارەیەك لە یانەکانی شارەکانی کوردستان و عێراق بەشدارییان کرد و بەشی زۆری یاریزانانی شارەکانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە کێبڕکێی یانەکان و یاریزانانی عێراقیان دەکرد، لەم ناوەشدا کچە یاریزانانی کوردستان بە ئاست و ئەنجام لە کێشە جیاوازەکاندا کیبڕکێیان دەکرد و توانیان کۆنترۆڵی ئەنجامە باشەکانی پاڵەوانێتییە بکەن، لەم بارەشەوە دکتۆر ئیسماعیل مەولود ئەندامی یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئەم پاڵەوانێتییەمان ئەنجام دا، لە گشت ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بوو، ئامانجیشمان زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە بوو و ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی شارەکانی کوردستان بەشدارییان کرد، بەرنامەی ئەوەشمان هەیە زیاتر گرنگی بەم یارییە بدەین، لە داهاتوودا هەرچی پێویست بێت بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئەم یارییە ئەنجامی بدەین».

شایانی باسە ئەنجامەکان بەم شێوەیە بووە:

١- یانەی هەندرێن ٧٧١خاڵ

٢- پێشمەرگەی سلێمانی٤٤٩خاڵ

٣-زانکۆی جیهان ٢٧١خاڵ



# یاریزانێکی کورد سکاڵا لەسەر یانەیەکی عێراقی تۆمار دەکات



هەر چەندە یانەکانی عێراقی بەردەوام چاویان لە سەر یاریزانە کوردەکانی شارەکانی کوردستانە، بەڵام هەندێك جار ڕێککەوتنی نێوان یاریزانان و یانەکان وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، ئەیسەر قاسم یاریزانی پێشووی یانەی دهۆك لە دەستپێی خولی ئەستێرەکانی عێراقی گرێبەستی لەگەڵ یانەی قاسمی شاری بەغدا مۆر کرد، بەڵام بەر لە دەستپێکی یارییەکانی خولەکە ناوی سڕاوەتەوە و دوور خراوەتەوە لە پێکهاتەی یانەکەی، بێ ئەوەی مافە داراییەکانی پێ بدەن، لەم بارەشەوە ئەیسەر قاسم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لە دەستپێکی خولی بژاردەکانی عێراقیدا گرێبەستم لەگەڵ یانەی قاسم مۆر کرد، بۆ ئەوەی لە خولی ئەستێرەکانی عێراقیدا یاری بکەم، بەڵام لە دوا ساتەکان پێیان ڕاگەیاندم کە ناوم لە لیستی یاریزانانندا نییە، بۆیە منیش وەکو مافی خۆم سکاڵا لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراقی تۆمار دەکەم لەسەر یانەی ناوبراو، هەرچەندە ویستم لە دادگای فیفا سکاڵا تۆمار بکەم، بەڵام گوتیان ئەوە گرفتی ناوخۆییە و پێویستی بە دەرەوە نییە، پێویستە لەسەر یەکێتی تۆپی پێی عێراقی ڕێکارەکان ئەنجام بدات بۆ ئەوەی داوای مافی خۆم بکەم، هەوڵ دەدەم مافەکانم دەستەبەر بکرێ بە هیوای ئەوەی قەرەبوو بکرێمەوە، لە بارەی یاریکردنیش لە خولی نایابی کوردستانی ئەیسەر قاسم گوتی: «من گرێبەستم زۆر بۆ هاتبوو لە یانەکانی کوردستان، بەڵام من لە ناو یانەکان یانەی هەندرێنم هەڵبژارد، حەزم دەکرد خزمەتی ئەو یانەیە بکەم و هەرچی لە توانامدابێت پێشکەشی ئەو یانەیەی بکەم و بتوانم ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم».

# هەشتەمین پاڵەوانێتی کۆنفۆتا بەڕێوە دەچێت



لە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران بڕیارە لە ٢٨ی ئەم مانگە هەشتەمین پاڵەوانێتیی کۆنفۆتای نێو دەوڵەتی، ژمارەیەك لە یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان و یاریزانانی هەریەك لە وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا بەشداری کێبڕکێیەکانی ئەم هونەرە جەنگییە بکەن، ئەم پاڵەوانێتییە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییە و چەندین یاریزانی ئاست بەرز لە کێشە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، ئەم پاڵەوانێتییە وەکو ئیڤینتێك بەڕێوە دەچێت. لە بارەی ئامادەکاریی یاریزانە کوردەکانیشەوە ڕاستی مەحمەد یاریزانی کوردی ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو یاریزانێکی کورد بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە گرنگەی کۆنفۆتای نێودەوڵەتی دەکەم، ماوەی چوار مانگە لە مەشقی بەردەوامدام بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم، چەندین یاریزانی ئاست بەرز بەشداریی ئەو پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییە دەکەن لە سەر ئاستی وڵاتانی دەوروبەر، منیش دەمەوێ وەکو کوردێك ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و لەم پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەدا سەری خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە».

# گلیسریدە سیانییەکان



چەوریی گلیسریدە سیانییەکان Triglycerides جۆرێکە لە چەوریيەکانی خوێن، زۆربەی چەورییە خۆراکییەکان لە جۆری گلیسریدە سیانییەکانن، بۆنموونە زەیتی خۆراك، کەرەی سرووشتی، کەرەی دەستکرد، شیر، گۆشت، هەروەها کالۆریی زیاد لە خۆراکی وەکو کاربۆهیدراتی سادە، شەکر، نانی سپی، هەویرکاری، لەگەڵ شیرینی لە لەشدا دەگۆڕێن بۆ گلیسریدە سیانییەکان کە لە ناو چەورییە خانەکاندا خەزن دەکرێت. پێش پشکنینی خوێن بۆ ئاستی گلیسریدە سیانییەکان پێویستە کە بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر هیچ خۆراکێك نەخورێت، بەمەش ئەنجامی دروست دەردەکەوێت. پێویستە کە ئاستی ئاسایی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا کەمتر بێت لە ١٥٠ملگم/ دێسیلیتر، لەمە زیاتر بە ئاستی بەرز هەژمار دەکرێت، کە بە تێپەڕبوونی کات ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك بەرز دەکاتەوە. خۆراکی ناهاوسەنگ، ئەلکهول، کەمیی جووڵە و زیاد دانیشتن، قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی گورچیلە، لەگەڵ نەخۆشیی جگەر هۆکاری سەرەکین بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی گلیسریدە سیانییەکان.

## نیشانەکانی کەم



کانزای کالسیۆم زۆر گرنگە بۆ تەندروستیی ئێسك، گرژبوونەوەی ماسوولکە، مەیینی خوێن، هەروەها گەیاندنی نێوان مێشك و دەمارەکان بۆ هەموو بەشەکانی لەش. کەمیی کالسیۆم Hypocalcemia واتە کەمبوونەوەی ڕێژەکەی لە خوێندا کە

# چەند نیشانەیەکی نائاسایی خەمۆکی

خەمۆکی Depression بریتییە لە دابەزینی مەزاج کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر هزر و بیرکردنەوە لەگەڵ گۆڕان لە هەست و ڕەفتاردا. زۆربەمان بە نیشانە باوەکانی خەمۆکی ئاشناین، بۆنموونە هەستکردن بە دڵتوندی، ڕەشبینی، نائومێدی، ناڕەحەتیی دەروونی، هەروەها نەمانی حەز و ئارەزوو بۆ زۆربەی چالاکییەکان یان وەرنەگرتنی چێژ لە شتە خۆشەکان، بەڵام جگە لەم نیشانانە خەمۆکی زۆر جار نیشانەی دیکەی دەبێت، کە لەوانەیە پێیان ئاشنا نەبین وەکو: زیاد بازاڕکردن کە لەژێر کۆنترۆڵدا نییە، بیرچوون لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ Cortisol، زیاد بەکارهێنانی ئینتەرنێت، زیاد خواردن و زیادبوونی کێشی لەش، ئازاری پشت، زیادەڕۆیی لە هەست و هەڵوێستەکاندا، زیاد خواردنەوەی ئەلکهول، پەیوەستبوون بە قومارکردن، جگەرەکێشان و نەبوونی توانا بۆ وازهێنان، فەرامۆشکردن یان گرنگی نەدان بە پێویستییە کەسییەکان، بەتایبەتی تەندروستی و خۆپاراستن.



## ــــــــــیی کالسیۆم لە لەشدا

حاڵەتێکی باوە و نیشانەکانی بریتین لە: ئازاری ماسوولکە، بەتایبەتی لە دەست و پێیەکاندا کە هاوکات دەبێت لەگەڵ هەستکردن بە تەزین، هەستکردن بە بێهێزی و ماندووبوونی لەش، گرفت لە قووتدانی خۆراک، دابەزینی پەستانی خوێن لە ئەنجامی فراوانبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن، ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ، لاوازبوونی ئێسک لەبەر کەمبوونەوەی چڕی و کانزاکانی ئێسک، ئەمەش ئەگەری شکانی ئێسک هەتا بە زەبری سادەش زیاد دەکات، ناڕەحەتیی دەروونی، خەمۆکی، پەستی، زیادبوونی ئەگەری ئازار و گرژییەکانی پێش دەستپێکی سووڕی مانگانە PMS لە ئافرەتدا، زیادبوونی ئەگەری ڕوودانی پەرکەم Seizure، تەنکبوون و زبربوونی قژ هەروەها وشکبوونی پێست، ناسکبوون و زوو شکانی نینۆکەکان.

# قاوە و سەرئێشە

بە گشتی قاوە کاریگەری دەکاتە سەر کۆئەندامی دەمار. لە ڕاستیدا، قاوە دوو لایەنانە پەیوەندیی بە سەرئێشەوە هەیە، واتە لەوانەیە بۆ هەندێك کەس وورووژێنەر بێت بۆ سەرئێشە، لەوانەشە بۆ هەندێك کەسی دی سەرئێشە سووك بکات. ئەمە ڕوونە کە پێکهاتەی سەرەکی و گرنگ لە قاوەدا کافائینە Caffeine کە وورووژێنەرە بۆ کۆئەندامی دەماری مەرکەزی و ئاستی ئاگایی Alertness بەرز دەکاتەوە، هەروەها کافائین پەیوەندی بە سەرئێشەوە هەیە. ماددەی کافائین هۆکارە بۆ تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن کە دەگەنە مێشك، بەمەش سەرئێشە سووك دەبێت یان نامێنێت، کەچی لە لایەکی دیکەی نەخواردنی قاوە یان دابین نەکردنی ماددەی کافائین لەو کەسانەی کە ڕۆژانە قاوە دەخۆنەوە، هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی سەرئێشە، لێرەدا کەمیی ماددەی کافائین بە چەندین ڕێگە وورووژێنەر دەبێت بۆ فراوانبوونەوەی ئەو بۆرییانەی خوێن کە دەگەنە مێشك، بەمەش ئازار لە ناوچەی سەردا دەست پێدەکات.



# هۆکارە سەرەکییەکانی جەڵتەی مێشک



جەڵتەی مێشك Stroke واتە نەگەیشتنی خوێن بە بەشێکی مێشك لە ئەنجامی گیرانی خوێنبەرێك یان لیککردن یان درانی (تەقینی) خوێنبەر، کە دەبێتە هۆی خوێنبەربوون لە بەشێکی مێشکدا. خانەکانی مێشك بە نەگەیشتنی خوێن واتە نەگەیشتنی ئۆکسجین بۆ ماوەی چەند خولەکێك تووشی مردن دەبن. گرنگترین هۆکارەکانی جەڵتەی مێشك: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت، جگەرەکێشان، بەساڵاچوون بۆنموونە پاش تەمەنی ٥٥ ساڵی هەر ١٠ ساڵ جارێك ئەگەری ڕوودانی جەڵتە تا دوو هێندە زیاد دەبێت، بوونی مەیلی خێزان بۆ نەخۆشیی شەکرە یان بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، کێشی زیادی لەش و قەڵەوی، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، بۆنموونە: دەرمانی دژی مەیینی خوێن یان دەرمانە هۆرمۆنییەکان کە بۆ ئافرەتانی پاش تەمەنی وەستانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانە بەکار دێن، هەروەها نەخۆشییەکانی دڵ بەتایبەتی گرفت لە زمانەکانی دڵ، لەرەی گوێچکەڵەی دڵ AF، نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ، لەگەڵ ڕەقبوونی خوێنبەرەکانی دڵ CHD.

# مەشقی وەرزشی سوودی نابێت لەگەڵ زیاد دانیشتندا


ڕاستە کە مەشقی وەرزشی سوودی زۆری بۆ تەندروستی هەیە، بەڵام هیچ سوودی نابێت کە هاوکات بێت لەگەڵ زیاد دانیشتن بە درێژایی ڕۆژ، یان زیاد دانیشتن بەدیار تەلەفزیۆن لەکاتی شەودا. بە مەشقی وەرزشی لە زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتەدا، سووڕی خوێن لە هەموو بەشەکانی لەشدا لە ئاستێکی زۆر باشدا دەبێت، بەڵام ئەگەر هاوکات نەبێت لەگەڵ جووڵە و چالاکیی فیزیکیی ڕۆژانەدا، بە مانایەکی دیکە ئەگەر هاوکات بێت لەگەڵ زیاد دانیشتن و کەمی جووڵە و کەمیی چالاکیی فیزیکیدا، ئەوا ئەگەری دروستبوونی تۆپەڵی بچووکی مەییوی خوێن Blood clots لە ناو بۆرییەکانی خوێندا زیاد دەبێت. لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە زیاد دانیشتن و کەمیی جووڵە و چالاکیی بەدەنی، ئەگەری مەیینی خوێن لە ناو بۆرییەکانی خوێن لە قاچەکاندا بەرزدەکاتەوە کە مەترسی دەخاتە سەر ژیان. جووڵەی ماسوولکەی قاچ زۆر گرنگە بۆ گەڕاندنەوەی خوێن لە خوێنهێنەرەکانی قاچەوە بۆ دڵ، ئەگەر قاچەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك نەجووڵێندرێن، ئەوا ئەگەری مەیینی خوێن لەناو خوێنهێنەرەکانی قاچدا بەرزدەبێتەوە.






## کۆمپیوت

سەردەمی کۆمپیوتەرە گەورە و قەبەکان بەسەرچووە، ئێستا سەردەمی بەهێزی و قەبارە بچووکی ئامێرەکانە. کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان کە شوێنێکی زۆریان دەگرت و دەنگە دەنگێکی زۆریان هەبوو باوی نەماوە. کۆمپیوتەری جۆری KAMRUI AMR5 یەکێکە لە کۆمپیوتەرە بچووکەکان و بە توانا و تایبەتمەندییەکی



## ماوسێکی ئەنگوستیلە پاڵپشت بە زیرەکیی دەستکرد



ساڵی ٢٠١٨ بیرۆکەی دروستکردنی ماوسێك هاتە گۆڕێ کە وەك ئەنگوستیلەیەك لە پەنجە بکرێت و هەمیشەش لە پەنجە دابێت نەك ئەوەی کە دوای تەواوبوونی ئەرك لەسەر کۆمپیوتەر دەربێت، بەڵکو وەك ئەنگوستیلەیەکی جوانیش لە پەنجە بکرێت.

ئەمساڵ بیرۆکەکە بوو بە ڕاستی و ئەنگوستیلەی جۆری padron ring بەرهەم هات. ماوسەکە لە پەنجەی شادە دەکرێت و لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، بە جوڵەی پەنجەکە هەمان ئەرکی ماوس ئەنجام دەدات. پێویستی بە دۆشکچەیەکی بچووك نییە لە ژێری دابندرێ بەڵکو تەنیا جووڵەی پەنجەیە. هیچ دوگمەیەکی نییە، بۆ کلیك کردن بەکارهێنەر پێویستە پەنجەی لەسەر شتێك دابگرێت، بۆ سووڕاندنی هێمای ماوسەکە بۆ هەر لایەك پێویستە پەنجەی بسوڕێنێت. بۆ گەورە کردن و بچووك کردنەوە پێویستە کلیلی ctrl لەسەر کیبۆرد دابگری و پاشان پەنجەت بەرەو سەرەوە ببەی.

## خزمەتگوزارییەکی گوگڵ دەستنووس دەکاتە دیـ



گوگڵ لەم دواییەدا خزمەتگوزاری InkSight خستەڕوو کە بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت دەقە دەستنووسەکانی خۆی بکاتە دیجیتالی، بەڵام چونکە خزمەتگوزارییەکە لەسەرەتادایە و جارێ پشتیوانی لە زۆربەی زمانەکان ناکات و تەنیا لەو زمانانە دەکات کە بە پیتی لاتینی دەنووسن. تەکنەلۆژییە نوییەکە شوێنی سکانی تیشکی واتە OCR دەگرێتەوە. تایبەتمەندییەکی نوێی ئەو تەکنەلۆژییە ئەوەیە کە دەکرێت دەقەکان جارێکی دیکە بکاتەوە دەستنووس. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کاتێك دەستنووسێکی پێدەدەی، ئەگەر هەڵەیەکی ڕێنووسی تێدابێ هەڵەکە ڕاست دەکاتەوە لەسەر هەمان جۆری دەستنووس. ئەمە وا دەکات دەستنووسە کۆنەکان جارێکی دیکە بخوێندرێنەوە و وەك خۆیان نوێ بکرێنەوە. تەکنەلۆژییەکە جارێ لە قۆناغی تێست دایە و

## ـــەرێکی بچووک و بەهێز

بەهێزەوە.

کۆمپیوتەری ناوبراو ٨ ناوەکییە، خێراییەکەی ٤,٣ گێگاهێرتزە. وزەیەکی زۆر کەمی پێویستە بۆ کار پێکردن. ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە، هاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتە، بەڵام پشتیوانی لە SSD دوو ترابایتی دەکات. هەموو ئەو کەلێن و پۆرتانەی کە پێویستن لە کۆمپیوتەرێکی مەزندا لەو کۆمپیوتەرە بچووکەدا هەن. بۆ کاری گرافیك و سەیرکردنی فیلم و کاری ئیداری گونجاوە. خێراترین سیستەمی ئینتەرنێت و پەیوەندی هەیە واتە وای-فای ٦ و بلوتوسی ٥ و هەروەها کێبڵی خێرای گواستنەوەی داتاکان.



## کیبۆردێکی هەمە کارە

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان ئەرکەکەی ئەوەیە بەهۆی دوگمەکانە کاری تایب و فەرمانەکان جێبەجێ بکات، لەم دواییەدا کیبۆردێکی ناوازە بەرهەم هاتووە کە نە تەنیا ئەرکی تایب کردن و فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، بەڵکو چەندین ئامێری دیکەش هەر لەناو کیبۆردەکە دایە، بۆ نموونە سپیکەر واتە بڵندگۆی تێدایە، مایکرۆفۆنی هەر لەناو کیبۆردەکە دایە، هاپێکە بۆ بەستنەوەی ئامێرەکان بە کۆمپیوتەرەوە. چەند دوگمەیەکی تایبەتی لەسەرە کە لە هیچ کیبۆردێکیدا نییە، دوگمەیەکی ڕێکخستنی دەنگ و ڕەنگ و کارئاسانی لە پرۆگرامەکان.

کیبۆردەکە بە جۆری AK01 ناسراوە، دیزاینێکی ئۆرگۆنۆمیکی هەیە واتە بەکارهێنەر لەکاتی تایب کردندا تووشی ئازاری جومگەکان نابێت. بۆ یاری ئەلکترۆنی و هەروەها بۆ وێبنار و کۆڕە ئۆنلاینەکان تایبەتمەندی خۆی تێدایە. لەگەڵ سیستەمی ویندۆز و ماك و مۆبایل دەگونجێت. کێشی کیلۆیەك و پەنجا گرامە، دوو ڕەنگی ڕەش و سپی هەیە و بە هۆی سیستەمی بلوتوسی پێنجەوە لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت.



## جیتالی

گروپی بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژی InkSight دەڵێن هەتا ٪٨٠ لە کارەکەیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. هەروەها ڕایدەگەیەنن ٪٦٧ دەستنووسە کۆنەکان کە مرۆڤ توانای خوێندنەوەی نەبووە ئەو سیستەمە نوێیە دەتوانێت بیخوێنێتەوە.






# کاتژمێری زیرەکی تایبەت بە منداڵان

کاتژمێری زیرەک کە ئێستا وەك جێگرەوەی مۆبایل سەیری دەکرێت، بۆ منداڵان گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بەشێك لەو کاتژمێرانە سیستەمی GPSیان تێدایە و بەهۆیەوە دایك و باوکان شوێنی دروستی منداڵەکانیان دەزانن و بە دوایاندا ناگەڕێن.

کاتژمێری زیرەکی جۆری tick talk 5 یەکێکە لەو کاتژمێرانە، چەندین تایبەتمەندی تێدایە کە هاوکارێکی باشە لە نێوان دایك و باوك و منداڵاندا.

کاتژمێرەکە بەبێ ئەوەی پەیوەند بدرێت بە مۆبایلەوە دەکرێت پەیوەندی دامەزرێنێ، لەگەڵ سیستەمی وای-فای پەیوەند دەدرێت، توانای دامەزراندنی پەیوەندی دەنگ و ڕەنگی هەیە. سیستەمی پەیوەندی هۆشیارکردنەوە تێدایە منداڵان لەکاتی مەترسیدا دەتوانن دەست بە دوگمەیەك دابگرن و دەستبەجێ تیمی فریاگوزاری بگاتە لایان. دایك و باوکان دەتوانن لە دوورەوە پەیوەندییە نەخوازراوەکان کۆنترۆڵ بکەن ژمارە نەناسراوەکان بلۆك بکەن. کاتژمێرەکە تۆز و خۆڵ و ئاوی تێناچێت. کامێراکەی ٥ میگاپیسکلە بۆ منداڵان بەسە و دەتوانن وێنە و فیلمی پێبگرن، سیمکارتی دەچێتە سەر. زیاتر بۆ منداڵانی سەرووی ٨ ساڵی گونجاوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت نازانم بۆچی هیچ لە دوگمەکانی فەرمان لە word و excel دا کار ناکەن. واتە کاتێك دوگمەی Ctrl+C لێدەدەم کۆپی نابێت ڕێگا چارە چییە؟**

بەڕێز بۆ باشکردنی ئەو فەرمانانە سەرەتا بچۆ سەر بەشی file و لە بەشی options فەرمانی langue دابگرە و دەبێ ئەو بەشە لەسەر English بێت. ئەگەر بەوە چارەسەر نەبوو هەر لە بەشی options بچۆ سەر بەشی customize ribbon و لەوێ لە بەشی Rest هەموو فەرمانەکان Rest بکەوە واتە Rest All لێبدە. دوا ڕێگا چارە ئەوەیە بچی سەر بەشی control panel و لەوێدا بەشی Administrative Tools بدۆزەوە و لەوێدا بەشی Services بدۆزەوە و دواتر Office Source engine ئەو بەشە ببینەوە و بە داگرتنی دوگمەی لای ڕاست فەرمانی Start لێبدە بە دڵنیاییەوە چاك دەبێتەوە.

# لاپتۆپی سێ شاشەیی

**لاپتۆپ تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی کەم کردووە، چونکە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم بۆ کارکردن پێویستی بە وزەی کارەبا نییە. کێشەیەك کە کۆمپیوتەری لاپتۆپ هەیبێت ئەوەیە کە شاشەکەی بچووکە، بۆیە بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ چارەسەری ئەمەیان بە بەرهەمهێنانی ئامێری سێ شاشەی TriCre-ate کەم کردۆتەوە. سێ شاشە لەسەر ستاندێکی تایبەت کە بەهۆی کێبڵەوە لەگەڵ لاپتۆپ پەیوەند دەدرێت. شاشەی ناوبراو ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێت و هەرکام لە شاشەکان کە ١٧ ئینجن دەکرێت پرۆگرامێکی تایبەتی لەسەر دابندرێت و بۆ ئەرکێکی تایبەتی تەرخان بکرێت. شاشەکە لە ڕێگای کێبڵی tab Cیەوە لەگەڵ گشت ئامێرەکانی وەك تیڤی، مۆبایل و لاپتۆپ و دیسکتۆپ پەیوەند دەدرێت. بۆ هەردوو سیستەمی ویندۆز و ئای ئۆ ئێس دەبێت. کێشی هەموو شاشەکان پێکەوە سێ کیلۆ دەبێت.**






# درۆنێک بۆ ناو دەریا و ڕووبارەکان

هەتا ئێستا دیتوومانە درۆنەکان هەر بە هەوادا دەفڕین و ئەوانەی کارکردی سوپاییان نییە و بۆ مەیدانی شەڕ بەکار نایەن، بۆ فیلم هەڵگرتنەوە و جاری واش هەیە بۆ گواستنەوەی باری بچووك سوودیان لێوەردەگیردرێت.

درۆنی جۆری powerDolphin پێچەوانەی درۆنەکانی دیکە لە ژێر ئاودا دەڕوات، ئەرکی ئەوەیە فیلم بە کوالیتی 4K هەم لە ژێر ئاو و لەسەر ئاو بگرێت، هەروەها بۆ کاروباری زانستی و لێکۆڵینەوە سوودی لێوەردەگیرێت. ماسیگرەکان بۆ دۆزینەوەی شوێنی ماسی سوودی لێدەبینن، جگە لەوە بۆخۆشی بە هۆی ئەوەی چەندین قولابی تێدایە دەتوانێت ماسی بگرێت. لە ڕێگای دوورەوە بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێت و بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە و فیلمەکان لەسەر مۆبایل ببینێت. کێشی دوو کیلۆ و سێ سەدگرامە و قەبارەکەی نیومەترە.. دوو ڕەنگی ڕەش و سپی هەیە.



## ماڵپەڕی زیرەکیی دەستکرد بۆ کورتکردنەوەی ڤیدیۆ

ئەوانەی یوتیوبەرن و بەردەوام گرتەی ڤیدیۆیی لە هەر بوارێکدا بێت لە یوتیوب یا یەکێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو تیك تۆك یا ئینستاگرام بڵاودەکەنەوە، پێویست دەکات ڤیدیۆکانیان کورت بکرێنەوە. دەکرێت لە ڕێگای پرۆگرامەکانی مۆنتاژی فیلمەوە ئەو کارە بکرێت، بەڵام کاتێکی زۆر دەخایەنێت. ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد بەناوی klap AI بەو مەبەستە بەرهەم هاتووە. کاتێك لە ماڵپەڕەکەدا هەژماری تایبەت بەخۆت کردەوە، دەتوانی لینکی ڤیدیۆکەی بدەیەی و ئەویش دەستبەجێ کورتی دەکاتەوە بە جۆرێك هەست پێناکرێت. بەکارهێنەر دەتوانێت مەودای فیلمەکە خۆی دیاری بکات. دەتوانیت قەوارەی بەرزی و درێژی ڤیدیۆکەش دیاری بکەیت و هەروەها ژێرنووسیشی بۆ دابندرێت.

# پرۆگرامێکی نوێی ئەندازیارانی بیناسازی

جیهانی تەکنەلۆژیای نوێ یەکێك لەو بوارانەی کارئاسانی تێدا کردووە بواری ئەندازیارییە بەگشت بوارەکانییەوە، بەتایبەتی بواری بیناسازی. گەلێك پرۆگرام هەن ئەرکیان ئەوەیە هاوکاری و یارمەتی ئەندازیارانی بیناسازی بدەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی SketchUpە. ئەندازیاران دوای ئەوەی پلانەکانیان بە تیۆری خستەڕوو دەبێت بەشێوەی پراکتیکی و سێ ڕەهەندیش واتە 3D بەر لە دەستپێکردن ببیندرێن و بۆچوونیان لەسەربدرێ. پرۆگرامی ناوبراو بە ئاسانترین شێوە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت دیزاینی بینا، خانوو و شوقە، بەلەم و هەر شتێك کە مەبەستیان بێت دیزاین بکەن. پێچەوانەی پرۆگرامەکانی دیکە لە کۆمپیوتەرێکی سیستەم لاوازیشدا سوودی لێوەردەگیردرێت. تواناکانی گەلێکن، بۆ نموونە گۆڕینی 2D بە 3D و هەروەها توانای دروستکردنی دیزاینی چەند لایی و دانانی ئەو شتانەی لە دروستکردنی بینادا پێویست دەکات وەك دار و پرد و پارك و..تاد. توانای سەیرکردنی ناوەوەی بیناکە هەروەها هێنانی وێنەی پێویست بۆ بیناکە و زۆر تایبەتمەندی دیکەش...







# خشڵی نەخشێندراو بە بەردی سەوز دیمەنێکی زیندووت پێ دەبەخشێت

ڕەنگی سەوز لە زێڕینگەرییەکاندا هێمای سرووشت و زیندوویێتییە، هەروەها بە یەکێك لەو ڕەنگە گەرمانە دادەنرێت کە لەگەڵ کەشوهەوای وەرزی پایزدا دەگونجێت، بەو پێیەی لەگەڵ سێبەری سپی و بێجی، ڕەش و زێڕین، و ڕەنگەکانی دیکەدا دەگونجێت ئاسانە بۆ هەماهەنگکردن.
ڕەنگی سەوز بە توانای هێورکردنەوەی باری دەروونی و بەرزکردنەوەی هەستە ئەرێنییەکان ناسراوە، بۆیە پۆشینی خشڵ و زێڕینگەری کە بە بەردی سەوز نەخشێندراوە، دەتوانێت هەستی گەشبینی و ئارامیی دەروونیت بەرز بکاتەوە.
خشڵ و زەڕەنگەری بە بەردی سەوز ڕەنگدانەوەی کارەکتەرێکی ناوازەیە، ئەمەش وا دەکات لە کاتی بەکارهێنانیدا ببیتە جێگەی سەرنجی هەمووان، بەتایبەتی بەردی بریقەدار.
ملوانکەی بلایز: ئەمەیان چەندین بەردی بەنرخی سەوز تێکەڵ دەکات، کە لە سێبەر و بریقەدا جیاوازن و لە زێڕی سپیی عەیار ١٨ دروست کراوە، هەروەها بەهۆی دیزاینە جیاوازەکانی بەردەکانەوە کە دوو یاقوتی سەوز لەخۆدەگرێت، سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# ڕێگەکانی بەکارهێنانی زەیتی نەعنا

ئەگەر بەدوای ڕێگەیەکی سرووشتیدا دەگەڕێیت بۆ زیادکردنی زیندوویی و بریقەداری بۆ قژت، یان تووشی کێشەی وەك قژهەڵوەرین بوویت، زەیتی نەعنا تەنیا تامێکی تازەگەری نییە بۆ خواردنەکان، بەڵکو گەنجینەیەکی بەسوودیشە بۆ قژ.
لێرەدا چەند ڕێگایەکی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی زەیتی نەعنا بۆ قژ دەخەینە ڕوو:
زەیت بۆ مەساجی پێستی سەر: زەیتی نەعنا و زەیتێکی هەڵگری وەك زەیتی گوێزی هیندی یان زەیتی زەیتون بهێنە،٢-٣ دڵۆپ زەیتی نەعنا لەگەڵ دوو کەوچکی چێشت زەیتی هەڵگر تێکەڵ بکە، بە تێکەڵەکە بە نەرمی مەساج بۆ پێستی سەرت بکە بۆ ماوەی ٥-١٠ خولەك، پاشان بۆ ماوەی ٣٠ خولەك بەجێی بهێڵە، دواتر قژت بە شامپۆ بشۆ.



تێکەڵەی زەیتی نەعنا لەگەڵ شامپۆ یان کۆندیشنەر
**٢-٣** دڵۆپ زەیتی نەعنا زیاد بکە بۆ بڕی ئەو شامپۆ یان کۆندیشنەرەی کە بەکاری دەهێنیت، وەك هەمیشە و کاتی ئاسایی بەکاری بهێنە، سوودەکانی بەرهەمەکە بەرز دەکاتەوە، هەروەها یارمەتی باشترکردنی تەندروستیی پێستی سەر و قژ دەدات.



# دەستە جلی ڕەش و سپی

بۆ بەدەستهێنانی جەستەیەکی باریك، ئەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

جلی چیندار بۆ خانمانی باریك: چونکە وا پیشان دەدەن کە جەستە فراوانترە لەوەی کە هەیە، تەنیا ئاگاداربە لە کاتی هەڵبژاردنیدا ناکرێت شانەکان فراوان بن و بەشی خوارەوەی جەستە باریك بێت، بۆیە پۆشاکێك کە بە تەنوورەیەکی چیندار دیزاین کراوە زیاتر بۆ تۆ گونجاوە، چونکە چارەسەری کێشەکە دەکات.

نەخشی ورد لەگەڵ بووکە باڵا کورتەکاندا دەگونجێت: هەڵبژاردنی نەخشی گونجاو بۆ شێوەی جەستەت خۆی لە خۆیدا هونەرە، بۆ نموونە بۆ خانمانی باڵا کورت وا باشترە کە جلەکانیان چاپی بچووك و وردیان لەسەر بێت، نابێت نەخشی زۆر و دروومانی گەورەی پێوە دیار بێت، چونکە وا دەکات کورتتر دەرکەویت.

مۆدی یەخەی بەرز بۆ سنگێکی گەورە گونجاو نییە: چونکە ئەو بڕوایە دەبەخشێت کە ئەو کەسەی لەبەری دەکات شانەکانی پان و سنگی پڕە، بۆیە بۆ بووکێکی ناسك گونجاوترە مۆدێلی یەخەی خڕ لەبەر بکات، بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی دەستگیرانداریدا بە جەستەیەکی تەواو پڕەوە دەربکەوێت.



# دوورگە و وڵاتی پشیلەکان

لەکاتێکدا زۆرێك لە شارەکان لە ڕێگەی پیادەکردنی بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی ئاژەڵە ماڵییە وێڵەکانەوە، کار لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی پشیلە وێڵەکان دەکەن، تاکە شوێنێك هەیە کە تێیدا بە بەردەوامی ژمارەی پشیلەکان لەزیادبووندایە و دانیشتووانی ئەو شوێنەش هانی ئەو کارە دەدەن. تاشێرۆ ـ گیما، دوورگەیەکی بچووکە لە ویلایەتی میاگی لە ژاپۆن کە بە «دوورگەی پشیلەکان» ناسراوە، لەبەرئەوەی ژمارەی پشیلەکان تێیدا لە ژمارەی دانیشتووانی دوورگەکە زۆرترە، لەکاتێکدا دوورگەکە نزیکەی ٧٠ کەس لەخۆدەگرێت، بەڵام ژمارەی پشیلەکان لەم دوورگەیە نزیکەی ١٤٠ پشیلە دەبن. لە سەدەی نۆزدەیەم ئەم دوورگەیە بەوە ناسرابوو کە ڕاوچییەکان بەر لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان شەوێك لەو دوورگەیە دەمانەوە و پشیلەکان تا هۆتێلەکان بەدوایان دەکەوتن و داوای ماسییان لێ دەکردن، بەدرێژایی کات ڕاوچییەکان هۆگری ئەم پشیلانە بوون و ئەو باوەڕەیان لا دروست بوو کە پیشلەکان پشێبینیی کەشوهەوا و شوێنی ماسییەکان دەکەن، بۆیە لایان وابوو کە پێدانی خۆراك بە پشیلە بەختی باش و سامان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەم دوورگەیە ماڵ و شوێن و باڵەخانەکان لەسەر شێوەی سەری پشیلە دروست کراوە، هەروەها دوورگەی تاشێرۆ ـ گیما، کێبڕکێی وێنە و نمایش و فێستیڤاڵی تایبەت بە پشیلە لەخۆدەگرێت.



# قاوە لە پاشەڕۆی گیانداران



ئەمە ئاژەڵی زیڤت Civetی دارخورمای ئاسیاییە، ناسراوە بە بوونەوەری Kopi Luwak کە ناوی جۆرێکی بەناوبانگی قاوەیە و، یەکێکە لە نایابترین قاوەکانی جیهان لە پاشەڕۆی ئەم ئاژەڵە دروست دەکرێت، پاشان وشك دەکرێتەوە و دەبرژێندرێت، هەروەها پرۆسەی هەرسکردنی Civet تامێکی ناوازە دەبەخشێت بە قاوەکە پێش ئەوەی کۆ بکرێتەوە و پاك بکرێتەوە و ببرژێندرێن، ئاژەڵی سیڤیت لە سرووشتدا تەنیا باشترین گێلاسەکان هەڵدەبژێرێت بۆ خواردن، بەمەش کۆنترۆڵی کوالێتی سرووشتی بۆ ئەم قاوە دەگمەن و سەیرە زیاد دەکات.



# پاراستنی سەرنیشانی فرۆکە لە ڕووداوەکان



زۆربوونی ڕووداوی فرۆکەکان و گیانلەدەستدانی سەرنشینەکان، وای کردووە کە زاناکان کار لەسەر کابینەیەکی فڕۆکە بکەن بۆ پاراستنی ژیانیان، ئەمەش پێك دێت لە کابینەیەکی ورد کە دەتوانرێت لە ناو فڕۆکەکەدا لا ببرێت لە هەر کاتێکدا، لە ناوەڕاستی فڕین یان نیشتنەوەدا، ڕێگە بە سەرنشینەکان دەدات بە سەلامەتی بنیشنەوە. کابینەکە پەڕەشووتەکانی هاوپێچ کراونەتەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاتێك لە فڕۆکە جیا دەکرێنەوە.



# تابلۆیەکی هونەری لە تاڤگەی دەوژان دەبینریێ

هەڵکەوتی جوگرافیی کوردستان بە چیا و شاخەکانییەوە، وای کردووە کە چەندین دیمەن و شێواز و تابلۆی خۆڕسك و سرووشتی دروست ببن یان هەڵکەون، بوونی ئەو دیمەنانە بووتە جێگەی سەرنجی هەمووان، وەك لە وێنەکە دیارە تابلۆی ئافرەتێك دەرکەوتووە، لە بەرامبەریدا تابلۆی پیاوێك دەبینرێت. هاووڵاتییەکی ڕانییە دەڵێ لە کاتی ئێوارەدا دەمانویست وێنە بگرین، کە تاریك بوو لە بەردەم تاڤگەی دەوژان فلاشمان پێکرد، بە ڕێکەوتێکی سەیر لەبەر ڕووناکیی کامێراکان ئەم تابلۆیە بینرا، ئەمەش یەکەم جارە ئەم دیمەنە دەربکەوێت. تاڤگەکە دەکەوێتە ناحیەی ئیسێوە لە پشدەر، ئەوجۆرە وێنە خۆڕسکە و لە ئەنجامی کارلێکی کیمیایی و کلس و شێی ئەو ئەشکەوتەوە دروست بووە، ڕێکەوتە و بینینی وێنەکە بەستراوە بە وردبینی و زیرەکیی بینەرەوە، واتە وا دەرەکەوێت لە شێوەی دەموچاوێك بێت لەسەر لا، چونکە وێنەکانی مرۆڤی سەرەتایی زیاتر لە شێوەی ڕەمز و هێمادا بوون و ئەو شیکارە تەواوەی نەبووە.



# مەترسیدارترین دارە لە جیهاندا

درەختی مانچینێل وەك یەكێك لە ژەهراویترین درەختەكانی جیهان پۆلێن دەكرێت، تەنیا دەستلێدان لە لقەكەی دەبێتە هۆی سووتانی دەستت، هەروەها خواردنی میوەكانی دەتكوژێت، ئەگەر هەوڵی سووتاندنی بدەیت دوكەڵەكەی كوێرت دەكات. ئەگەر لە كاتی بارانباریندا لە ژێر ئەم درەختەدا ڕاوەستابایت و ئاوی بارانەكە بەر پێستت بكەوێت، ئەوە دەبێتە هۆی سووتانییەكی تووند و بەهێزی پێستت. مانچینێل بە شێوەیەكی سرووشتی لە ناوچەی كاریبی و ویلایەتی فلۆریدای ئەمریكا و باهاماس لە مەكسیك و ئەمریكای ناوەڕاست و باكووری ئەمریكای باشوور هەیە.



## كاریكاتێر

ئەم كاریكاتێرە باسی پاراستنی ژینگە دەكات، بە جۆرێكە داروبارەكان سواڵی قومێك ئاو بۆ گەڵاكانیان دەكەن، مرۆڤیش بێئاگایە لەو مەترسییەی بۆ سەر تەندروستی و ژیان هەیە.



## دیمەنە سەیرەكان

گیتس لەسەر ستوون
هونەری گرتنی بیرۆكەكە: بیل گەیتس لە ساڵی ١٩٩٤ پەرەی بە تەكنەلۆژیای سی دی ڕووم دا، ئەم دیسكە زیاتر لە هەموو ئەم كاغەزانەی تێدایە.

## یاسا

**ئایا ئافرەت لە چ كاتێكدا مافی هەیە داوای جیابوونەوە لە مێردەكەی بكات؟**

ماددەی (٤٣) : لە كاتی هاتنەدیی یەكێك لەو هۆكارانەی خوارەوە ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بكات:

**یەكەم:** جیابوونەوە بەهۆی بەندكردنی پیاوەكە، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاوەكە بۆ ماوەی سێ ساڵ سزا بدرێ، بە مەرجێ دەبێ ساڵێك لە ماوەی سزاكەی بەسەر چووبێت.

**دووەم:** جیابوونەوە بە هۆی وازهێنانی پیاو لە ئافرەتەكە، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاو بۆ ماوەی ساڵێك بەبێ هیچ عوزرێكی ڕەوا ژنەكەی بەجێبهێڵێت.

**سێیەم:** نەگواستنەوە بۆماڵی هاوسەری، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاو لە ماوەی یەك ساڵ لە دوای بەرواری گرێبەستی مارەبرین، داوای گواستنەوەی لە هاوسەركەی نەكرد.

**چوارەم:** جیابوونەوە بەهۆی گرفتە جینسییەكان، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاوەكە نەیتوانی كاری سەرجێی لە گەڵ ژنەكەی ئەنجام بدات.

**پێنجەم:** جیابوونەوە بە هۆی نەزۆكی، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاوەكە نەزۆك بێت و چارەسەری نەبێت.

**شەشەم:** جیابوونەوە بەهۆی نەخۆشی، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاوەكە ناساغ بێت و زیان بە ژنەكە بگات.



حەوتەم: جیابوونەوە بە هۆی دابین نەكردنی بژێوی، ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات ئەگەر هاتو پیاوەكە بژێوی ژنەكە نەدات بەبێ هیچ عوزرێكی ڕەوا، لەم كاتەدا تەنیا ماوەی شەست ڕۆژ مۆڵەت دەدرێت بە پیاوەكە.

**كاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

بەهۆی ئەو كێشانەی لە ژیانی تایبەتیتدا ڕوودەدات زیاتر هەست بە سترێس دەكەیت، گرنگ نییە لە كوێیت، لە ماڵەوە بێت یان شوێنی كارەكەت، گرنگە بتوانیت بەسەر خۆتدا زاڵ ببیت و هیچ كێشەیەك لەگەڵ كەسانی چواردەورت دروست نەكەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕەنگە تەندرووستیت كەمێك باش نەبێت، ئەگەر هەستت بە هەر كێشەیەك كرد ڕاستەوخۆ سەردانی پزیشك بكە، لە لایەنی پیشەییەوە بڕیارێكی مەترسیدار دەدەیت، بەڵام ئەستێرەی بەختت گەشاوە دەبێت، لایەنی داراییت بەهێزە.

**جمك** ٥/٢١ - ٦/٢٠

زیاتر بەختت دەبێت لە چەند ڕوویەكەوە، بەهۆی زیاتر متمانەبەخۆبوونتەوە دەتوانیت بە ئامانجەكانت بگەیت، دەتوانیت چەند بڕیارێكی گرنگ بدەیت بێ ئەوەی پەشیمانیی لە دوا بێت، دەربارەی ژیانی سۆزداریت ڕۆژێكی باش دەبێت، هەوڵ بدە هەستە ڕاستەقینەكانت بەرامبەر خۆشەویستەكەت دەربخە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێكی باش دەبێت، هەست بەدڵخۆشی دەكەیت لە هەموو ڕوویەكەوە، دەتوانیت كارەكانت بە خێرایی ئەنجام بدەیت، بەیگشتی ڕۆژێكی باش دەبێت بۆت، كاتێكی ئارام لەگەڵ خۆشەویستەكانت بەسەر دەبەیت، هەموو ئەركەكانت لە كاتی خۆیدا ئەنجام دەدەیت و هیچ نیگەرانییەكت نابێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانت بو بەرامبەر خێزانەكەت، زیاد دەكات، زیاتر هەست بە ماندوبوون دەكەیت، لە لایەنی داراییەوە هیچ بڕیارێك مەدە بێ بیركردنەوە، زیاتر وریای وشەكانت بە، بەكارهێنانی هەر وشەیەكی هەڵە دەكرێت كێشەت بۆ دروست بكات.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە چەند بیركردنەوەیەكی نەرێنی بە مێشكدا بێت، هەوڵ بدە كۆنترۆڵی هەستەكانت بكەیت، بەتایبەتی تووڕەبوونەكانت، چونكە زیانت پێ دەگەیەنێت، ڕۆژێكی باش نابێت بۆ ئەوەی هیچ چالاكییەكی نوێ ئەنجام بدەیت، ئەگەر سەرنجت لەسەر خۆراكەكانت بێت، هیچ كێشەیەكی تەندرووستیت بۆ دروست نابێت.




بۆ زانیاریت

## گازی میسان


گازی میسان CH4 یەکێکە لەگەردیلە سادە زۆر بڵاوەکان لە گەردووندا و سادەترین جۆری ئاوێتەی هایدرۆ کاربۆنییە، هەروەها بە شێوەیەکی سرووشتیی لە ئەنجامی لێك هەڵوەشان و شیبوونەوەی زیندەوەرە مردووەکان لە بنکی دەریاچەکاندا دروست دەبێت و، لە کاتی دەرهێنانی نەوت لە بیرەنەوتییەکاندا بە بڕێکی زۆر هەیە. لە نوێترین توێژینەوەدا زانایان بۆیان دەرکەوت تیشکی گاما دۆخی شلی گازی میسان aqueous-Phase دەگۆڕێت بۆ گەردیلە ئاڵۆزەکان، تا گلایسین. زانایان بۆیان دەرکەوت کە تیشکی گاما دەتوانێت گازی میسانی نێوان ئەستێرەکان بگۆڕێت بۆ گەردیلەی ئەندامیی ئاڵۆز، لەوانە بۆ ترشەئەمینیی وەك گلیسین لە بارودۆخێکی مامناوەندا. ئەم کارلێککردنە لەوانەیە ڕوونی بکاتەوە کە چۆن گەردیلەکانی پێکهێنەری ژیان لە بۆشاییدا دروست دەبن، وەکو کاردانەوەی گەردیلە سادەکان لەسەر تۆزی نێوان ئەستێرەکان. هەروەها دەرەنجامەکان پێشنیاری شێوازێکی نوێی پیشەسازی دەکەن بۆ گۆڕینی گازی میسان، کە لەوانەیە بتوانێت بەرهەمی بەهای بەرز بە وزەیەکی کەم بەرهەم بهێنێت. ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر گرنگیی تیشکدانی گاما gamma radiation لە پەرەسەندنێکی کیمیایی گەردوونی.



## پۆلیسی شاری بێڤرێلی هیلز - Beverly Hills Cop




فیلمێکی کۆمێدی و پۆلیسییە، کە تەواوکاری فیلمەکانی ئەکتەری ناودار ئیدی مۆرفییە، کۆپیی ئەم فیلمە لە ساڵانی ٢٠٠٠ نمایش کراوە و لە ئێستادا دووبارەکەی بەرهەم دەهێندرێتەوە، باس لە ئەفسەرێك دەکات بە ناوی «ئەکسل فولی» دوای گەڕانەوەی بۆ شاری بێڤرێلی هیلزی ئەمریکا، کچەکەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە و ئەویش دێتەوە ڕزگاری دەکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٨) خولەکە، لە دەرهێنانی مارك مۆلی و نووسینی ئیدوارد گراو، لە نواندنی: ئیدی مۆرفی، جۆن ئەشتۆن، تایلۆ پایج، جود ڕینهۆڵد، کیڤن بایکۆن.



## پەند و وتە

ئەندری پاول گوالیام گاید، نووسەری فەڕەنسی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، لە ساڵی ١٨٦٩ لە شاری پاریس فەڕەنسا لە دایك بووە و لە ساڵی 1951 کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی دووڕوویی دەڵێ: مرۆڤی دووڕووی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە هەست بە فێڵ و دووڕووییەکەی ناکات، بەڵکو هێندە بە جوانی درۆ دەکات کەس نازانێت ڕاستی ناڵێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ژمارەیەك هەیە، هەوڵ بدە چاوت کز بکەیت و لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ چرکەدا بزانیت ژمارەی ناو وێنەکە چەندە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەیت، پێویستە بە وردی بیری لێبیکەیتەوە، بەگشتی ڕۆژێکی باش دەبێت، لایەنی دارایيت بەهێز دەبێت، ژینگەی ماڵەوە زۆر باشە و پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت زۆر باشە، دوای ماوەیەکی زۆر دەرفەتی ئەوەت دەبێت لەگەڵیان کات بەسەر بەریت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەگەر کۆنترۆڵی تووڕەبوونەکانت بکەیت و بەڕێزەوە مامەڵە بکەیت، ئەوا کێشەت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت کەمتر دەبێتەوە، زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە زیاتر چاوت لەسەر کارەکەت بێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەگەر پلانی گەورە بۆ کارەکانت دابنێیت و لە ئەمڕۆوە ئەنجامی بدەیت، ئەنجامەکەی دڵخۆشکەر دەبێت، ژیانی تایبەتیت پڕە لە خۆشەویستی، ئەمەش وای کردووە کەمتر هەست بە سترێس بکەیت، ئەمڕۆ وزەیەکی ئەرێنیی زۆرت هەیە، باشترە کاتەکانت لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەت بەسەر بەریت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە لایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیتان لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی سەخت دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پەستانە کەم بکەیتەوە، هەوڵ بدە سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت و کارەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست بە سترێس دەکەیت، بەڵام ئەگەر کەمێك زیاتر هەوڵ بدەیت دەتوانیت تەواوی ئەو کێشانە پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتیتەوە، هەیە چارەسەریان بکەیت، بەم شێوەیە سترێست کەم دەبێتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە بۆ ئەوەی کارەکەت نەکەیتە مەترسییەوە لە کاتی تووڕەییدا بڕیار مەدە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر کۆنترۆڵی تووڕەبوونەکانت بکەیت، دەتوانیت ئەو کێشانە چارەسەر بکەیت کە لەگەڵ کەسانی چواردەورت هەتبووە، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەڕێزەوە مامەڵە بکە، زیاتر تەرخانکردنی کات دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندیی خۆشەویستیت، نیگەران مەبە بۆ ئەو کێشانەی لە لایەنی پیشەییەوە دێنە پێشت، دەتوانیت بە ئاسانی چارەسەریان بکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
November 25, 2024 Issue,No.1440

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و
متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

